# وتەیەك

کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو، جیهان گۆڕانکاری خێراو گەورەو چاوەڕواننەکراوی بە خۆیەوە بینی، وەك: ڕوخانی دیواری بەرلین و لەبەریەك هەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتێکی پانوپۆڕی وەك یەکیەتی سۆڤیەت و.. دوای ئەوانیش داگیرکردنی کویت لە لایەن عێراقەوە و بەرپابوونی جەنگی دووەمی کەنداو لە ئەنجامی ئەو داگیرکاریە لە نێوان عێراق و هێزە هاوپەیمانەکان، بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

سەروەختی ئەو ڕوداوە گەورانەی جیهان، ئیدارەی ئەمریکا بە دەست جۆرج بۆش و حکومەتە کۆماری خوازەکەیەوە بوو، جیمس بیکەری نوسەری ئەم کتێبەش لە پۆستی وەزیری دەرەوەدا بوو. بیکەر دوای تەواوبوونی ماوەی کارەکانی لە وەزارەتی دەرەوەدا دەستیکرد بە نووسینەوەی هەموو ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی خۆی، بەوانەیشەوە کە بە نهێنی و لە پشتی پەردەوە ڕوویانداوە.

ئەڵبەتە یاداشتەکانی بیکەر زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە لێرەدا خستومانەتە ڕوو، بەڵام ئێمە تەنها ئەو بەشانەمان کردۆتە کوردی کە تایبەت بوون بە کێشەی کویت و گەردەلولی بیابان لە دژی عێراق.. ئەویش لەبەر گرنگی ئەو قۆناغەو گەورەیی ئەو ڕوداوە لە ناوچەکەو جیهاندا.

لە کۆتایدا دەبێت باس لەوەش بکەین کە لە کاتی وەرگێڕاندا، چاوپۆشیمان لە هەندێ ڕستەو پەرەگراف کردووە کە شتی لابەلاو دووبارەبووەوە بووەو سودێکی ئەوتۆی بۆ خوێنەر نەبووە.

# I

# پێکهێنانی هاوپەیمانی

گەر هەوڵەکان کاریگەر نەبوو... گەر نەتوانرا بەشێوەیەکی دەستە جەمعی کاربۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەلامارە دوژمنکاریە بکرێت، ئەوا نازانم جارێکی تر دەبێت چی بکەین بۆ رێگەگرتن لەدووبارە نەبوونەوەی.

وتەیەکی جیمس بیکەر بۆ ئەدوارد شیڤەر نادزە
لەکۆبوونەوە باڵاکەی نیوان بۆش-گۆرباتشۆف،
هلسنکی- فنلەندا ٩ی ئەیلول.

باوکم پاڵەوانێکی راستەقینەی ئەمریکی بوو لەجەنگی جیهانی یەکەمدا کاتێ ئەفسەر بوو بەپلەی کاپتن لەتیمی ١٩ی پیادە کە لەفەرەنسا دەست بەکاربوو، بەهۆی ئازایەتیەوە گەورەترین نیشانەی سەرکەوتنی وەرگرتبوو، بەڵام وەك زۆربەی ئەو سەربازانەی کە کوژرانی هاوڕێکانیان بینیبوو، حەزی نەدەکرد زۆر قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەو رۆژەی بۆ کردم کە فەرمانی بەسەربازەکانی دابوو یەکێك لەو حەشارگانەی ئەڵمانیەکان داگیریان کردبوو بشکێنن و بیبەزێنن، بەڵام سەربازەکان لەوەڵامدا وتبویان حەشارگەکە هیچ سەربازێکی تێدانیە. لێرەدا زۆر بەدڵنیاییەوە هەستی کردبوو کە سەربازەکان لەچونە ناو حەشارگەکەو پشکنینی دەترسن، بۆیە دەمانچەکەی کە عەیاری ٤٥ میلیمەتر بوو هێنابویە سەرپێ و خۆی چوبوە ناو حەشارگەکەوە. پاش چەند دەقیقەیەك سێ سەربازی ئەڵمانی بەدیلی هێنابوە دەرەوە. ئەمانە چەند وانەیەك بوون لەسەرکردایەتی و جەربەزەیی نواندن، کەتا ئەمڕۆش هەر لەیادمەو هەروەها یارمەتیدەرم بوو بۆ دروست بوونی ئەو بیروڕایەی کەهەم بوو سەبارەت بەسەرکەوتن و باڵادەستی ئەمریکا لەهەموو ناوچەیەکی جیهاندا.

لەسەر ئەو بڕوایە پەروەردەبووم کە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەمریکا پێشەوایەتی جیهانی کردوە، کاتێك باوکم لەحەشارگەکانی (ئەوێ) دژی قەیسەر دەجەنگا، بەدرێژایی جەنگی دووەمی جیهانیش ئەم مەزنێتیە ژیاوم. هەموو ئەمریکیەك لەو نەوەیەی ئێمە لەیادێتی کە

رۆژی ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤١ چی دەکرد. ئەوکات لاوێك بووم لەتەمەنی یانزە ساڵیداو هۆگری یاری تێنس بووم. پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژی یەك شەممەیە تازە لەویاریە تەواو ببووم کە لە هیوستون و یانەی ئەواکس ئەنجامم دابوو. کاتێ لەیاریگای تێنسەوە بۆ بارەگای یانەکە ئەچووم، بەتایبەتی ئەوکاتەی گەیشتمە یاریگای گۆڵفەکە دەنگی رادیۆیەك هاتە گوێم کە دەیووت بەندەری بیرل هاربەر پێش کەمێك بۆمب باران کراوە. باوك و دایکم رۆزفەلت یان خۆش نەدەویست، ئەوەبوو باوکم تەنها یەك جار لە ساڵی ١٩٣٢ دەنگی بۆدابوو، بەڵام دووبارەی نەکردبۆوەو. باوکم بەرهەڵستکارێکی توندی ئەو سەوداو مامەڵە نوێیەی رۆزفلت بوو کە پێی وابوو ئەگاتە ئاستی سۆسیالیستی. هەندێ کات لەماڵەوە کە میوانمان دەهات داوای لێدەکردم چەند دێڕێك لەو هەڵبەستە گاڵتەجاڕیانە بڵێم کە دژی رۆزفەلت نووسراون. بەڵام هەرگیز بەخەیاڵی منو باوکمدا نەهاتووە کە گومان لەمەزنێتی رۆزفەلت بکەین، بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەدا. هەروەك جۆرج بۆش منیش سەر بەو نەوەیە بووم کە قەناعەتی بە پاکس ئەمریکانا هەبوو، واتە ئەمریکا ئەو هێزەیە بەشداری دەکات لەپێناو دروستکردنی گۆڕانێکی خەللاق و بونیاد نەرانە لەتەواوی جیهاندا.

تا ئێستاش لەو بڕوایەدام بەدرێژایی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی زۆرشت لەمەسەلە گەردونیەکاندا روویداوەو ئەو هاوبەشیە دینامیکیە کاریگەریەش کە باڵادەستی ئەمریکا هەیەتی ئەنجامی کاریگەری بووە، ئەمە شتێك بوو بەردەوام باوەڕم پێهێنابوو. بەڵام ئەوەتا ئەو مەزنێتییەی ئەمریکا جارێکیتر لە٢ی ئابی ١٩٩٠دا ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە. بەم داگیرکارییە بێ شەرمانەی کوەیت، ئامانجەکانی سەدام حسین بەهەموو

هـێزو ڕەهەندەکانیـەوە خـۆی خسـتەڕوو. لـەکاتێکدا زۆر کـەس لـەو باوەڕەدابوون کە جموجۆڵی سەربازی عیراقی لەسەر سنوورەکانی کوەیت لەکۆتایی مـانگی تـەمموزدا، هیـچ نـەبوە جگـە لەترساندنی کوەیـت بـۆ والاکردنی گەنجینەکانی، لەهەمان کاتدا هەندێکی تر لەو باوەڕەدا بـوون کە ڕەنگە عـیراق دەسـت بگـرێ بەسـەر کێڵگـەی نـەوتی رومێلـەو بوبیـان و دوورگەکانی وەعدە کەکروت، بەرامبەر سازش پێکردنو چەند تـەنازولاتێك لەلایەن میری کوەیتەوە.

کـەس لـەو بـاوەڕەدا نـەبوو داگیرکردنەکـە سەرتاسـەری بـێ. بـەڵام بـەناردنی ئـەو هـەموو هـێزە لەزریپۆشـەکانی بـۆ سـنووری کوەیـتو سعودیە، ئیدی سەدام ئارەزووەکـانی خـۆیو ئامـادەیی بـۆ چوونـە نـاو مەترسیەکانەوە نیشاندا. سەرەڕای ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشانەی ولاتـە یـەکگرتووەکانو یـەکێتی سـۆڤێتەوە لەفڕۆکەخانـەی (فنوکوفـۆ٢١)ەوە دەرچوو، لە ئـەنجامی ئاسـایش و لـەدووەم ڕۆژی قەیرانەکـەدا بـەکۆی دەنگ ئیدانەی پەلاماردانەکەی عێراق کرا.

بەڵام عێراق بەدرێژایی هەفتـەی دووەمـی پەلاماردانەکە بـەردەوام بـوو لەسەر ناردنی هێزی زیاتر بۆ ناو کوەیت.

لـەوەڵامی ئەمــەدا کـاتێك بـۆش لەفڕۆکـەی ژمـارە (یـەك) ی پیـادەی دەریـایی لەباخچەی کۆشکی سپی دابــەزی، پـاش نیـوەڕۆی یـەك شـەممە ڕێکەوتی ٥ی ئـاب وتـارێکی دا کەڕەنگـە بـە بـەناوبانگترینو بوێرانـەترین هەڵوێستی ئەو بەدرێژایی ساڵانی سەرکردایەتی کردنەکەی بدرێتـە قەڵـەم، بـۆش لـەوێدا وتـی: (ئـەم داگیرکارییـە بـۆ سـەر کوەیـت بـەردەوام نـابێت).

هەندێ لەڕەخنـەگرەکان پێیـان وابـوو ئـەو سـووربونو بانگـەوازەی سـەرۆك هەر لەسەرەتاوە ئاماژەن بەوەی بۆش نیازی هەڵایسانی جەنگی هەیە.

رەنگە ئەمە خوێندنەوەیەکی هەڵە بووبێت چ بـۆ جـۆرج بـۆش و چ بـۆ ئـەو هەڵوێستەی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لـە مـانگی ئـابدا خـۆی تیابینیەوە، بەو پێیەی تاکە هێزێکی مەزنە لەجیهاندا مابێتەوە.

بانگەوازەکـەی سـەرۆك بـۆش هـەر لەسـەرەتاوە رەنگدانـەوەی هەسـتی خۆڕسكو سروشتی ئەوبوو بەوەی ئـەم کێشـەیە کێشـەیەکی ئاسایی نـیـەو دەبێتـە خـاڵێکی جیـاواز لـەمێژوودا، هـەروەها بانگەوازەکـەی ئـەوەی روون کردەوە کە سوورە لەسەر ئەوەی ڕێ لە دوژمنکاریەکەی عیراق بگرێت.

لەقۆناغەکانی یەکەمی ململانێکەدا- لەڕۆژانی گەرمی ئابەوە بۆ ڕۆژانـی سەختو رەهێڵەی شوبات- هەرکاتێك سەرۆك بیویستایە بڕیارێك بدات جار لەدوای جار جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە، لەگەڵ هەموو بڕیارێکیشدا کۆمـەڵی نێودەوڵـەتی هـەنگاوێك لـەدەرکردنی عـیراق لـەکوەیت نزیـك تـر دەبۆوە. بەڵام ئەو شتەی بانگەوازەکـەی سـەرۆك ئاشـکرای نـەکرد، چۆنێتـی بەدی هێنانی ئەم ئامانجە بوو.

گومـان هـەبوو لـەوەی کەسـێك هـەبێ بتوانـێ چۆنێتـی روودانـی ئـەم کێشەیە پێشبینی بکات. لەچەند کەسێکی کەم بەولاوە کەسیتر نەیدەتوانی پێشـبینی ئـەو رۆڵـە یـەکلایی کەرەوەیـەی سـۆڤێت بکـات بەسـەرکردایەتی وەزیرێکـی دەرەوەی لێـهاتووی بـیرتیژی وەك ئـەدوارد شـیڤەر نـادزە لەچارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیەدا. هیـچ کـەس نـەیدەتوانی پێشـبینی ئـەوە بکـات کـە عەرەبـەکان بـەکوێ دەگـەن لەگـەڵ ئەمریکیـیـەکانو ئەوروپیـەکانـدان گۆشـەگیری وڵاتێکـی عـەرەبی کـە سـەرۆکەکەی لـەو

بڕوایەدابوو جێگری شەرعی عەبدولناسرە. بەگێڕانـەوەی ڕووداوەکـان دەتوانین ئاماژەی تەواو بدەین بەوەی کە چۆن کۆتایی هـاتنی جـەنگی سارد ڕێگەیدا بە دامـەزراندنی ئـەم هاوپەیمانێتیـە نێـو نەتەوەییـەی پێشتر لەئارادا نەبووەو بەپشتێنەی بیابان ناسراوە، هەروەها هەسـتان بەو پرۆسە سەربازیەی گـەردەلولی بیابـان، هـەموو ئەمانـەش پێکـەوە ڕێگـەیان خـۆش کـرد بـۆ بـەرەو باشـتربردنی ڕەوتـی پرۆسـەی ئاشـتی لەڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا کەڕێگـەی بـۆ ئیسـرائیل خـۆش کـرد لەگـەڵ هاوسێ عەرەبەکانیدا لە مەدرید ڕووبەڕوو دابنیشێو گفتوگۆ بکـات. بـەبێ بوونـی ئـەم ڕووداوانـە کەپاڵنـەرێك بـوون ئێسـتا ئیسـرائیل لەئاشتیدا نەدەبوو لەگەڵ ئوردونداو هـەرگیز بڕیـاری ئاشـتی لەگـەڵ فەلەستینییەکانو لوبنانیەکاندا نەئەدا.

ئەوەی سەرۆك لە کەنداودا کردی شتێکی ڕاسـت و دروسـت بـوو، جۆرج بۆش چەند ڕێگەیەکی قورسـی گرتەبـەر کەهـەموو جیـهان لەسـەرکردایەتی ئـــەمریکییان پێشـــبینی دەکـــرد، ئەگـــەرچی لەوکاتەشـــدا کەهـــەندێ لەهاوەڵــەکانمان بەئاشــکرا گومانیـــان هـــەبوو لەمومارەســـەکردنی ئـــەو سەرکردایەتی کردنە.

ڕۆژێك لەڕۆژەکانی مانگی ئـاب کـاتێك لەکۆشـکی سـپیدا پێکـەوە لەگـەڵ بـۆش دانیشـتبوین پێـم وت: (ئـەزانم تـۆ دەرك بـەو ڕاسـتیە دەکـەیت کەبارودۆخی ئێستا هەموو ئـەو هۆکارانـەی تێدایـە کـەبوو بـەهۆی کـەوتنی سـیان لـەو پێنـج سـەرۆکە ئەمریکیـەی دوایـی: وەك : کێشـەی بارمتـە گیراوەکـان، تـابووتی کوژراوەکـان، قـەیرانێکی ئـابووری گـەورەو فـراوان لـە

ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێك پترۆڵ بۆ ٤٠دۆلار). لێرەدا سەرۆك بەتەواوی لەمەرامەکانم گەیشتو بەم جۆرە وەڵامی دامەوە: (جیمی، من هەموو ئەوانە دەزانم، بەڵام ئەوەی دەیکەین راستە، ئێمە ئەوە بەئەنجام دەگەیەنین کەلەبەرژەوەندی نیشتمانی وڵاتەیەکگرتوەکاندایە، چی روودەدات بارووبدات).

## دیپلۆماتیەتی هێزو پێکهێنانی هاوپەیمانی

لەکۆبونەوەیەکدا کەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە٤ی ئاب و لە کامپ دیڤید سازیدا، سەرۆك بڕیاریدا هەنگاوی یەکەم بەرپەرچدانەوەی هەردەست پێشخەریەکی عیراقە بەرەو عەرەبستانی سعودی. ئەم کردەوەیە گرتنەبەری سیاسەتی دیپلۆماتیەتی هێز بوو لە دژی سەدام حسێن. پاشان دەست دەکەین بەفشاری دیپلۆماتیو دوای ئەوە بەوپەڕی وریاییەوە دەست بەجێبەجێکردنی فشارە ئابووریەکان دەکەین، لەڕێگەی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە. دواجار دەست بەفشاری سەربازی دەکەین، ئەویش بەزیادکردنی قەوارەی هێزە ئەمریکیەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەکەنداودا. ستراتیژیەتی ئێمە سەرکردایەتیکردنی هاوپەیمانیەکی سیاسی جیهانیە، بەمەبەستی گۆشەگیرکردنی عیراق. هیوامان وابوو لەڕێگەی بەکارهێنانی سزا ئابووریەکانەوە کارێکی وابکەین، سەدام حسین باجێکی گەورەی دوژمنکاریەکەی بداتو ناچار بێت بارمتە گیراوە خۆرئاواییەکان ئازاد بکاتو پاشەکشێ لە کوەیت بکات. ئەگەر نەکشێتەوە ئەوا بەزەبری هێزی سەربازی کوەیتی پێچۆڵ دەکەین. هیچ گومانم نەبوو

کەبۆجێبەجێکردنی ئەو ستراتیژیە پێویستمان بەپێکهێنانی هاوپەیمانیەك هەیە لەگەڵ دۆستەکانماندا.

مرۆڤ دەتوانێ پێشبینی ئەوە بکات هەوڵە دیپلۆماتیەکەمان چی بەسەر دێت گەر سۆڤێتمان پشت گوێ خست کەهاوپەیمانێکی تەقلیدی عیراقە. ستراتیژیەتی ئێمە لەمومارەسەکردنی فشاری ئابووری بێگومان تووشی شکست ئەبوو ئەگەر تورکیا رازی نەبوایە ئەو بۆریە نەوتانە دابخرێ کەلەعیراقەوە دێت. هەروەها لەکاتی ئەنجامدانی کاری سەربازیدا پێویستمان بەپشتگیری گەلی ئەمریکیو کۆنگرێس دەبێت بۆداکۆکیکردن لەشەڕەکە. بۆبەدەست هێنانی ئەم پشتگیریە پێویستە بیسەلمێنین کەئێمە پێش هەموو شتێ هەموو رێگایەکی ئاشتیيانەمان تاقی کردۆتەوە هەروەها وەك سەرکردەیەکی کۆمەڵی دەولی هەڵسوکەوتمان کردوە، نەك وەکو چاودێرێکی تاکرەوانە. ئێمە سوربووین لەسەرئەوەی ژمارەیەك لەوڵاتان لەگەڵماندا بچنە ژێر باری هەندێ لەپێویستیەکان، بەتایبەتی لەرووی داراییەوە. شەڕکردن لەکەنداودا نابێتە هۆی دروستبوونی شەڕ لەگەڵ سۆڤیەتدا، چونکە بەرێکەوتن لەگەڵ ئێمەدا هەڵسوکەوت دەکەن.

لەرووی گرنگیەوە نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم ئامرازو جومگەی سەرەکی بوو بۆ پیکهینانی هاوپەیمانیەکە. ئەوەبوو لە ٢ی ئابداو لەسەر داواکاری ئیمە ئەنجومەنی ئاسایشی نیونەتەوەیی بۆیەکەمجار بریارەکانی گەیاندە ١٢بریار، بریاری (٦٦٠)تەنها بەئیدانەکردنی داگیرکاری سەدامەوە بۆ کوەیت نەوەستا، بەلکو داوای کشانەوەیەکی یەکجاری بێقەیدو شەرتی کرد.شیوەی دارشتنی بریارەکە بەزمانیکی ئیجگار روونو ئاشکرابوو، بەمەبەستی جەخت کردن لەسەر ئەوەی دەنگدان یان لەگەڵ

داگیرکاری‌یەکەیە یان لەدژێتی. ئێمە پێمان وابوو پێویستە ئەومشتومڕە دووربخەینەوە، نەك مەسەلەکە ببێتە بەرەنگاربوونەوەیەك لەنێوان عیراق‌و ولاتەیەکگرتوەکاندا کەئەمەش هێندەی‌تر بونیادنانی هاوپەیمانیەکەو پارێزگاریکردن لەسەر بەردەوامی قورس‌تر دەکات. لێرەدا بەدڵنیایی‌یەوە سروشتی ئەو دوژمنکاری‌یە ئاشکرایەی سەدام یارمەتیدەر بوو بۆئەو مەسەلەیە، چونکە کوباش سەرسامی کردین کاتێ لە دەنگ داندا هاتە ناوهاوپەیمانیەکەوە. سەرەنجام دەنگ دان لە دژی عێراق بەکۆی ١٤دەنگ بەرامبەر بەهیچ بوو، لەگەڵ رازی نەبوونی یەمەن بەدەنگ دان.

رۆژی داهاتوو لەمۆسکۆ ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت بەشداری‌یان کرد لەئیدانەکردنی پەلامارەکەو رێگەگرتن لەناردنی چەك بۆبەغدا، پاش سێ‌رۆژ سعودیە رازی بوو لەسەر نیشتەجێ‌کردنی ١٠٠هەزار سەربازی ئەمریکی لەسەرخاکەکەی لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەکدا پایە سەرەکیەکانی بینای هاوپەیمانیە سێ‌قۆڵیەکە بەتەواوی پێکهات‌و رەخسا.

* * *

دەکرا پرۆسەی گەردەلولی بیابان بەدەست پێشخەری‌یەکی تەواو ئەمریکی‌یانە بکرێت، لەرووی یاسایی‌یەوە سەرۆك هەلگری هەموو ئەومەرجانە بوو بۆ هەڵسوکەوت کردن بەپێ مادەی (٥١)لە بڕیارنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان کەڕێگە بەولاتانی ئەندام دەدات پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

هەندێ لەهاوپەیمانەکانمان لەوبڕوایەدا بوون پێویستە مادەی (٥١) جێ‌بەجێ‌بکەین‌و دەست بکەین بەدابەش کردنی هێزەکانمان لەکەنداودا، بۆ

ئەوەی بەزووترین کات دەست بەئەنجامدانی پرۆسە سەربازیەکان بکەین. دیارترین کەسێك کە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بوو مارگرێت تاچەری سەرۆك وەزیرانی ئینگلستان بوو.

لە٦ی ئابدا سەرۆك لەنووسینگەی خۆی لەکۆشکی سپیدا لەگەڵ تاچەر کۆبۆوە. سەبارەت بەپەیوەندی تایبەتی نێوان وڵاتەیەکگرتوەکانو بەریتانیا شتی زۆر نووسراوە، ئەوپەیوەندیەی هەردوو وڵاتی بەدرێژایی دوو سەدە پێکەوە بەستۆتەوە لەهەموو روویەکەوە پەیوەندیەکی ئاشکراو توندو تۆڵە. ئێمە هیچ هاوڕێیەکمان نیە لەئینگلیزەکان باشتربێت. پەیوەندیەکانی نێوانمان ئێجگار تایبەتین، ئەمەش دەرفەتێك ئەداتە ئینگلیز کەکەسی‌تر جگەلەوان نەیبێت. ئەو دەرفەتەی کەهەندێ کات قۆڵیان پێبادابن. هەندێ جاریش لێهاتووبوون لەوکارەدا. هەروەك چۆن سەرکردایەتیە لێهاتوەکەی لەشەری فۆکلاند ساڵی١٩٨٢ ئەوئازایەتیەی دەرخست، ئەوکات تاچەر ئەندامێکی باڵادەست بوو لەوفوتابخانەیەی دەڵێت:- ئەوەی ئێستا پێویستە بەئەنجامی بگەیەنەو دوای ئەوە بانیگەرانی داتبگرێت، هیچ کاتێکیش دوودڵ نەبوو لەڕاگەیاندنی ئەوەی بیری لێدەکردەوە. لەم کاتەدا هەستی بەهیچ رووگیربوونێك نەدەکرد لەدەربڕینی ئەو گومانە ترسناکەی بەرامبەر ئێمە هەی بوو، لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی چەند لایەنەمان بەرامبەر سەدام دارشتبوو. پاشان وتی (زۆر بە سادەیی پێتان دەڵێم کەناتوانین درێژە بەبەردەوامی ئەم حاڵەتە بدەین، پێویستە ئێستا چارەسەری بکەین).

لەسەر ئەوە رێکەوتین کەمادەی (٥١)لەڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان رێگەمان پێئەدا یەك لایەنانە هەڵسوکەوت بکەین،

بەلاّم تاچەر لەو باوەڕەدا بوو كەداواكردن لەئەنجومەنی ئاسایش بۆسەپاندنی چەند سزایەك دژی عیراق- كەئەمە هەرلەو ڕۆژەدا روویدا- دەبێتە هۆی كۆسپێك لەكاتێكیتردا بۆگرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازی بەپێی مادەی (٥١) لەبڕیارنامەی نەتەوەیەكگرتوەكاندا.

بوب كیمیت قەناعەتی پێكردم كە تاچەر لەڕووی یاساییەوە بەهەڵەدا چوە، هەرخۆشی لەكاتێكیتردا ئیعترافی بەوەكرد. بەشێوەیەكی عەمەلی ولاّتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا هیچ ڕێگەیەكیتری لەبەردەمدا نەبوو جگە لەئەزموونی پەیڕەوی هاوپەیمانەكان بۆمامەڵەكردن لەگەڵ كێشەكەدا، بەبێ ئەمەش بەهیچ شێوەیەك نەمان دەتوانی ئەو هەموو پشتگیرییە كۆبكەینەوە بۆقەناعەت پێكردنی سەدام حسین بەوەی ڕووبەڕووی هەموو كۆمەڵگەی شارستانی دەبێتەوە، ڕەنگە هیچ هێزێكی گەورە بەتەنیا نەتوانێ بیترسێنێ. بەبێ بڕیاری نەتەوە یەكگرتووەكان هەرگیز نەماندەتوانی ئەم بڕە هاریكارییە بەدەست بهێنین لەولاّتەكان. هاریكاریەكەش بەهۆیەكی یەكلایی كەرەوە دادەنرا بۆگۆشەگیركردنی سەدام لەڕووی دیپلۆماتییەوە. هەروەها بەبێ بڕیاری نەتەوە یەكگرتوەكان ڕاستیو دروستی مەسەلەكەمان جێی گومان دەبوو- نەك تەنها لەجیهانی عەرەبیدا- بەڵكو لای هەندێك لەخۆرئاواییەكانیش. لەم كاتەدا بەپێی پێویست پشتگیری سیاسی ناوخۆیمان نەبوو بۆئەوكارەی لەكۆتایدا پێی هەستاین، ئەویش دەركردنی عیراق بوو لەكوەیتداو ناردنی (٥٥٠)هەزار سەربازی ئەمریكی بوو بۆكەنداوو شەڕكردن لەوێدا. زۆر جار هێزەگەورەكان ناچاربوون بەدرۆ بانگهێشتی ئەوەبكەن كەهەوڵی ئەوە دەدەن تاكاری هاوبەش بەئەنجام بگەیەنن، پاشان ئەوكارە بەتەنیا جێبەجێ بكەن، هەروەك چۆن ئیمە لە

گرینادا سالی ١٩٨٣و لە پەنەما سالی١٩٨٩ ئەوجۆرە ئیش کردنەمان بەئـەنجام گەیاند، بەڵام بەدلنیاییەوە ئەمجارە بارودۆخەکە بـەوجۆرە نابیت.

کاتێ بریاری دروستکردنی هاوپەیمانیەکەماندا ئیتر هـەموو هـەوڵو بایـەخدانیکمان ئاراستەی ئەوئەرکە عەمـەلیو تاقـەت پروکینــە کـرد، بۆهینانــە ریــزی ئەندامــەکانو پاریزگــاریکردن لەهاوپەیمانیەکـــە بــەدریژایی مــاوەی کیشــەکە. یــەکیتی ســۆڤیەت لــەم کاتــەدا چــەند گۆرانکارییەکی ریشەیی بەخۆوە بینی، ئەوەبوو پـاش شـەرەکە ئـەدوارد شیڤەر نادزە دەستی لەکار کیشایەوە ئەمەش بووە هـۆی نـائومیدکردنی ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لەبەهیزترین هاوپەیمانەکانی خۆی لـەناو یەکیتی سـۆڤیەتدا. سیاسـەتی سـزاکان کۆمـەلی بـاری گرانـی خستەسـەر شـــانی ژمارەیـــەك لـــەوڵاتان، بـــەلکو زۆربـــەی ئـــەو ولاتانـــەی کەلەهاوپەیمانیتییەکـەدا بەشـداربوون سـەرەتا دوودڵ بـوون بـەفیعلی لەگــەڵ عــیراقدا بچنــە شــەرەوە. بــۆ خــۆم لــەو بروایــەدابووم کـــەپاریزگاریکردن لەیـــەکگرتویی هاوپەیمانیەکـــە زۆر قورســـترە لەپیکـهینانی هاوپەیمانیتییەکــە. لــەرووی بــەریوەبردنی ئیقلیمــی قەیرانەکەوە پیویستمان بەوە هەبوو بیر لەچەند ولاتیکی تر بکەینـەوە تا لەناوچەکەدا هاوشانی سعودیە رۆلـی سـەرەکی بگیرن: وەکـو تورکیـا. ئەو ولاتەی حکومەتە مەدەنیەکەی سیمای لاوازی پیوەدیـاربوو، لەگـەڵ ئەو نیگەرانیە راسـتەقینەی سـەبارەت نەتـەوەی کـورد هەیـەتی و بۆتـە هۆی تیکدانی ئارامیو ئاسایشی نیشتمانی. سوریا کەسەرۆکەکەی رقی لە سەدامە و هەروەها رقیشی لەوەیە ئیسرائیل بەئیسراحەت ببینێ.

میسر دەنگی سەرەکی میانرەوی عەرەبی لەناوچەکەدا، ئیسرائیل کەدەتوانێ هەرکاتێ بیەوێ هاوپەیمانیەکە دوکەرت بکات، ئەویش بەوەی ریوشوینی خۆپاراستن دژی سەدام بگریتەبەر. ئیران کەجگە لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا عیراق لەریزی پیشەوەی دوژمنە سەرەکییەکانیدایە. ئوردن کە (شا)کەی سیاسەتی دەسی دەسی پەیرەو کرد بۆ خۆدوورخستنەوە لەوروژاندنی نفوزی دراوسێ بەهیزەکەی سەدام حسین. فەلەستینییەکان کەپشتگیریکردنیان لەسەدام هەرەشەی لەئومیدەکانمان دەکرد بۆکۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگە نارازیەکان دژی عیراق. یەمەن کەپشتگیریکردنی لە عیراق، ریزەکانی هاریکاری عەرەبی کەرت کرد.

سەرباری ئەمە پرۆسەی پشتینەی بیابان پیش هەموو شتیکو بەپلەی یەکەم رووبەرووبونەوەیەکی جیهانیە. بەم جۆرەو بەشیوەیەکی کتو پر لەدوای بچوك بونەوەی هیزە گەورەکەی سۆڤیەت دوان لەمەزنترین سوپاکانی جیهان لەناوچەیەکدا کەجیگەی بەیەك گەیشتنی سیکیشوەرو سیشارستانیو سیکلتورە بەرەو شەر دەچن. ئەمە لەخۆیدا ئەگەری مەترسییەکی گەورەی هەیە بۆسەرئارامی ناوچەییو ئاسایشی ئابووری جیهانی. پیویستی زۆری ئاسایشی ئابووری جیهانی لەپاڵ پیویستیەکی بیئەندازە بۆکۆکردنەوەی ملیۆنەها دۆلار بۆئیدامەکردنی هەولەکانمان، جەختی لەسەر پیویستی بەشداربوونی چەند هیزیکی جیهانی تازە پیگەیشتووی وەکو یابانو ئەلمانیای رۆژئاوا کردەوە. هەرلەسەرەتاوە

بڕیاری ڕۆیشتنمان بۆنەتەوەیەکگرتووەکان هەر لە سەرەتاوە بەئاشکرا ڕێگەی ئەوەی خۆش کرد تا کێشەکە سروشتێکی جیهانی هەبێت.

★ ★ ★

ڕەنگە پرۆسەی کۆکردنەوەی هاوپەیمانیەکی دیپلۆماتی لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا -بەشێوەیەکی تیۆری- وادیاربێت کەئەزمونێکی سادەی هەڵخەڵەتێنەربێت. لەهەر مەسەلەیەکدا بەهاوکارەکانمان دەستمان پێدەکرد، لەنێو پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامە کەدا (ئینگلستانو فەرەنساو یەکێتی سۆڤیەتو چین)، کەلەتوانای هەریەکێکیان دایە ئامانجەکانمان لەباربەرن بەبەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، بێگومان بە بەریتانیا دەست پێدەکەین چونکە هەمیشە دڵسۆزترین هاوپەیمانمان بووە. دوای بەریتانیا، فەرەنسا دێت، ئینجا پاش ئەویش یەکێتی سۆڤیەت. لەمکاتەداو لەئەنجامی کۆبوونەوەم لەگەڵ شیڤەر نادزەدا لە٢ی ئابدا، بەفیعلی ئیلتزامیکمان لەسۆڤیەتەوە دەست کەوت بەسەپاندنی گەمارۆیەك لەسەرناردنی چەك بۆ عێراق، فەرەنساش بۆماوەیەکی دوورودرێژ سەرچاوەیەکی سەرەکی چەك بوو بۆ عێراقو حکومەت کەوتبوە ژێر فشاری فەرەنسیەکانەوە. لەتوانای فەرەنسیەکاندا نەبوو نەرمتر لەسۆڤیەت دەربکەون. هەرئەوەندەی بتوانین بگەینە کۆبوونەوەیەکی بەهێز لەنێوان ئەوسێلایەنەدا ئەوسا مامەڵەکردن لەگەڵ چیندا ئاسان دەبێت. لەڕاستیدا چین هیچ شتێکی بە قەد ئەوە بەلاوە ناخۆش نییە کە هەلیبویریت لەوەی کیمیت حەز ئەکات ناوی بنێ (یانەی گەورەکان). ئاسانتر بدوێین چین ڕقی لەوەیە گۆشەگیر بکرێت، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتیش ڕقیان لەوەیە وادەربکەون کەگوایە لەسۆڤیەت زیاتر کۆسپو تەگەرەیان هەیە.

لەبەشیکی زۆریدا ئەم مەسەلەیە دەگەریتەوە بۆئەو قەسابخانەیەی سالی ١٩٨٩کەسەدان بەرهەلستکار بوونە قوربانی لە تیانامین و بووە هۆی گۆشەگیربوونیان لەرووی دیپلۆماتیەوە.

ئەو ستراتیژیەی لەئەنجومەنی ئاسایشدا گرتبوومانە بەر ستراتیژیکی بەکەلك بوو بۆ پەیرەوکردنی دیپلۆماتیەتی هیز. ئەم ستراتیژەش زۆر جار کاریگەری خۆی سەلماندووە، سۆڤیت گرنگی تەواوی هەبوو- نەك تەنها بەوپییەی هیزیکی مەزن بوون لەقۆناغی بچوك بونەوەدا دەژیا- بەلکو بەوپییەی بۆماوەیەکی دوورودریژ لەرووی ئیقلیمیەوە رۆلیکی کارای هەبووەو سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی چەك بوو بۆهەریەك لەعیراقو سوریا. هەریەك لەبەریتانیاو فەرەنسا خاوەن میژوویەکی دریژی شکستو هەستانەوەن لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا. بۆنمونە بەریتانیا بەپلەی یەکەم بەرپرسیارە لەدروست بوونی عیراق کەلەسالی ١٩٣٢دا سەربەخۆیی بەدەست هیناوە. سەرەرای دووری هەردوکیان لەناوچەکە لەدوای شەری سویسەوە، بەلام ئەم قەیرانەیان بەهەلیکی چاك دەزانی بۆ تەئکید کردنەوە لە کلتوری خۆیان وەك دوو هیزی مەزن. پەکین بەردەوام ئەو ولاتەبووە کەنەیویستووە پشتگیری هەولەکانمان بکات، بەلام دواجار حەز بەلەناوبردنیشی ناکات.

لەگەڵ دەستەبەرکردنی پشتگیری پینج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، رەنگە ئاور لەو ولاتەیتر بدەینەوە کە ئەندامن لەئەنجومەنی ئاسایشداو زۆربەیان ولاتی بیلایەن نین، ولاتە بچوکەکانیش دەتوانری دەنگەکانیان مسۆگەر بکری. لەگەڵ ئەمەدا ستراتیژیکمان

گرتەبەر کەزۆر سەرکەوتوانە بوو، ئەویش بەوەی مەسەلەکەمان بۆنەتەوەیەکگرتوەکان جیّهیشتووە کەپەناگەی تەقلیدی هەژارانە، نەك بەشیوەیەکی تاکرەوانە هەلسوکەوت بکەین.

هەروەها دەمانتوانی واقیعیکیتر بقۆزینەوە کەئەویش: لەگەڵ هەرەسهینانی شیوعیەتدا ریگا بۆ وڵاتە یەکگرتوەکان خۆش بوو تاوەك تاکەهیزیکی مەزنو باڵا بمینیتەوە، لەئەنجامی ئەوەشدا هەمووان هەولی ئەوە ئەدەن رەزامەندی بەدەست بهینین، ئەمەش نفوزیکی چاکی بۆ بەدەست هینا کە لەماوەی قەیرانەکەدا دوودل نەبووین لەوەی بە کاری بهینین.

## سۆڤیت

هەرلەسەرتاوە رۆلی سۆڤیتم بەرۆلیکی کاریگەر دانابوو، بەپیّی هەموو حساباتیکی ستراتیژی پشتگیری ئەوانم بەمەرجیکی پیویست دەزانی بۆ پیکهینانی هاوپەیمانیەك کەپشتی پیّببەستریت. دەبوو خۆمانیان لیّنزیك بکەینەوەو دلیان بدەینەوەو بەرادەیەك بەشداریان پیّبکەین کەهیچ سیسەتمەداریکی پیشووی ئەمریکی کاری وەهای نەکردبیت. لەراستیدا تەنها لەمانگی ئابدا منو شیڤەر نادزە یانزە پەیوەندی تەلەفۆنیو پینج نامەمان ئالوگۆرکرد، ئەمەش ئاستیکە لەوتوویژ کەپیش یەك ساڵ لەمەوبەر نەدەتوانرا پیشبینی رووودانی بکریت. رەزامەندی ئەوان ئیجگار گرنگ بوو.

هەتا ئیستاش پشتگیری ئەوان لەگەڵ هەموو نارەحەتیەکانیدا هەرپیویستە. ئەم مەسەلەیەم لەنامەکەی شیڤەر نادزەوە بیرکەوتەوە پاش دوو رۆژ لەو کۆبوونەوەیەی کەلەفرۆکەخانەی (فنۆکوفۆ/٢)بەستبوومان.

ئەوزمانەی نامەکـەی پێنووسـرابوو ئیجگار جیـاواز بـوو لـەو زمانـە نـەرم‌و نیانــــەی کەکۆبونەوەکــــەمان پێئــــەنجامدا. لەنامەکــــەیدا هــــاتبوو کەحکومەتەکەی بەرهەلستی دەرکردنی هەر بریاریکی تازە دەکات لەنەتەوە یەکگرتوەکانــەوە. ئەگــەر کــاتی تــەواو نــەدەن بــەعیراق بۆکشــانەوەی هیزەکانی لەکوەیت.

شـتیکی ئاشکراشـە کـە لوبـی عـەرەبی بـەهۆی ئـەو بەیانـە هاوبەشـەی ئەمریکاو سۆڤیەتەوە توورە دەبیت و شیڤەر نادزەش باجەکەی دەدات.

بەرەبــەیانی (٥)ی ئــاب لەکۆشــکی ســپی لەگــەڵ ســەرۆك‌و برینــت سکۆکرۆفت کۆبومەوە بۆ لیدوانیکی ورد لەسـەر ئاگادارکردنـەوەی بەپەلـەی سـۆڤیەت لـەو هەوالـە خیرایـەی کـە فـەهد داوای یارمـەتیدانی لــەهیزە ئەمریکیـەکان کـردوە. لەبـەر رۆشـنایی نامەکـەی شـیڤەر نـادزە بەدەرکـەوت ئەوان خۆشـحاڵ نـین. بەپیویسـتم زانـی تەلـەفۆن بـۆ شـیڤەر نـادزە بکـەم و بەپێی توانا هەوالەکە بەجۆریك بگەیەنم کەپێی قبوڵبکرێ. پیم راگەیاند شا فـەهد داوای چونـە نـاوەوەی سـوپای ئیمـەی کـردوە، بـەلام ئیمـە هـەولی فراوان کردنی نفوزی خۆمان نادەین لەکەنداودا.

هـەروەك چاوەروان دەکـرا پیشـنیارەکەی مـن سـەبارەت بـە بەشـداری کردنـی سـۆڤیت لـــەهیزی فرەرەگـــەزەکان‌و پیشـــنیازی شـــیڤەر نـــادزە بۆزیندووکردنـەوەی لیژنــەی ئــەرکانی شــەر بــەهیچ ئاکـامیك نەگەیشـت، چونکە پیم وایە داوای سۆڤیت لەسەر هیزی سەربازی ئـەمریکی بریـاردراو لەکـەنداودا، پیچەوانـەی ئـەو چل سـالەی کـاری دیپلۆماتیەکـەدا بۆریگرتــن لەدەسـت تیوەردانــی سـۆڤیت لەناوچەکــەدا دانرابــوو. ســەرەتا هەریــەك لەسەرۆك‌و پاول و دیك چینی و سکۆکرۆفت گومانی خۆیان راگەیاند، پـاول

نیگەرانیەکی تایبەتی هەبوو سەبارەت بەوەی رۆلیکی گرنگ بدریتە سۆڤیت لەهیرشیکی چاوەروانکراو بۆسەر عیراق لەدوا رۆژدا.

★ ★ ★

سەرلەبەیانی ٧ی ئاب لەواشنتۆنەوە تەلەفۆنم بۆ شیڤەر نادزە کرد کە لە شوینی تایبەتی حەوانەوەی خۆی بوو لەدەرەوەی مۆسکۆ، سەبارەت بە کیشەی پیکەوە وتوویژمان لەسەر تازەترین راپۆرتی دەزگا ئیستخباراتی‌یەکان کرد و پیم وت: سەرۆك لەسەر داوای فەهد هیزی ئەمریکی رەوانەی کەنداو کردوەو پیم راگەیاند هیزەکانمان لەسبەینیەوە دەست دەکەن بەبلاوبونەوە لەناوچەکەدا. رۆژی چوارشەممە سەرۆك بانگەوازیکی تایبەت بەو مەسەلەیە بلاودەکاتەوە. لەرۆژی ٨ی ئابدا ئەوەم ئاشکراکرد کەئەم جم‌وجولە سەربازیە سشتیکی کاتی‌یەو هیزەکانمان لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی کیشەکەدا عەرەبستانی سعودیە جیدەهیلن، چونکە هیچ نیازیکمان نی‌یە بۆ ئەوەی هیزی ئەمریکی بەشیوەیەکی هەمیشەیی ل ەناوچەکەدا بمینیتەوە.

لەکاتی تەلەفۆنکردنەکەماندا هەستم بەرادەی دووری نیوانمان کرد، چونکە سۆڤیتیەکان حەساسیتیکی زۆریان لەبەرامبەر بارودۆخەکەدا هەبوو، ئەگەرچی پیش ٤٨سەعات لەبریارەکەمان ئاگادارمان کردوونەتەوە کەچی شیڤەر نادزە تورەببوو وتی: دەمەوێ بزانم تۆ راویژت پیکردین یان ئاگادارت کردینەوە؟

لە وەڵامدا وتم: (ئەدوارد من دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم، چونکە ئەمە شتیکە نامانەوێ تەنیا خۆمان پیی هەستین. من دەمەوێ بزانم ئایا هیزە

سۆڤیتیەکان دەیانەوێ لە هێزە فرەرەگەزەکاندا هاوبەشیمان بکەن. ئەمە سووربونی ئێمەی ئاشکرا دەکردو کەمترین ئەگەری پەنابردنی بۆ هێز دەهێشتەوە).

لەو ساتەوە هەستم کرد خۆپاراستن لەوەڵامیکی راستەوخۆی پرسیاریکی ناشایستە ئیجگار بەسودە، بەهیوای گواستنەوەی وتوویژەکان بۆ زەمینەیەکی نەرمونیانترو دۆستانەتر. ئەم هەلسوکەوتە خۆبەخۆبوو، بەڵام وادیاربوو کە کاریگەربوو. لە قسەکانیدا هەستم بەگۆرانیك کرد کاتێ هیندەی نەبرد پرسیاری ئەوەیکرد کە (رات چیە لەسەر لیژنەی ئەرکانی شەر لەئەنجومەنی ئاسایش) سۆڤیت سالآنیك هەولیدا بۆ زیندووکردنەوەی ئەم دەزگا پەککەوتەیە بۆئەوەی وەك ئامرازیك بەکاری بهێنێ بۆپیدانی رۆلیکی گرنگ بەخۆیان لەپرۆسەی پاراستنی ئاشتیدا.

سەرەرای ئەو هەموو دلنیاییەی پیش ٣رۆژ لە مۆسکۆ دام بە شیڤەرنادزە، کەچی لوبی عەرەبی لەوەزارەتەکەیدا لەوبراویەدا بوو کە بۆش پیلانی وەشاندنی گورزیکی سەربازی بۆعیراق دادەریژیت. بەمجۆرە لەگەڵ سەرهەلدانی کیشەکەوە شیڤەرنادزە جەختی لەسەر بیرۆکەی لیژنەی ئەرکانی شەر دەکردەوە، بەوهیوایەی بتوانێ بەکاریبهێنێ بۆریگەگرتن لەهیرشیك کەلەوکاتەدا هیچ نیازیکمان نەبوو بۆ ئەنجامدانی، پیم راگەیاند کەوا ئەم مەسەلەیە زۆر بەخیرایی لەگەڵ سەرۆکدا باس دەکەم.

بەرای من ئیمە لەهەر کەسیکیتر زیاتر پیویستمان بەسۆڤیتە. گۆرباچۆڤو شیڤەر نادزە لەسەر بەیاننامەیەکی هاوبەش زۆر کۆسپیان هینایە بەردەم ریکەوتنی نیوانمان. ئەو بۆچوونەی پێی وابو ئیمە دەتوانین بەردەوام بین

لەسەر دورخستنەوەیان لەگۆڕەپانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئیجگار ساویلکانەیەو مەترسیشی هەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانمان. دواجار سەرجەم راکان گەیشتە ئەوەی کەبەشداریکردنی سۆڤیەت لەهاوپەیمانیە سەربازییەکەماندا رەنگە بایەخیکی زۆری هەبیت. بەدلنیاییەوە سەدام حسین سەرشیت دەبیت هەر ئەوەندەی بزانیت کە ئەو سەرچاوە سەرەکییەی چەکی لیوە دەهینیت، زۆر نزیکە ئیستا ئامادەیی نیشان بدات بۆ هاتنە پاڵ ئەو پرۆسە هاوبەشە لەگەڵ ئەمریکیەکاندا.

لە٨ی ئابدا تەلەفۆنم بۆ شیڤەر نادزە کرد، بۆ ئەوەی پیی رابگەیەنم کە سەرۆك (هیچ کیشەیەکی نییە) سەبارەت بەبەشدایکردنی سەربازی سۆڤیەت لەهیزی هاوپەیمانەکاندا لەکەنداودا پەیمانی ئەوەی دامێ لەگەڵ گۆرباچۆڤدا لەم مەسەلەیە بکۆلنەوە.

پاش چەند سەعاتیك تەلەفۆنی بۆکردم بۆ ئەوەی پیم رابگەیەنیت کە سۆڤیەت بەشداری ناکەن لەهاوپەیمانیتی سەربازییدا. پاشان بۆم دەرکەوت کە تراژیدیای سۆڤیەت لەئەفغانستاندا کاتیك مۆسکۆ لەگەڵ ئیسلامییە یاخیبوەکاندا تووشی شەریکی پارتیزانییانە هات، بۆتە هۆی زیندەبەچاڵ کردنی ئەم بیرۆکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دلنیا بووم ئەم رەتکردنەوەیە خزمەتیکی چاکی بەرژوەندییە ستراتیژیەکانمان دەکات، درکم بەوە کرد کەکۆی پەیوەندیەکانمان خراپ نەبوە. ئەویش کاتیك شیڤەر نادزە پیی راگەیاندم کەپشتگیریمان ئەکەن لەهەربریاریکی تازە لەنەتەوەیەکگرتوەکاندا.

★ ★ ★

## كارتــی توركی

رۆژی ٨ ئــاب ئەنجومــەنی ئاسایشــی نیودەولــەتی بریــاری ژمــارە ٦٦١ی دەركرد كەچەند سزایەكی ئابووری توندی بەسەرعیراقدا سەپاندبوو. ئـەم بریــارە بــەفیعلی بریــاری ســەپاندنی گەمارۆیــەكی سەرتاســەریدا بەســەر هەموومامەلــە بازرگانیــەكانی ســەدام و حكومەتــە بــەكرێ گیراوەكــەی لەكوەیتدا.

یەكەم هەنگاوی ستراتیژیمان تەنها گۆشەگیركردنی عیراق نەبوو لەرووی دیپلۆماتیەوە، بەلكو پـەك خستنی ئابووریەكەشیبوو. سووربونی سـەدام لەبەشیكیدا ئەگەریتەوە بۆئەو ئـارەزووەی كەدەیـەوێ گەنجینـە بەتالـەكانی لەفرۆشـتنی نـەوتی كوەیتـی پربكاتـەوە. بـۆ نـائومیدكردنی لـەم سـامانەش، سـەلماندنی راسـتگۆیی سـزاكان كـاریكی پیویسـت بـوو. دەبـوو ئـەو بۆریـە نەوتانـەی كەنـەوتی عـیراقی لەریگـەی خـاكی توركیـاوە ئەگـەیاند بـەدەریای ناوەراسـت دابخـرێ. پـاش سـێ رۆژ لـەدەنگدانی نەتەوەیـەكگرتوەكان لەسـەر بریارەكە چووم بـۆ توركیـا، بـۆ ئـەنجامدانی زنجیرەیـەك كۆبوونـەوە لەگـەڵ ئۆزالی سەرۆكی توركیا كەیەكـەم ولاتم بـوو لەوبیسـت ولاتـەی پیویسـت بـوو سـەردانی بكـەم. یـەكتر ناسـینی مـنو ئـۆزال ئەگەریتـەوە بـۆ رۆژانـێ كەلـەوەزارەتی دارایــی بــووم. لەبەرئــەوە ئابووریناســیكی بــەتوانا بــوو نوینەرایــەتی ولاتەكــەی ئــەكرد لــەبانكی نیودەولــەتی، ســندوقی دراوی نیودەولـەتی لەهـەمان كـاتدا ئینگلیزیـەكی باشیشـی دەزانـی. پیــاویكی روخۆشــەو بــەردەوام بــزە لەســەرلیوەكانیتی. لــەبریاردانددا ئەوپشــتی

بائارەزووەکانی دەبەست، نەك بەبیرۆکراتیەکی حکومی. یەکیك لەدەسکەوتەکانی ئۆزال ئەوەبوو رۆژیك پیش ئەوەی بگەمە ئەویٚو ئەو داواکاریەی پیشکەش بکەم بە فیعلی بریاری داخستنی بۆریە نەوتیەکانی دابوو. پیشی راگەیاندم کەئەزانیٚ ئەوبریارە رای جەماوەری لەگەلدا نابیت، بەلاٌم بریاریکی راستەو ریگە بەتیپەرینی تەنها یەك دلۆپیش نادات. هەروەها وتی: لەو بروایەدام سەدام پیاویکی شیت بیت، ئەگەر شەریش هەلگیرسا ئەوا سوپای عیراقی شەرناکات. لەکاتی کۆبوونەوەکەماندا ئۆزال تەلەفزیۆنەکەی دادەگیرساندو دەیکوژاندەوە، لە ریی کەنالی (CNN)وە بۆئەوەی ئاگاداری تازەترین گۆرانکاریەکان بیت. ئەو لەوبروایەدا بوو کە سەدام وەك زۆربەی ئەوانەی خۆیان بەشیر دادەنین، لەکاتی روبەرووبونەوەکەدا پلانەکەی دەگۆریٚ. ئاماژەی بەوەشدا لەماوەی کەمتر لە٣ هەفتەدا سزاکان ئەوکاریگەرییە جیٚدەهیلیٚ کەدەمانەویٚ.

چەند حەزم دەکرد راست بکات، بەلاٌم ئەگەر بارودۆخەکە بەوجۆرە نەبیت کەدەمانەویٚ ئەوا پیویستە دواجار داوای زۆرتر لەتورکیا بکەین. هەرلەسالی (١٩٦٦)ەوە ولاٌتەیەکگرتوەکان بریکی زۆری لەفرۆکەی سەربازی تاکتیکی لەبنکەیەکی ئاسمانی تورکیدا لەنزیك ئەنچەرلیکدا هیشتۆتەوە، بەردەوام بوونی هیزی سەربازی ئەمریکی لەتورکیادا جیٚی مشتومربووە. بەهۆی دژایەتیکردنی سیاسەتی ناوخۆوە تورکەکان ئەوەیان رەتکردەوە فرۆکەکانی ئەمریکا ئاسمانی ئەوان لەکاتی کیشەی بەبارمتەگیراوەکان سالی ١٩٨٠دا بەکاربهینن، ئەگەر شەر لەگەلٌ عیراقدا دەستی پیٚکرد ئەوا پیویستمان بەرەزامەندی ئۆزال دەبیت بۆنیشتەجیٚکردنی زیاتری فرۆکە

جەنگيەكانمان لەتوركياو، هەستان بەئەنجامدانی چەند هێرشێكی ئاسمانی لەبنكەی ئەنچەرلیك‌و بنكە ئاسمانی‌یەكانی ترەوە.

سەرەرای گەشبینی‌یەكەی گومانی ئەوەم هەبوو كە ئۆزال لەناخی خۆیدا هەست بكات كە ئیمە دواجار پێویستمان بەبنكەكانی توركا دەبێت. بۆپارمەتی‌دانی لەرووبەرووبوونەوەی دیپلۆماتە دەمارگیرەكان‌و رای گشتی توركیا، پێم راگەیاند كەوولاَتەیەكگرتوەكان ئامادەیە ئەوبرە پارەیە بدات كە بۆ قەرەبووكردنەوەی زیانەكانی توركیا پێویستن‌و بەبری یەك ملیار دۆلار مەزەندە دەكرێ، هەروەها دەمزانی پێداویستیە دەروونیەكانی توركیا زۆر لەداواكارییە ئابوورییەكانی گرنگترن، چونكە بەدرێژایی ساڵانێك تورەیی توركیا لەوە بوو كەهەندێ لەهاوریكانی لەناتۆدا ئیلتزامیان نەماوە. توركیا شەیدای ئەوەبوو وەك ئەندامیكی تەواو لەناتۆدا مامەلەی لەگەلدا بكرێ. هەروەها بۆبونە ئەندام لەكۆمەلەی ئەوروپی‌دا هێندە بەپەلەبوو دەتووت لەسەر ئاگرە. بە ئۆزالم وت: بەفیعلی وتوویژم لەگەڵ هاوپەیمانە سەرەكیەكانی ناتۆدا كردووەو من رێ پێدراوم بەوەی دووبارە جەخت لەسەرئەوە بكەمەوە كە ناتۆ مولتەزیمە لەسەر پاراستنی توركیا لەكاتی رووبەرووبوونەوەی هەرهێرشێكی عیراقیدا، وەك تۆلەكردنەوەیەك لەداخستنی بۆریە نەوتەكان. پیشم راگەیاند كەولاَتەیەكگرتوەكان بەرەسمی بریاری داوە بەتوندی پشتگیری داواكاری توركیا بكات بۆ بە ئەندام بوون لە یەكیەتی ئەوروپادا. هەرچەندە ئەم بریارە یەكێكە لەبریارە هەرە تایبەتی‌یەكانی یەكیەتی ئەوروپا.

ئۆزال لێرەدا پێزانینی خۆی دەربری، بەلاَم لیستێك داواكاری تایبەتی پێبوو.ئینجا وتی: خەملاندنی پسپۆرەكانی ئابووری توركیا ئاماژە بەوە

ئەدەن بری ئەو زەرەرانەی تورکیا دەیکات لەدەسکەوتەکانی فرۆشتنی نەوت بە ٢,٥ملیار دۆلار مەزەندە دەکریّ لەئەنجامی داخستنی بۆریە نەوتەکان.

وەك خۆئامـادەکردنیك بۆئـەم داواکاریـیە بـەر لەهەفتەیـەك گفتوگـۆم لەگەلّ سـەرۆك و هـاوریّی کـۆنم بـاربر کۆنـابل کـرد کەئـەندامیکی پیشـووی کۆنگریسی سەربەکۆماریخوازەکان بوو لەنیویۆرك و رۆنالدریگان لەسەر داواکاری مـن وەك وەزیریکی دارایـی کردبـووی بـە سـەرۆکی بـانکی نیودەولـەتی. هەسـتم بەکامـەرانی کـرد تـا بـەئۆزال رابگەیـەنم کـەبانکی نیودەولـەتی ئامادەیـە چـەند قەرزیك پیشکەش بەتورکیا بکات لەنیوان ملیاریك هەتا ١,٥ملیار دۆلار بۆهـەموو سـالیك و بـەدریژایی دووسـالی داهـاتووش. لەوبروایـەدام هـەموو ئـەوەی روویـدا پاساوی خۆی هەیە، بەلاّم لەهەمان کاتدا ئاماژەیەکی پراگماتی بـوو بـۆ واقعیکی سیاسی. ئەوەتا ئیمە پیویستیمان بەپشتگیری ئـۆزال هەیـە، بـەلکو لەوانەیـە زۆر بەتوندی پیویستمان بـەو بیـت لـەکاتیکیتردا. ئامـادەیی ئـەو هـەر لـە سـەرەتاوە بۆسەرکیشی و هاوبەشیکردنی لەپیناو ولاّتـە یـەکگرتوەکاندا هـانی دان بۆئـەوەی چـی دەویـت پیشکەشـی بکـەین. بـەدریژایی قۆناغـەکانی قەیرانەکـە ئـۆزال لـەخۆبوردە بـووە لەپشتگیریکردنی ولاّتەیـەکگرتوەکان، سـەرۆکیك بـوو خـاوەن دلّ و دەرونیکی گـەورەو ئازایەتیـەکی بـەرچاوی هـەبوو. هـەروەك شـیڤەر نـادزە جـار لـەدوای جـار ئامـادە بـوو تەحـەفوزاتی وەزارەتـی دەرەوەیـان تیپـەرینیّ و ئـەوەبکات کەراسـتە. ئـەمریکا چـەند خـۆش بـەخت بـوە کـەهاوریّ و هاوپـەیمانی وینەی ئەوی هەبووە. ئـەوە شـەرەفیکی گـەورەبوو کەببمـە نوینـەری ولاّتەکـەم و وەك هاوولاّتیـەکی ئاسـایی و لەسـەر داوای سـەرۆك کلنتـۆن سـالی ١٩٩٣لەبـەخاك سپاردنی تەرمەکەیدا بەشداربیم.

*     *     *

## جاریکیتر سۆڤیت

دوای ئـەوە بەشـیوەیەکی رۆژانـە قسـەم لەگـەڵ شـیڤەر نـادزە دەکـرد، ئەوانەی بەپسپۆر ناودەبرین شیڤەر نادزەیان دلنیا کردبوو کـە سـەدام هیـچ هیرشـیك ناکاتو ئیستا وتوویـژی ئـەوە دەکـەن کەلەتوانایدایـە کۆنـترۆلی بکـەن زیـاتر پییـان لیهـەلبریو وتیـان هەرەشـەکردن بەبـەکارهینانی هـیز کـاریکی پیویسـت نـیـە بۆگیرانـەوەی ولاتیکـی هاوپـەیمانی بـۆ سەر ریگای راست.

دەمزانی شیڤەرنادزە دوودلـەو حـەز دەکات پشتی ئیمـە بگریت، بـەلام رووبـەرووی فشـاریکی زۆر دەبیتـەوە. بـەردەوام جـەختم لەسـەر ئـەوە ئەکردەوە مەسەلەکە ئەوەنییە بیانوویەك بۆبەکارهینانی هیز شك ببەین، بەلکو ئیمـە پیویستمان بـەوە هەیـە ئامادەیی خۆمـان بۆبـەکارهینانی هـیز نیشان بدەین تا سەدام ناچاربکەین لەکوەیت بکشیتەوە. لەوماوەیەدا شیڤەر نـادزە رەزامـەندی خۆی لەسـەر دووبریـاری نەتەوەیـەکگرتووەکان نیشـاندا. یەکـەمیان نـارەوایی داگیرکردنی کوەیـت لەلایـەن عـیراق، دووەمیـان داوای ئـازادکردنی خـیرای ئەوهاوولاتیـە بیانیانـە دەکات کەسـەدام بـەفیعلی وەك بارمتە دەستی بەسەردا گرتوون. بەلام هاریکاری نیوان دوو هـیزە مەزنەکە خـەریك بـوو بـەبن بەسـت ئەگەیشـت، کاتـێ لەناوەراسـتی ئـابدا دەزگـا ئیسـتخباراتیەکانی ئـەمریکا رایـان گـەیاند کەکەشـتیەکی بازرگـانی سـۆڤیەتی بەئاراسـتەی بـەندەری عـەدەنی یەمـەنیدا دەرواتو بریـك نەوتی عیراق هەلگرتووە.

مشـــتومرکردن ســـەبارەت بـــەوەی ئایـــا ئـــەم کەشـــتی‌یە پیویســـتە بەبەکارهینانی هیز رابگیریت، یەکیك بوو لەوهەلویستانەی زۆربەکەمی لەبەرامبەریدا خۆم بەگۆشەگیر دەزانی لەهاوریکانم وەك (چینی‌و سکوکروفت‌و پاول، کەهەموویان بەپیویستیان دەزانی دەبیت کەشتی‌یەکە رابگیریت، بەلکو هەندێ داوای نوقم کردنی کەشتیەکەیان دەکرد ئەگەر خۆی لەفیشەکی ئاگادارکردنەوەی ئەمریکا گیل کرد. هەندیك لەوەزارەتی دەرەوە چونە پال ئەوانەی پشتگیری ئەم بۆچونەیان دەکرد. لەبەر رۆشنایی گفتوگۆکانم لەگەڵ شیڤەر نادزە دلنیابووم کەهەرکردەوەیەکی تاکرەوانە لەلایەن ئیمەوە لەم کاتەدا مایەی ماڵ ویرانیە.

ئەوەتا ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی دەنگی لەسەرسەپاندنی چەند سزایەك بەسەر عیراق داداوە، بەلام ریگا بەبەکارهینانی هیزی سەربازی نادات بۆجی‌بەجی‌کردنی بریارەکە، بەبێ هیچ رەزامەندیەکی ئاشکرای تازە لەنەتەوەیەکگرتوەکانەوە. لەوە دلنیابووم بەدوورکەوتنەوەی سۆڤیت لەهاوپەیمانیتی‌یەکە، کارەساتیك روودەدات کە بەدلنیایی‌یەوە دەبیتە مایەی هەرەشە لەتەواوی ستراتیژیەتەکەمان.

پەیوەندیم بەشیڤەرنادزەوە کردو ئاگادارم کردەوە کەمن پیشنیازی ئەوەم بۆ سەرۆك کردوە تا واز لەریگەگرتنی کەشتی‌یەکە بهینێ، بەلام بەمەرجیك سۆڤیت پشتگیری لەدەرکردنی بریاریکی نوێی نەتەوەیەکگرتوەکان بکات کەریگە بەبەکارهینانی هیزی سەربازی ئەدات بۆجی‌بەجی‌کردنی گەمارۆ بازرگانیەکە. شیڤەر نادزە بەم هەوالە خۆش حاڵ نەبوو وتی: سۆڤیتیەکان ئەیانەوێ پیش ئەوەی هەرهەنگاویکی تازە بنین دلنیابن کەعیراقیەکان گەمارۆکەیان پیشیل کردووە.

لە ٢٠ی ئابدا شیڤەر نادزە پێی ڕاگەیاندم کە سۆڤیت دەتوانێ قەناعەت بە سەدام بکات بۆ ئەوەی بێهیچ مەرج بکشێتەوەو داوای کرد پێنج ڕۆژی بدەینێ بۆکۆتایی هێنان بەم مەسەلەیە. منیش ڕازی بووم لەسەر گەیاندنی داواکاریەکەی بەسەرۆك، بەڵام پێشنیازم کرد ماوەکە کەمتر بکرێتەوە.

تەلەفۆنم بۆسەرۆك کرد لە کینیبنکبۆرت، بەڵام پێشنیازەکەم توشی نائومێدیەکی ئاشکرایکرد. هەموان ئەوەیان پێوتبوو کەریگەدان بەوکەشتیە کار لەورەی ئەمریکا ئەکات. منیش بەسەرۆکم وت: (گەر سۆڤیتمان دۆراند هەلویستمان زۆرخراپتر دەبێ لەوەی کەشتیەکە بدۆرینین). پاش کۆبونەوەم لەگەڵ (چینیو پاولو سکوکروفتو لاری ئیجلبیر)دا ئەوانیش بێچەندووچون هاتنە سەر ڕاکەی من.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ئاب تەلەفۆنم بۆشیڤەر نادزە کردو پێم ڕاگەیاند ٣ ڕۆژ لەبەردەم سۆڤیتدایە، چونکە سەرۆك ڕازی بوە لەسەر دواخستنی دەنگدان لەسەر بڕیاریکی تازەی نەتەوەیەکگرتوەکان هەتا ڕۆژی شەممە٢٥ی ئاب. پاشان پرسیم: (بەڵام ئیستا پەیمانم ئەدەیتێ ئەگەر ڕۆژی شەممە دەست بەکاربوین پشتگیری ئەوان بەدەست دەهێنین؟ شیڤەر نادزە پەیمانی دامێ کەلەمەسەلەکە بکۆڵنەوە).

لە ٢٤ی ئابدا شیڤەر نادزە تەلەفۆنی بۆکردمو پێی ڕاگەیاندم کە گۆرباچۆف نامەیەکی هەرەشە ئامیزی بۆ سەدام ناردوەو داوای لیئەکات ئەگەر دەیەویت لە کوەیت بکشیتەوە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا وەڵامیکی یەکجارەکیو رونی بداتەوە. پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوای لەوەزارەتی دەرەوە نامەیەکم پیگەیشت کە ئەمە دەقەکەی بوو:

(جیمس، پەیمانم دابویتێ سەعات (١١) بەکاتی مۆسکۆ تەلەفۆنت بۆبکەم، بەڵام لەبەر سەرقاڵبونم لە کریملن داوای یارمەتی لە ماتلۆکی بالویز دەکەم بۆگەیاندنی نامەکەم. وەڵامم لەعیراقیەکان وەرگرت، لەوبروایەدام تەعلیق دان لەسەر وەڵامەکەیان کاریکی بێسوودە. بەمجۆرە بریارماندا زانیاریەکانمان بۆ نوینەرەکانمان بنیرین لەئەنجومەنی ئاسایشدا بۆپەیوەندی کردن بە بیکرینجی بالویزو دوونوینەرەکەیتر لەئەنجومەنی ئاسایشی نیونەتەوەیی. هەروەك پیم راگەیاندن پیشنیازی چەند گۆرانکارییەکی دیاری کراو ئەکەین لەسەر پرۆژەی بریارەکە، پیموایە ئیستا لەتوانای نوینەرەکانماندایە دەست بەوتوویژ بکەن لەنیوان خۆیانداو لەگەڵ ئەندامەکانیتری ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی بۆ بریاردان لەسەر پرۆژەی کارەکە. ئەگەر هەرپرسیاریکیترت هەبوو سبەینێ ئامادەم گەرپەیوەندیت پیوەکردم). دلسۆزتان شیڤەر نادزە.

بۆ خۆم چاك شیڤەر نادزەم دەناسی، ئەمەش بەس بوو تا لەزمانی نامەکەی تیبگەم کە مانای وایە ئەو بەتەواوەتی بیزاربووە لەلوبی عەرەبی لەوەزارەتەکەیداو هەروەها لەعیراقیەکانیش. سەدامیش هەلەیەکی گەورەی لەحساباتی خۆیدا کرد کاتیك بە ئیجابیانە وەڵامی سۆڤیتی نەدایەوە، بەم جۆرە نفوزی لوبی عەرەبی لەوەزارەتی دەرەوەی سۆڤیتی لەسەر گۆرباچۆفو شیڤەرنادزە کەم بووەوە.

سەر لەبەیانی رۆژی دوای واتە ٢٥ی ئاب، ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی بریاری ٦٦٥یدا کە هەموو مامەلەکردنیکی بازرگانی لەگەڵ عیراقدا قەدەغە دەکات بە گرتنەبەری هەموو ریگایەك. ئەم بریارە

بەزۆرینەی ١٣ دەنگ بەرامبەر بەهیچ دەرچوو، لەگەڵ دەنگ نەدانی دوو وڵات کە کوباو یەمەن بوون.

پیموایە پشتگیری کردنی سۆڤیەت لەبریارەکە خۆی لەخۆیدا ساتیکی زیندووبوو لەپرۆسە دیپلۆماتیەکەدا، چونکە بەبروای من دەنگدان لەسەر بریاری بەکارهینانی هیز بێ ئەو پشتگیریە لەتشرینی دووەمدا قورس بوو. ئەگەر مادەی (٥١)مان جێبەجێ بکردایەو ئەو کەشتیەی سۆڤیەتمان نوقم بکردایە، لەو بروایەدام پشتگیری سۆڤیتمان بەدەست نەدەهینا، بۆ ئەم بریارەی ریگە بە بەکارهینانی هیزی سەربازی دەدات بۆ جێبەجێکردنی گەمارۆ بازرگانیەکە. هەروەها بۆ بەکارهینانی هیز لە پیناو دەرکردنی عیراق لەکوەیتدا. ئەگەر ئەوە روویبدایە لەوانەبوو هاوپەیمانیەکە خۆشی لەناوبچوایە، ئەوەبوو لەکۆتاییدا ریگە بە کەشتیەکە درا کە بگاتە بەندەرەکە.

## گەشتیکی کورتی لەناکاو

گۆشەگیربوونی سەدام خەریك بوو رەوتی خۆی وەردەگرت. لەگەڵ سەرەتای مانگی ئەیلولدا نەتەوەیەکگرتووەکان پینج بریاری دەرکرد. پشتگیری کردنی دیپلۆماتی لەنەتەوەیەکگرتووەکانەوە هەرچەندە گرنگو یەکلایی کەرەوەیە، بەڵام هیشتا بەس نیە. هەروەها لەدیدیکی دیپلۆماتیو ئەخلاقیەوە پیویستیەکی ئیجگار زۆرمان هەبوو بۆ پیداگرتن لەوەی کە چەند ئیلتیزامیکمان لەرووی داراییەوە لەوڵاتەکانی ترەوە دەست بکەویت بۆ یارمەتیدانمان لەزامن کردنی ئەو بریارەیەی پرۆسەکە پیویستی پیی دەبیت.

لیرەدا کەمترین شتیك کەپیشبینی بکریت لەو ولآتانەی یارمەتیان دەدایـن، هەروەها لەهەموو ئەو هاوپەیمانیانەمان کە لەکیشەکەدا لەگەلماندان ئەوەیە، لەبەرامبەر ئەمەدا بینە سەنگەری ئیمەوە نەك تەنها بە پیشکەش کردنی بریکی گەورەی هیز، بەلکو بەدابین کردنی تیچوونی دارایی پرۆسەی پشتینەی بیابان.

تەواو بیگومان بووین لەوەی کە ئەگەر شەرەکەش ئەنجام نەدەین، هیشتا هەر بریکی زۆر پارەی تیدەچیت. ئەوەتا ئیمە سەدان هەزار سەربازمان کۆکردۆتەوەو بەخۆیانو کەرەسەکانیانەوە بەرەو کەنداو بەدەریاو ئاسماندا دەیانگویزینەوە. تەنها بەگەیشتنیان بۆئەوێ پیویستە بۆ ماوەی چەند مانگیك هەموو شتیکیان بۆ دابین بکەین، هەر لەموشەکەوە بیگرە هەتا بچوکترین شت کە دەرمانی دەمودان شوشتنە. خەملاندنە سەرەتاییەکانمان بۆ تیچونی ئەو پرۆسەیە کە لە لایەن وەزارەتی دارایی ئەمریکیەوە کرابوو ئەگەیشتە دەیان هەزار ملیار دۆلار. جگە لەوە هەستمان کرد ئیلتزامیکی ترمان لەسەرە ئەویش دابین کردنی ئەو پارانەی پیویستن بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانە ئابوورییە قورسانەی رەنگە گەمارۆ بازرگانیەکە بەهەندێ لەهاوەلەکانمانی بگەیەنێ لەهاوپەیمانیتیەکەدا وەکو میسرو تورکیا.

لەکاتیکدا کە بارودۆخیکی ئالۆزی ئابووری ئەمریکای گرتبووەوە، مەحال بوو لەرووی سیاسیەوە پشتگیریەکی ناوخۆ بۆ پرۆسەکە بەدەست بهینرێ، ئەگەر ئەوە نەسەلیت کە ئەمریکا ناچیتە ژیر باری ئەو تیچوونەوە، لەکاتیکدا دەولەمەندەکانی تری وەك ئیمە خۆیان دوورەپەریزو تەریك کردووە.

ئەمە ئەسلی ئەو مەسەلەیە بوو کە لەرۆژنامەگەریدا بەناوی (گەشتە کورتە لەناکاوەکەی بیکەر دەنگی دابۆوە). ئەو گەشتە یانزە رۆژی خایاند بۆ نۆ ولات، جگە لە کۆبونەوە بالاکەی بۆش و گۆرباچۆفی گرتەوە لە هلسنکی. هەروەها وتویژیکی یەکلاییکەرەوە لەمۆسکۆ سەبارەت بەیەکیتی ئەلمانیاو سەردانیکی دیمەشق بۆ قەناعەت پیکردنی سەرۆك حافز ئەلئەسەد بۆ بەشداریکردن لەهاوپەیمانیەکەدا.

گەشتەکە دەستی پیکردو لەدوو ولاتدا کۆتایی پیهات کە پشتگیری کردنی داراییان بۆ هەولەکانمان ئیجگار گرنگ بوو، ئەو دوو ولاتەش سعودیەو ئەلمانیای رۆژئاوا بوون.

لەو گەشتەدا لەواشنتۆنەوە بۆ عەرەبستانی سعودی کە ١٢ سەعاتی خایاند لەگەل هاوکارەکانمدا بەدوای ئەو ژمارە دیاریکراوەدا گەرام کە دەمانویست لەهاوپەیمانە عەرەبەکان دەستمان بکەویت. بەهەموو ئەو لاپەرانەدا چوینەوە کە تایبەت بوون بە تەحلیلاتی دارایی‌و لەلایەن پنتاگۆن‌و وەزارەتی دارایی‌و وەزارەتی دەرەوە ئامادەکرابوون بەمەبەستی هەولدان بۆ خەملاندنی تیچوونی پرۆسەی پشتینەی بیابان. دەبیت ئاماژە بەوەبدەین کە ئیمە ماندوبوین لەپیاچونەوەی ئەو بەیاناتانەدا بەمەبەستی گەیشتن بەریکەوتنیکی راستگۆیانە سەبارەت بە قەوارەی ئەو بڕە پارەیەی پیشبینی دەکریت پرۆسەکە تیی بچیت‌و بەشی عادیلانەی هەریەك لەسعودیەو کوەیت-یش بزانین کە بەر هەریەکەیان دەکەویت. بەلام ئەوەی راستی بیت ئیمە لەم قۆناغەی کیشەکەدا دەمانزانی پیویستی دابەش کردنی تیچونەکە بەپلەی یەکەم تەقەلایەکی سیاسییە نەك ئابووری.

پیویست بـوو لەسـەرمان لـەناو خـۆدا بـەهاوولأتیان رابگەیـەنین کـە هەمووان- وەك یـەك-نـەك تـەنیا ئیمـە-رووبـەرووی مەترسـیەکان دەبنـەوەو قوربانی ئەدەن.

*   *   *

لە (٦)ی ئەیلولدا گەیشتمە جدە و سەعات (٩) لەگەڵ فـەهد کۆبومـەوە. پیش گەیشتنم بە سعودیە ئەو هەستەم لا دروست بـوو کـە هاوکاری تـەواو دەکریین لـە لایـەن سـعودییەکانەوە، هـەروەك دەسـت و پیوەنـدەکانی فـەهد خۆی ئیجگار سـەرقالی هەرەشـەی سـەدام بـوو کـە هـەمووی نزیکـەی چـەند سەد میلیـك لـە سـنورەکانیەوە دوورە. فـەهد وای دەبینـی کـە ولأتەکـەی لـە بەردەم مەترسیەکی گەورەدایـە. هـەر لـە سـەرەتاوە سـعودیەکان لـە هـەموو ئەندامەکانی هاوپەیمانیەتەکە خوین گەرمتر بوون.

کاتـێ چینـی گەیشـتە سـعودیە بـۆ ئـەوەی داوای ئـەوە بکـات ریگـەی پـێ بدریت هیزی ئەمەریکی رەوانـەی ناوچەکـە بکـات، شـا فـەهد زۆر بـە وردی بیری لە مەسـەلەکە کردبـۆوە پیش ئـەوەی دەسـت بکـات بـە کۆبوونـەوەکـە. سـعودیەکان ئاواتیـان دەخواسـت لەگـەڵ عیـراقیـەکان نەگەنـە چارەسـەریکی دیپلۆماتیانە، چونکە ئەوان نەیاندەویست تەنها لـە کوەیـت دەربکـرێ بـەلکو دەیانویست لـەناوببرێ. لـەلای ئەوانـەوە تەنـها چارەسـەر شـەریك بـوو بـە سـەرکردایەتی ولأتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، بـە مەبەسـتی لـەناوبردنی ئامیرە جەنگیەکانی سەدام بەیەکجاری و بۆ هەتا هەتایە.

هـەر لەسـەرەتاوەو بـەردەوام سـعودیەکان پشـتگیریان لـە بـەکارهینانیکی فراوانی هیز دەکرد. دەمـانزانی گـەر شـەرەکە دەسـتی پیکـرد دەسـت بـەجێ

ریگامان پێئەدرێ بۆ بەکارهینانی بنکە سعودیەکان لە پرۆسەکاندا. بەلام گومانمان هەبوو کە فەهد ئامادەیی تیدابیت بۆ چوونە ژیر باری هەر داواکاریەك لە رووی دارایی‌یەوە کە ئەمریکییەکان داوای لی بکەن.

شاس فریمانی بالویزمان هانی دام تا زیادەرەوی لە ژمارەکاندا نەکەم. پیش کۆبوونەوەکە پیّی راگەیاندم (ئەوان لەخۆ ئامادەکرندان بۆ دابین کردنی پارەکە، لەبەرئەوە ئیستا داوای زۆریان لی مەکە)، بەلام من رازی نەبووم.

لە کاتی کۆبوونەوەکەدا فەهد پیزانینی خۆی دەربری سەبارەت ئەو هەولانەی ئەمریکا داویەتی دەربری و وتی: (ئیمە لە نیوان ئاشتی و ئەو ویرانکاریەی سەدام بەسەر ولاتەکەماندا دەیهینێ وەستاوین). قسەکانی فەهد توندو بە تویکل بوون دژی سەدام، ئەمەش شتیکی چاوەروان کراوبوو لەبەر رۆشنایی ئەو هەرەشەیەی ولاکەی رووبەرووی دەبۆوە. منیش پیم وت: (ئیمە ئامادەین نەك هەر سامانەکەمان بەلکو خۆیشمان بخەینە خزمەت ولاتەکەتانەوە، ئیمە پیویستمان بەوە هەیە ئیوە لای خۆتانەوە بچنە ژیر باری بەشە عادیلانەکەی خۆتانەوە). بەردەوام بووم و وتم: (پیم وایە بری ١,٥ ملیار دۆلار بەشداریکردنیکی گونجاوە بۆ ئیوە). فەهد خیرا رەزامەندی خۆی نیشانداو رایگەیاند: (پیویستە پیمان رابگەیەنیت کە تۆ چیت ئەوێ و ئیمەش پیویستە چی بکەین، دەبیت وتویژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەش بکەیت). ئەمە پیزانینی فەهد بوو لە ئەنجامی ئەو ئامادەییەی ئەمریکا نیشانیدا بۆ ولاتەکەی. کاتێ کۆبوونەوەکەم جیّهیشت هەستم کرد، لەسەر هەر ژمارەیەك کە پیشنیازی بکەم رازی دەبن. سەرلەبەیانی رۆژی دوایی کاتی بەرچایی چاوم کەوت بە وەزیری دەرەوە سعود ئەلفەیسەلی

دەرچوی برینستۆن و میر بەندەری ،بالویزی سعودیە لە واشنتۆن کە هەردووکیان بە ئاشکرا بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دابەش کردنی برە پارەکە دەربری. پاشان بەندەر وتی: (داوای ١,٥ هەزار ملیار دۆلار لە ئیمە مەکە، گەر هیندەی ئەوە لە کوەیتیەکان وەرنەگریت، چونکە ئەوان دەتوانن بچنە ژیر باری ئەم برە پارەیەو ئەوان چیان دەست دەکەویت گەر ولاتەکەیان بۆ نەگەریتەوە و رزگار نەکرین؟ لەبەرئەوە پیویستە ئەوەندەیان داوا لی بکەیت کە لە ئیمەت داواکردووە، ئەو کات هەرچیەکت داواکردەوە دەستت دەکەویت.

دوای ئەوە رووم کردە تائیف بۆ کۆبونەوە لەگەڵ میری کوەیت، ئەو پیاوە هیمنەی کە لە نازو نیعمەتدا گەورە بووە و سیانزە ژنی هیناوە. داگیرکارییەکە کاریگەرییەکی ئیجگار توندی لەسەر میر هەبوو، ئەوەتا میریکی دەرەبەگ لە ولاتەکەی خۆی دەرکراوەو بۆ ماوەیەکی کاتی و بە ناچاری پەنای بردوەتە بەر میوانخانەی شیراتۆن لە ولاتیکی دراوسیدا.

لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو سەردانەکانی وەزیری دەرەوە جیی رق و بیزاری ئەو بوو کە داوای ملیۆنەها دۆلاریان لیدەکرد. ئەم کۆبونەوانە بەردەوام بە لیشاویك لە پرسیاری رۆژنامەنووسە ئەمریکیەکان کۆتایی دەهات. لەم کاتەدا میری کویت لەوپەری نارەحەتیدا بوو، چونکە بە دریژایی ژیانی تووشی شتی وا نەبوو بوو. کاتی بۆ یەکەم جار قسەم لەگەلدا کرد، ناچار بوم ئەو بزەیە بشارمەوە. بینیم زۆر خراپ رووی گرژ کردبوو. پاش رۆیشتنی رۆنامەنووسەکان پیی وتم: (ئەمە تەقلیدی ئیمە نییە). منیش خۆم پی رانەگیراو وتم: (من دلنیام کە بەریزتان لەگەلیدا

رادين) لەم كاتەدا هەستى بە ئارامیەك كرد لەگەڵ ئەوەشى كـە ئـەزمونيكى ناخۆش بوو. مير –وەك شا فەهد- بە ئاسانى لەسەر پيشكەش كردنـى بـرى ئـــەو ١,٥ مليـــار دۆلارەى ســـعوديەكان وتبويـــان بـــە ئاســـانى دابينـــى دەكەن رازى بوو.

دواى سەردانيكى لە ناكاو بۆ وڵاتى ئيمارات، بينينى هاورێيەكى ديرينم سەردانى قاهيرەم كرد. يەكەم جار كە حوسنى موبارەكم بينى، ئەگەريتـەوە بـۆ سـەردەمانى حوكمـى ريگان لـە سـالى ١٩٨٠. ئـەوكات سـەرۆكى هەيئـەى كارمەندانى كۆشكى سپى بووم. تا ئيستاش ئەو چـەند وشـەيەم لـە يـادە كـە لـەويدا پـێى وتم. موبـارەك بـە چوسـتى و چالاكيـەوە هاتــە ژوورەوە و بــە گەرمى تەوقەى لەگەڵ كردم و پرسى (كوا تانكەكانم؟) كاتى خـۆى ئيـدارەى كارتــەر پــەيمانى پيدابــوو ژمارەيــەك تــانكى بداتــێ، بــەڵام هيشـــتا وەرى نـەگرتبوو. بـە نـەرمى گلـەيى لى كـردم و وتـى (پـەيمانى چــەند تانكيكتــان دابومــێ، ئــەو تانكانــە لـــە كويـــن ئەمانـــەويت؟). لەوكاتـــەوە موبـــارەكم خۆشويست. حەزى ئەو لە شۆخى و روخۆشى كە خەسلەتى گەلى ميسـرييە، تەواوكـەرى ئـەو جـۆرە كەسـايەتييە جەسـورو ئازايەيـە كـە ئـەنوەر سـاداتى پيـش خۆيمـان وەبـير دەهينيتـەوە. ئـەو رۆژەى لـە ئەسـكەندەريە لــە كـاتى بـەرچاييدا بينيـم، موبـارەك هيشـتا هـەر تـورە بـوو، چونكـە سـەدام حسـين چاوبەسـتى ليكردبـوو، كـاتيك پيـــش ٢ى ئــاب پــێى وتبــوو بــە نيــاز نيــە كوەيت داگير بكات.

هەروەك چاوەروان دەكرا، موبـارەك لـە سـەدام حسـين زۆر بـە داخ بـوو. هەروەك خويەكى ئاشكراى خـۆى لـە كـاتى تورەبونـدا هـەيبوو پەنجـەى بـۆ ئاسمان بـەرزكردەوە و وتـى: (جيـم، مـن پيـت ئـەليم پيـاويكى شـيتە، چـۆن

هەتا ئەم رادەیە شیت دەبیت؟ چۆن بەم شیوەیە خۆی هەلدەخەلەتینیت و گوێ لە هیچ کەس ناگریت). کاتێ زانیم رقی موبارەك لە سەدام بێ ئەندازەیە، سەرسام بووم. موبارەك تەئکیدی کردەوە کە سەدام ئەفسانەیە لە کرینی هاوسیکانیدا. ئەوە بوو لە سالی ١٩٨٩دا قەناعەتی بە موبارەك کردبوو تا بچیتە پال عیراق و ئوردن و یەمەنی باکوور بە مەبەستی دامەزراندنی ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان. بەلام پاش داگیرکارییەکە، بۆ موبارەك ئاشکرا بوو روون بۆوە کە سەدام بە نیازە ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی بقۆزیتەوە بۆ پتەوکردنی ئامانجە ستراتیژیە ناوچەییەکانی خۆی.

سەدام چەند دیارییەکی بۆ موبارەك و ژمارەیەك لە وەزیرەکانی پیشنیار کردبوو، کە ژمارەیەك مارسیدس بوون. موبارەك ئەو دیارییەی خۆی و وەزیرەکانیشی رەتکردەوە. بەلام ئەوانی تر دەست بەجێ رەتیان نەکردەوە. موبارەك وتی: (بچۆ بۆ عەممان لەوێ هەموو مارسیدسە تازەکان دەبینی).

موبارەك هەلویستی لە دژایەتی کردنی سەدام وەکو سعودیەکان تەواو توند بوو. بە جۆریك رای خۆی دەربری کە دەبیت تواناکانی سەدام حسین لەناوببرێ لەسەر هەرەشە لیکردنی دراوسیکانی. ئامادەیی خۆشی نیشاندا بۆ ناردنی هیزی میسری، تا بەشداری لە هاوپەیمنیتییەکەدا بکات. موبارەك هەستی بە خۆشحالیەکی زۆر کرد کاتیك زانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیە ئەو قەرزانەی لەسەر هەلبگر کە بە بری ٧ ملیار دۆلارە. دەیویست ریوشوینی پیویست دژی سەدام بگیریتە بەرو لەو بروایەشدا بوو کە مەسەلەکە زۆر ناخایەنیت. لە ماوەی شەش هەفتەدا

سزاکان سەدامی زەلیل ناچار دەکەن، بە شەرمەزاری و سەرشۆریەوە لە کویت بکشیتەوە. منیش وتم: (جەنابی سەرۆك ئومید ئەکەم ئەمە راست بیت، بەلام نابیت نەخشەکانمان لەسەر بنچینەیەك دابنیین کە ئیتر ئەمە راستی‌یە؟ پیویستە پلانەکانمان لەسەر ئەو بنچینەیە دابریژین کە پیویستە فشارەکانمانی بەردەوام لەسەر زیاد بکەین).

## بەشیکی تر لە مۆسکۆ و هلسنکی

لە قاهیرەوە بەرەو هلسنکی بەریکەوتم بە مەبەستی بەشداریکردن لەگەل سەرۆك بۆش، لەو کۆبونەوە بالایەدا کە بە پەلە لەگەل گۆرباچۆفدا ریکخرابوو، بە مەبەستی یەکخستنی هەولی ولاتە زلهیزەکان تایبەت بە کیشەی کەنداو.

ئەم کۆبونەوەیە دەرئەنجامیکی مەنتیقی ئەو وتوویژانە بوو کە پیش مانگیك لە فرۆکەخانەی فنۆکۆفۆرح لەگەل شیڤەر نادزە کردبوومان.

لەو ماوەیەدا سەدام سەرقالی ئەوە بوو کەلینیك بکاتە ریزی ولاتانی عەرەبی و، لیبراوانەش لەگەل هەوادارەکانی لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیتیدا کاری بۆ ئەمە دەکرد. لەوکاتەدا زۆر پیویست بوو جەخت لەسەر ئەوە بکریتەوە کە هیزە گەورەکان هەلویستیان لە کیشەکە وەکی خۆیەتی. شەوی رابردوو لە کاتی کۆبوونەوەمدا لەگەل سەرۆك و کسۆکروفتدا سەبارەت بەو کۆنگرە بالایەی یەك رۆژ دەخایەنیت، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆبوونەوەی سەرۆك و گۆرباچۆف، نابیت سەرلەنوێ هەر جەخت کردنەوە بیت لەسەر ئەو راگەیاندنانەی کە وەزیرانی دەرەوەی هەردوو ولات لە فرۆکەخانەی فنۆکۆفۆ/ ٢ رایان گەیاندبوو. لیرەدا پیویست بە دەرکردنی

بەیانیکی هاوبەش دەکات، بۆ پتەوکردنی زمانی بەیانەکەی پیشوو. لە کاتی گەشتەکەماندا لە قاهیرەوە بۆ هلسنکی داوام لە هاوکارانم کرد کە پرۆژەی بەیانیکی هاوبەش ئامادە بکەن، دەرکردنی بەیانیکی هاوبەشی بەهیز ئاشکرای دەکات کە سەرباری هەولەکانی سەدام، سەرانی هاوپەیمانیەتیکە هیشتا یەکیەتی نیوانیان بەکارەو لە کاتی پیویستدا ئامادەن بۆ گرتنە بەری ریوشوینی توندوتیژتر بۆ ناچارکردنی سەدام تا لە کویت بکشیتەوە، هەروەها سەرۆك ویستی بانگەوازیکی شەخسی ئاراستەی گۆرباچۆف بکات، چونکە کە هەستی بە نیگەرانیەکی ئاشکراو گەورە دەکرد لە نیازەکانی سیاسەتی ئەمریکی و ئەگەری بەکارهینانی هیز بە رادەیەك زیاد لەوەی کە شیڤەر نادزە پیی راگەیاندووە.

سەرلەبەیانی ۹ی ئەیلول لە کاتی کۆبوونەوەکەی سەرۆك بوش لەگەڵ شیڤەر نادزەو گۆرباچۆف لە کۆشکی سەرۆکایەتی، دووقۆلی لەگەڵ شیڤەرنادزەدا کۆبوونەوە.

پیش چەند رۆژیك گۆرباتچۆف و شیڤەرنادزە دوو گوتاریان خویندەوەو تیایدا چارەسەرکردنی کیشەی کەنداویان بە کیشەی فەلەستینەوە بەستبووەوە. من وتم: (ئەدوارد ئەمە دەبیتە مایەی کارەساتیك، ئەمە وەك ئەوە وایە بلیی سەدام ئەو گوتارەی خویندۆتەوەو شتیکی دەستکەوتووە کە کەس بیجگە لەو ناتوانی بە دەستی بهینی، ئەمە دەبیتە سەرکەوتنیکی بیوینە سەدام و سەرەنجام عەرەبە میانرەوەکان دەخاتە هەلویستی بەرگری کردنەوەو جۆرەها کیشە لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا دەوروژینیت).

با زۆر بە سادەیی بدویم و بلیم: (نابیت ئەم کارە بکەین). پاش وتوویژیکی زۆر شیڤەرنادزە وتی: (باشە رازیم، بەلام ریگەمان بدەن بە

شیوەیەکی تر قسە لەسەر ئاشتی بکەین). وەڵامم دایەوە: (پیویستە جەخت لەسـەر گەیشتن بـە چارەسـەریکی ئاشتیانە بکەینـەوە، هـەروەها بایـەخ بـە زامنکردنـی سـەرکەوتن بدەیـن، ئەگـەر سـزاکان کایگـەری خـۆی نـەبوو ئـەوا ئامادەین چـەند هـەنگاویکی زیـاتر بگرینـە بـەر. هیـوام بـەوە هەیـە ئەگـەر سزاکان سوودی نەبیت و چالاکیيەکە بە ئەنجام نەگات، ئـەوکات هەست بـە ئازادییـەکی تـەواو دەکـەن بـۆ هاتنـە پـاڵ ئیمـە لـە ئەنجومـەنی ئاسایشـی نیودەولەتیدا، هەلسوکەوت کردن بە پێی بەندەکانی ئـەو بریـارەی تایبـەت بە گەمارۆی دەریـایی دەرچـووە- ئیمـە لـیرەدا وتوویـژ لەسـەر بـەکارهینانی ریوشوینی گونجاو دەکەین. مـن داوات لی ناکـەم وەرەقەیـەکم بـە سـپیتی بـۆ ئیمزا بکەی و بلیم دەبێ هەر ئەمرۆ ئەنجامی بدەی.

★ ★ ★

شیڤەرنادزە وەڵامی دایەوەو وتی: (من تەواو لەگەل بۆچونەکانتا تـەبام، هەموو ئەوانەی کردمان راسـت بـوون، لەوانـەیشە شکسـت بـهینێ. پیویسـتە ئـەوە بلیـم کـە ئیمـە مامەلـە لەگـەڵ کەسـیکدا دەکـەین نـاتوانرێ پیشـبینی هەلسوکەوتەکانی بکرێ، بەڵام ئامادەیە سەرکیشی بکات).

هینــدەی نــەبرد ئــەوکات پــرۆژەی بــەیانیکی هاوبەشــی پیشــنیازکراو راگەیەنرا، ئەو بەیان نامەیەی هاوکارەکانم ئامادەیـان کردبـوو، دەسـتم کـرد بــە خویندنــەوەی بــۆ شـیڤەرنادزە. دارشــتنی پـرۆژەی بەیانەکـە چــەند ئاماژەیەکی لەخۆگرتبوو لەوانە: (هەنگاونانی زیاتر کـە بـۆش و گوربـاچۆف لە کاتی رازی نەبوونی سەدام بـە کشانەوە لـە کوەیتـدا دەیگرنەبـەر. پاشان

وتی: (ئەمە باشە، ئەمە زۆر باشە. با دینس رۆس و سیرجی تاراسنیکۆ دەست بکەن بە ئیش کردن لە پرۆژەی بەیانەکەدا).

کاتێ گەرامەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی کۆبوونەوەکەمان بە سەرۆك رابگەیەنم، هەر زوو بۆم ئاشکرا بوو کە گۆرباچۆف بە توندی پێی لەسەر مەسەلەی کۆنگرەی نیودەولەتی تایبەت بە رۆژهەلاتی ناوەراست داگرتووە، گویم لێبوو دەیوت: (چاکە، لەو بروایەدام خەریکە داوای ئەوە بکات کە کۆنگرەیەکی نیودەولەتی ببەستریت). نیگەرانی دایگرتم لە ئەگەری رازی بوونی لەسەر بیرۆکەکە. سەرەنجام کۆمەلیکی بچوکمان بە لیکۆلینەوەی مەسەلەکەوە خەریك بووین کە لەمانە پیکهاتبوو: (سکۆکرافت و سنونوو روس جۆن کیلی و کوندی رایس و ریچارد هاس)، ئەمەی دواییان یاریدەدەری تایبەتی سەرۆك بوو بۆ کاروباری رۆژهەلاتی دوور.

رۆس بێئەندازە هەلچوو وتی: (نابێ ئیمە ئەمە بکەین، چونکە ئەمە دەبیتە مایەی لەناوبردنی هەموو ئەوەی هەولی بۆ ئەدەین. ئیمە بەم کارە عەرەبە میانرەوەکان دەخەینە هەلویستیکەوە کە تیایدا سەدام شتیك ئەبەخشیتە فەلەستینیەکان کە ئەوان ناتوانن پیشکەشی بکەن. ئەگەر ئەمە بکەین ئەوا سەدام دەتوانیت بانگیشتی سەرکەوتن بکات). ئەگەر ئەمەش رویدا ئەوا بە جۆری روبەروی خۆرهەلاتی ناوەراست دەبینەوە کە زۆر مەترسیدارترە لەوەی بینیومانە).

سەرۆك لە وەلامدا وتی: (چاکە، لەو بروایەدا نیم هیچ شتیك لەوە کەمتر قبول بکات). ئاماژەمان بەوە دا کە شیفەرنادزە بە فیعلی پرۆژەی ئەو بەیانە هاوبەشەی بە دل بوە کە ئامادەمان کردبوو، ناوی کۆنگرەشی تیادا نەهاتووە). لیرەدا بەشداری وتویژەکەم کردو وتم: (چارەمان نییە،

نــاتوانین قسـه لەســەر کۆنگرەیــەکی نیودەولــەتی بکــەین. ئــەوه دەبیتـــه سەرکەوتنیکی بیوینه بۆ سەدام، بەلام بۆ هاوری عەرەبەکانمان له جیهانی عەرەبیدا مالویرانی دەبیت).

سەرۆکیش وەلامی دایەوە: (باشە، من دەترسـم بـه ناچاری هەسـتین بـه ئـەنجامدانی ئـەم کـارە، ئیمــه دەمانــەوی بــەیانیکی هاوبــەش دەربکــەین و گۆرباچۆڤیش ئەمەی دەوی له بەرامبەر ئــەوەدا). بیرم خستەوه کـه (ئیمـه پرۆژەی بەیانه هاوبەشەکەمان دەست کـەوتووەو نیگـەران بیـت، چونکـه بـه هیچ جۆریك ناوی کونگـرەی نیودەولـەتی نـەهینراوە). سـەرۆك هینـده بـه تورەیی وەلامی دایەوه که نه لەوەو پیش بەو جۆره توره بووەو نـه بیریشـم دەچیتــەوە، وتـی: (بیگومـان نیگـەران ئـەبم، چونکـه هـەموو ئــەو کورانــەم ناردوەته دەرەوەی ولات. کەسیك ئەم کارەی نەکرد. بەلام تۆ کردت، دەسـتم کرد به گرتنەبـەری ئـەو ریگایانـەی زامنـی ئـەوه دەکـەن کـه ژیـانی ئـەوانم نەخستۆته مەترسییەوه ئەگەر پیویسـتی نەکردایـە. ئەگـەر بشتوانم بـەبی شەر بیانگیرمەوه بۆ ئیره ئەوا ئـەم کـاره دەکـەم). لـه ناکـاو بـی دەنگیـەکی تەواو بالی بەسەر ژوورەکەدا کیشـا. سـەرۆك بـه دل و بـه هـەموو هەسـت و نەستییەوه قسەی لەسەر ئەو بەرپرسیارییەتیانه کرد که جگه لـه سـەرۆك کەسی تر هەستی پیناکات. پاش چـەند خولـەکیك سـنونو ئـەوبی دەنگیـەی شکاند و وتی: (رەنگه له توانامانـدا بیت له بەیانامەکـەدا ئاماژەیـەك بدەیـن بـه کۆنگـره نیودەولەتیەکـە) بـه تورەییـەوه هـاوارم کــرد (واز لــەم شــیتیه بهینه). دواجار ســەرۆك بـەم جـۆره دوا (جیمی، تەماشـاکه ئەگـەر دەتوانـی بەیانەکـەت دەسـتکەویت بیئـەوەی باسـی ئـەو مەسـەلەیەی تیدابیـت، ئــەوا کاریکی باش دەبیت).

روس و تاراسینکو پرۆژەی بەیانە هاوبەشەکەیان دانابوو، بە هیچ جۆرێ باسی کۆنگرە نیونەتەوەییەکەی تیا نەهاتبوو. بەڵام چەند ئاماژەیەکی ئالۆز و تەمومژاوی تیدابوو سەبارەت بە ئیشکردنیان پیکەوە لە ناوچەکەدا پاش کۆتایی هاتنی قەیرانەکە بۆ یەکلایی کردنەوەی هەموو ئەو کیشانەی لە رۆژهەلاتی ناوەراست و ناوچەکەدا مابوونەوە. پاش ئەوەی من و شیڤەرنادزە رازی بووین لەسەر پرۆژەی بەیانە هاوبەشەکە ئەو کۆبوونەوەیەی داهاتوو خرایە روو کە لە نیوان شیڤەرنادزەو گۆرباچۆفدا بوو. پاشان گۆرباچۆف دیر بە دیر بە دەقی پرۆژەکەدا چووەوەو داوای کرد چەند گۆرانکارییەکی ئیجگار کەمی تیدابکریت، پیش ئەوەی باسی زیادکردنی پیداویستیە مرۆییەکانی هاوولاتیە مەدەنییەکانی عیراق بکریت.

دوای ئەوەی گۆرانکارییەکان کورت کرانەوە گۆرباچۆف هەستی بە ئارامی کرد و وتی : (باشە با دایبریژینەوە). هەروەك ئاشکرابوو ئەندامانی لوبی عەرەبی لە ژوورەکەی ئەودیودا، ئومیدی ئەوەیان هەبوو ناوەرۆکی ئەو دەقەی گۆرباچۆف کەمیك لەمەوبەر بریاری لەسەر دابوو بە تال بکریتەوە و کاری پێ نەکری. بۆ دووبارە بوونەوەی ئەو ئەزموونەی من لە فرۆکەخانەی فنۆکۆفۆ، هەستان بە ئامادەکردنی پرۆژەیەك بۆ گرتنە بەری چەند هەنگاویکی تازە. ئیدی ئەو داوایە نەما کە دەیویست سەدام بەبی مەرج پاشەکشێ بکات. کاتیك روس لە مەسەلەکە ئاگاداری کردم، هەولی ئەوەم دا ئاراستەی کۆبوونەوەکە بگۆرم بۆ ئەوەی راستەوخۆ مەسەلەکە لەگەڵ گۆرباچۆفدا بوروژینم. لە کاتیکدا دەقە ئەسلییەکەم بۆ دەخویندەوە پرسیم: (جەنابی سەرۆك، ئەمە ئەو بەیانە نیە کە رازی بویت لە سەری؟

ئەویش وەڵامی دایەوە (دا) لەم کاتەدا لوبی عەرەبی وای بە باش زانی لانی کەم دان بە خۆیدا بگریت).

رەنگە تەم و مژیکی بونیاد نەرانە لە مومارەسکردنی کاری دیپلۆماسیەتدا سوودی هەبیت، بەڵام زۆربەی کات ئامرازیکی ترسناکە گەر بە شیوەیەکی لەرزۆکانە بەکار هات. بە شیوەیەکی گشتی من وای بە باش ئەزانم لە کۆبوونەوەیەکدا بچمە دەرێ پر بیت لە کەش و هەوای جیاواز، نەك لە بەد حالێ بونیك کە رەنگە کیشەی گەورەتر بخاتە سەر ریگەکەمان.

هیچ شتیك هیندەی ئەو گفتوگۆیانە تورەم ناکات کە هەول دەدات بەو ریکەوتن نامانەدا بچیتەوە کە ئامادەکردنی کاتیکی ئیجگار زۆری پیویست بوە. ئەو بەیانە هاوبەشەی کە بۆش و گۆرباچۆف دەریان کرد زیاد لە نیوە نانیکی داینێ. ئەوەبوو سۆڤیت رازی بوو بەوەی ئیمە سوورین لەسەر کۆتایی هاتنی ئەم دوژمنکاریە، ئەگەر ئەم هەولانەی ئیستاش شکستی هینا بۆ کۆتایی هینانی کیشەکە ئەوا ئیمە ئامادەین بۆ گرتنە بەری چەند هەنگاویکی تر. لە بەرامبەردا بە نهینی ئیلتزاممان بەوەوەکرد کە – بێئەوەی پیویستی بە بانگەوازی گشتی هەبیت- لەگەڵ سۆڤیتدا هەول بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی ئەدەین ئاشتی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، ئەویش پاش کشانەوەی عیراق لە کوەیت و بیبەشکردنی هەریەك لە سەدام و هاوریکانی لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیتی لە دەستکەوتنی ئیلتیزامیکی ئاشکرا بۆ پیکەوە بەستنەوەی کیشەکان بە یەکەوە، چونکە ئەمە ئەو مەبەستە بوو ئەوان هەولیان بۆ ئەدا. ئەمە سەودایەکی تازە بوو، کە هاریکاری سۆڤیتی ستراتیژیەتی ئیمەی بە رادەیەکی باش پتەوتر دەکرد.

دوای دوو رۆژو لە ١٢ی ئەیلولدا لە مۆسكۆ هاوتا سۆڤیتی‌یەكەی خۆم بینی، بۆ ئیمزاكردنی ئەو بروانامانەی كە بە یەكجاری بریاری دووبارە یەكگرتنەوەی میژوویی ئەلمانیا ئەدات. پاش كۆبوونەوەی دوو زائید چواری وەزیران، رۆژیكی تریش لە كرملین مامەوە بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە تا لە هەموو ئەو مەسەلە دوولایەنانەی كە لە كۆبوونەوە بالآكەی هلسنكی‌دا مابوونەوە بكۆلینەوە. لە دوایدا گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە پرسی ئەوەیان كردبوو كە ئایا ئەكری چاوپیكەوتن لەگەڵ من‌و دینس رۆسدا بە تەنیا ئەنجام بدری. دوای ئەوە چوین بۆ ژووری كۆبوونەوە بچوكەكان و لە دەوری میزیكی بازنەیی بچوك دانیشتین. هیچ ئاگادار نەبووم لەوەی چی بە میشكی گۆرباچۆڤدا دیت، كاتی بە پارانەوەوە باسی خەونەكانی دەكرد سەبارەت بە گۆرینی رژیمی سۆڤیتی بۆ ئابووری بازاری ئازاد.

گۆرباچۆڤ بەم جۆرە دەستی پیكرد: (ئیمە یارمەتیمان دەویت، چونكەئیستا ئیمە لە ناوەی ریگای وەرچەرخاندایین. هەنگاونان بۆ جی‌بەجی‌كردنی ئەو ریفۆرمانە نارەزاییەكی گەورە دروست دەكات. ئیستا مەسەلەكە زۆر قورسە بۆ ئیمە. باری ناوخۆ بە توندی شلۆق بوە. رەنگە لە ماوەی شەش تا نۆ مانگدا كاروبارمان باش بیت، بەلآم ئیستا یارمەتیمان دەویت. پیویستە لە سەرمان لە ماوەی ئەو وەرگۆرانەدا هەموو پیداویستیەكانی گەل دابین بكەین. ئەزانم ئەوەی ئیوە دەتوانن پی‌ی هەستن دیاریكراوە. بەلآم داخۆ دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ دەسكەوتنی بریك پارە لە سعودی‌یەكانەوە؟). بۆ ئەمە بریك پارەی دیاریكرد كە لە نیوان ٤ تا ٥ میار دۆلاردا بوو.

پاش گەرانەوەم بـۆ واشـنتۆن و دوای هەڵسـەنگاندنی لایەنـە یاسـایەیکان بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی ریگر بۆ داواکردنـی یارمـەتی دارایـی بـۆ سـۆڤیەت لـە لای سـعودیەکان، سـەردانی سـەرۆکم کـردو ئـەویش ریگریکـی لـە مەسەلەکەدا نەدەبینی. ئیمـە پیویسـتە بـەردەوام یارمـەتی سـۆڤیت بدەیـن. ئەم مەسەلەیە لە سەرمان ناکەویّ گەر لـە بـری ئـەوان واتـە سـۆڤیت داوای پـارە لـە سـعودیەکان بکـەین. پـاش دوو هەفتـە و لـە کـاتی کۆبوونـەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە نیویـۆرك و لـە کۆبوونەوەیـەکی تایبەتی لەگەڵ سعود ئەلفەیسـەل و بـەندەردا، باسـەکەم لەگـەڵدا کردنـەوەو پیم وتن: (ناکریّ ئەوەتان پیّ رابگەیـەنم پیویسـتە ئیـوە چـی بکـەن، بـەڵام گۆرباچۆف بە بارودۆخیکی قورسـدا تیّدەپـەریت و روبـەروی فشـاریکی زۆر بۆتەوە لە گاردە کۆنەکەوە، لەبەرئـەوە یارمـەتیدانی بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئەم فشارە ئیجگار گرنگە).

سعود ی وەڵامی دایەوەو وتـی: (تیگەیشـتم، شـتیك دەکـەین). ئـەوە بـوو خاوەنی قسەی خۆی بوو، ئەو شتە دانی بـرە قـەرزیکی ٤ ملیـار دۆلاری بـوو بە سۆڤیت. گۆرباچۆف هەسـتی بـە پـیزانینیکی گـەورە کـرد بەرامبـەر ئـەو هـەنگاوەی سعودیەکان و لـە کاتیکی تـردا تەلـەفۆنی بـۆ سـەرۆك کـرد تـا سوپاسی بکات بۆ ئەو یارمەتیەی. پیم وایە رۆڵی ئیمە لـە بـە دەس هینـانی ئـەو قـەرزە بـۆ سـۆڤیت کـاریکی جەوهـەری بـوو، بـۆ پتـەوکردنی پشـتگیری سـۆڤیت لـە بریـاری بـەکارهینانی هـیز و بـەردەوامبوونیان لـە هاوپەیمانیتیەکەدا بە دریژایی قەیرانەکە.

## دوا هەوڵەکان: (دیمەشق و بۆن)

دوای کۆبوونەوەکەم لەگەڵ گۆرباچۆف، لە مۆسکۆوە بە سەردانێك چووم بۆ سوریا ئەمەش مشتومڕیكی زۆری لە وەزارەتی دەرەوەدا وروژاندبوو، بە رادەیەك هەرەشەی ئەوەیان لێدەکردم کە نابێت سەفەرەکەم تەواوکەم. رۆس لە دژایەتی کردنی سەردانەکە پێی لێ هەڵبڕی، چونکە ئەو پێی وابوو سەرۆك ئەسەد بێگومان دیتە پاڵ هاوپەیمانیەکەمانەوە. ئەسەد دوژمنایەتی‌یەکی شەخسی لەگەڵ سەدامدا هەیە و بە نەیاریکی سەرەکی سەدام دادەنرێت لە ناوچەکەدا. ئەگەرچی هەردووکیان بەعسین، بەڵام پەیوەندییان پێکەوە باش نەبوو. لەبەرئەوەی ئەسەد بە درێژایی ساڵانێك پێی وابوو گوایە سەدام هەوڵی کوشتنی ئەدات. بۆیە ئەسەد ئامادەیە هێزی سوریا بنێرێت بۆ عەرەبەستانی سعودی. لە ڕێی موبارەکەوە زانیمان ئەسەد بە فیعلی بەڵێنی داوە لانی کەم یەك هێزی سوریا بنێرێ و سعودیەکانیش پەیمانیان داوە کە تێچوونە داراییەکەی لە ئەستۆ بگرن. سەرەرای ئەوەش ئەسەد لەسەر ئەو داواکارییەی ئێمەش رازی بوو تا لە مانگی ئابدا نوێنەر بنێرێتە قاهیرە بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی جامیعەی عەرەبی کە تیایدا بە رەسمی لەسەر هاوپەیمانیتیەکی عەرەبی رێك دەکەون.

★ ★ ★

سەرەرای سەنگ و گرنگی بیانوەکانی سوریا هەستم کرد بایەخی رەمزی هاوبەشی کردنی ئەوان لەهاوبەشی کردنی فیعلیان زۆر گرنگترە. لەگەڵ

هاوبەشـــیكردنی ســـوریادا راســـتگۆیی عەرەبـــە بەشـــداربووەكان لەهاوپەیمانیتییەكەدا بەرادەیەكی زۆر دووپات دەبیتەوەو پتـەوتر دەبیت. بـەلام مـن ئامـانجیكی زۆر دوورتـر لەمیشكمدا بـوو، هیـچ ریگایـەك نییـە بۆبزاوتی پرۆسەی ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا بەبێ هاوبەشی كردنیكی زینـدوو لەلایـەن سوریاوە. پیموابـوو فرسـەتەكان لـەبارن بۆدەسـت كـردن بەزەمینە خۆش كردن لەگەڵ ئەسەددا، بەمەبەستی چەند هەولدانیكی تازە بۆزیندووكردنـەوەی پرۆسـەی ئاشـتی. تاكە پرسـیار دانـانی كاتەكـە بـوو. دەمزانـی سـەرۆك بـۆش پەرۆشـی هاوبەشـی كردنـی سـوریيەكانە. سـەرۆك بەردەوام لەوبروایەدا بوو كە جۆرج شـۆلتز هەلەیـەكی گـەورەی كـرد كاتێ پەیوەندیەكانی لەگـەڵ سـوریادا پچرانـد، پـاش ئـەو تەقینـەوە تراژیدیایـەی جێو شوینی پیادەی دەریایی ئەمریكی لەسالی١٩٨٣ لەبـەیروت. سـالی (١٩٨٦) جـۆرج بۆشـی جیگـری سـەرۆك ویسـتی سـەردانیكی دیمەشـق بكـات لەچوارچیوەی گەشتەكەی بـۆ رۆژهـەلاتی ناوەراسـت، بـەلام یاریدەدەرەكانی بێچەندوچون لەترسی ئەگەری شكستی سیاسـی لـەو هەولـەی پەشـیمانیان كردەوە، یاریدەدەرەكان بە بوشیان وتبوو: ئەگەر ئـەو تیرۆریستانەی سـوریا سەرپەرشتیان دەكات فرۆكەكەیان تەقاندووەوە مەسەلەكە چی لیدیت؟ ئەمە دەبیتـەهۆی مـاڵ ویرانیـەك بۆخـۆیو بـۆ ریگـان. بـوش بەنابەدلیـەوە سەرنەگرتنی سەردانەكەی بۆسوریا قبولكردبوو، بەلام بەردەوام پێی وابوو كەولاتەیـەكگرتووەكان دەبـوو لەگـەڵ ئەسـەددا پـەیوەندی هـەبیت، سـەرەرای ئەوهەموو تیبینییە زۆرانەی لەسەر سوریا هەیە سەبارەت پشتگیری كردنی لەتیرۆریســـتە نیونەتەوەییـــەكانو تیوەگلانـــی لـــەئاودیوكردنی مادە بێهۆش كەرەكاندا.

بەهۆی دژایەتی زۆری رۆسەوە دیمەشقمان لەیەکەمین سەردانمدا لابرد کە بریاربوو لەمانگی ئەیلولدا ئەنجامی بدەم. بەڵام لەمانگی ئابدا رۆژێك سەرۆك پێی راگەیاندم: (پیویستە لە چونت بۆ سوریا بکۆلریتەوە، نامەوێ جاریکیتر ئەم هەلە لەدەست بدەم). لەبەرئەوەی حەزم دەکرد بچم بۆسوریا، بۆیە لەکاتیکیتردا فەرمانم بە تاتویلر دا کە دیمەشقم بۆبخاتە کۆتایی گەشتەکەمەوە. دواجار بۆچونی سەرۆك بەبایەخ دان بەسوریا راستی خۆی سەلماند، جائیتر لەبارەی جەنگی کەنداوەوە بیت یان لەپرۆسەی ئاشتیدا بیت.

لەوکۆبونەوە رۆژنامەنوسیەی لە دوای کۆبونەوە وەزاریەکەی ناتۆدا لەبرۆکسل بەسترا وام بلاوکردەوە کەئەچم بۆدیمەشق، ئەم بانگەوازە هەللایەکی گەورەی نایەوە لەرۆژنامەکانی ئەمریکادا، لەبەرئەوەی یەکەم کۆبونەوەیە کە لەئاستیکی بەرزداو لەماوەی ئەم دووسالەدا لەنیوان وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو سەرۆکی سوریادا ببەستریت.

رۆژی ١٤ی ئەیلول لەدیمەشق لەگەڵ ئەسەددا کۆبومەوە، کۆبوونەوەکە لەبارەگایەکدا بوو ئاسان نیە. وەسفکردنی ئەوبارەگایە ئەروانێ بەسەر شەقامیکی قەرەبالغداو بەرامبەر ئەوخانوەیە کە ئەسەدی تیا نیشتەجێیە. جێو رێیەکی ئیسراحەتی هەبوو کەئیجگار سادە بوو. ژوورەکە لاکیشەییبوو، دووکورسی پان و پۆری تیدابوو، میزیکی بچوك لەنیوانیاندا دانرابوو. پەردە مەخمەلیەکان کەرەنگی زەیتونی بوو بەشیکی زۆری ژوورەکەی داپۆشیبوو. لەپشت پەردەکانەوە پەنجەرەکانی جۆرە شوشەیەکی تیدابوو کەفیشەك نایبرێو بەهیچ جۆریك نابێ بکریتەوە، هەتا ئەگەر پلەی گەرماش بەرزبوەوە. لەلایەکیتری ژورەکەوە دوو دەرگا هەیە

ئەچنەوە سەر نوسینگەكەی ئەسەد كە زۆربەی كاتی خۆی لەوێ بەسەر ئەبات. تەنها تابلۆیەك ژورەكەی پێرازابیتەوە، تابلۆیەكی شەری حەتین بو كەتیایدا سەلاحەدینی سەركردەی موسلمانەكان خاچ پەرستەكانی دوژمنی تیا بەزاندوە. پاش چەند قسەیەكی عادەتی بەكورتی خۆمم پێناساندو جەختم لەسەر ئەوەكردەوە كەمنو سەرۆك نزیكەی سی سالە دو هاوریێی گیانی بەگیانین. پاشان وتم: ئیمە دووهاوریێی ئیجگار خۆشەویستی یەكین، من لەهەموو شتیكدا هاورای ئەوم، ئەویش لەهەمو شتیكدا هاورای منە. دەمویست ئەسەد بەجۆریك سەیرم بكات كە زمانحالی سەرۆكم. حەزم دەكرد ئەسەد واسەیرم بكات كە بۆچونەكانی بۆشم بەلاوە شتیكی پیرۆزەو قسەكانی بەقسەی چاك ئەزانم. ئەدوارد جیرجیان پێی راگەیاندم كە ئەسەد گرنگیەكی زۆر بەراستگۆیی ئەوكەسە دەدات كە گفتوگۆی لەگەلدا ئەكات. بۆیە منیش بە ئەسەدم وت: بیستوومە وتوویژ لەگەڵ تۆدا ئاسایی نیە یان بەمانایەكیتر زۆرگیریت، بەڵام متمانەی ئەوەت پێدەكرێ كەخاوەنی قسەی خۆتی گەرتەنها پەیمانیشتدابێ. بەپیكەنینیكەوە وەڵامی دایەوەو وتی: چاكە، ئیمەش چەند شتیكمان لەسەرتۆ بیستوە، ئیمە بەبەرپرسیاریەكی زۆرەوە بەدوای ئەو راپۆرتانەدا دەچین كەتایبەتن بەبیروراكانی ئیوە. ئیمە گەیشتووینەتە ئەورایەی كەتۆپیاویكی بەهیزو یەكلایی كەرەوەیت، چونكە تۆ ئەوە ئەلییت كەمەبەستەو ئەمەش وامان لیئەكات قەناعەت بكەین كەپیاویكی سەر راستی. بۆئیمە چاكتر بوو لەپاش خۆت ئەمانە بلیین، بەڵام سیفەتیكی گرنگە كەسیك ئاشكراو بێپیچو پەنا بیت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كۆكو تەبابین یان جیاوازبین لەگەلیدا. كاتێ ئەوسیفەتانەت تیدابیت،

لەکاتی جیاوازیشدا هەرمتمانەت پێدەکرێ. پیویستە مەسەلەی شاراوەو ژیربەژیر لەنیوانماندا نەبیت.

بارودۆخی کەنداوم بەجۆریك باسکرد یەکەم کیشەی راستەقینە بیت کەلە ماوەی پاش جەنگی ساردا سەری هەلدابێو، وتم: (رژیمیکی تازە لەئارادایە بۆچۆنیتی مامەلەکردن بەشیوەیەکی زۆر گرنگ لەگەلٚ ئەم کیشەیەدا، ئەمەش ئەو هۆیەیە کە ناهیلێ سەدام سەرکەوتن بەدەست بهینێ، هەتا لەکاتی شکستیشدا ناتوانرێ وەك پالەوان سەیری بکرێ). بەکورتی ئامادەیی سەربازی خۆمانم بۆئەسەد خستە روو. پیم راگەیاند مەبەستی سەرەکی سەردانەکەم ئەوەیە کەبزانم ئایا ئامادە دەبیت ریگە بەهیزیکی سوریا بدات بۆ بەشداریکردن لەهاوپەیمانیتیەیە سەربازیەکەدا. ناردنی هیزی سوریا دەست پیشخەرییەکی رەمزی گرنگ بوو، بەلاٚم ئەگەر شەر هەلاٚیسا ئەوا بەشداریکردنی هیزەکانی ئەسەدمان ئەوێ تا شان بەشانی میسریەکان بچنە لەشەرەوە. پیم وت: ئیمە ئەمانەوێ ئەوە بزانین لەکاتی دەست پێکردنی شەردا چی لەوهیزانە دەکەیت کەرەوانەی عەرەبستانی سعودیت کردوە؟ ئەسەد وتی: (بەهیوای ئەوەم سزاکان ورەی سەدام نەهیلیت). بۆ سزاکان ماوەی چەند پیویستە بۆئەوەی کاری خۆی بکات، ئەسەد لە وەلاٚمدا وتی: (هیچ زانیارییەکم نیە پشتی پێببەستم بۆ رادەربرین سەبارەت بەباری ناوخۆی عیراق)، بەلاٚم هیچ گومانی لانەهیشتم بەوەی کەپشتگیری دوژمنە سەرسەختەکەی ناکات. ئاژماژەشی بەوەدا کەداگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدامەوە هەلەیە، لەبەرئەوە سوریا هەلویستیکی مەبدەئی هەیە بۆپشتگیریکردنی هەولی هاوپەیمانیەکە. بەلاٚم سەبارەت بەبەشداریکردنی سوریا بیروڕای هەر رونو ئاشکرا نەبوو. دوای

هینانو بردن دواجار وتی: (هەتا ئیستا بریاری لەسەر قەوارەی ئەو هیزە نەداوە کە بۆ عەرەبستانی سعودی ئەنیرێ. دەبەلینی ئەوەشیدا کە ئیمە پابەند دەبین بەرەوانەکردنی ژمارەی داواکراو، هەتا ئەگەر سەد هەزار سەربازیش بیت). لەکاتیکدا سوریەکان بەفیعلی جگە لەتیمیکی زریپۆش پەیمانی هیچی تریان نەدابوو. ئەوە دەستپیشخەرییەکی ئازایانەبوو لەلایەن ئەسەدەوە، ئەگەر تەنها بریاری فراوان کردنی چوارچیوەی بەشداریکردنەکەشی بدایە. پاشان وتی:(ئەوەی راست بیت ئەنجامی دەدەین، بەلام بەهۆی رای گشتی سوریەوە ئاسان نییە). پیموت:(جەنابی سەرۆك، ئاسان نییە ئیمە لەوێ بین، ئیمە رای گشتی ئەمریکیمان هەیە، زۆرکەس رەخنە لەبوونی من دەگریت کەئیستا لەسوریام ، بەلام گرنگ ئەوەیە لیرەبین بۆلیکۆلینەوەی کیشەکەو ئومیدەوارم لەدوارۆژیشدا هەرلیرەبین).

ئەسەد موحازەرەیەکی لەسەر ترسنۆکی ئەمریکا دامێ، بەلام گۆرینەوەی راوبۆچوونیکی ئیجابیانە بوو. پاش بیرکردنەوە ئیستا لەوبروایەدام پیدەچێ ئەمە یەکەم جار بیت بزانم کەرەنگە ئەسەد ئامادەیی تیدابیت بۆگرتنە ئەستۆی بەشیك لەو هەولانەی پیویستە بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتیی بدریت کەبەبنبەست گەیشتبوو.

ئەسەد بەپلەی یەکەم پیاویکی واقعیە، پیویست بەوە ناکات بلیین کەهاتنە پال هاوپەیمانیتییەکە رادەی جەماوەریتی لەناوەندی عەرەبیەکاندا پتەو دەکاتو دەبیتەهۆی ئەوەی کیشەکانی لەگەل سەدام حسیندا یەکلایی بکاتەوە، هەروەها ئەوەیش دەزانێ کەئەم کارە وادەکات ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بەئاسانی مامەلە لەگەل سوریادا بکات، بەلام

ویستم دان بەوەشدا بنێ کەئەوەی لەریگەی پەیوەندیە دووقۆلیە کانماندایە زیاتر بەدرك چینراوە نەوەك گول. بەبۆچونی من گەیشتن بەئەنجامیکی سەرکەوتوانە لەکەنداودا چەند ریگایەکی تازە دەکاتەوە بۆ زیندوکردنەوەی ئاسۆکانی پرۆسەی ئاشتی لەناوچەکەدا. وتم:(ئیمە گەشبینین کەئەوشتەی سوریاو میسرو ولاتانی کەنداو کۆدەکاتەوە لەهاوپەیمانیتیەکی عەرەبیدا، مژدەی دوارۆژیکی چاکی پێیە بۆ پرۆسەی ئاشتی عەرەبو ئیسرائیل).

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا ئەسەد ئاگاداری کردمەوە لەوەی: (ئیمە خۆشحالین بەرامبەر وتوویژەکان وەهیچ ئەلتەرناتیڤیکمان نیە لەبری ئەم کۆبونەوە راستەوخۆیانە، ئومیدی ئەوە دەکەم لەدوا رۆژدا یاریدەدەر بیت بۆ دەستکەوتی زۆر شت. ئەمە لەبەرژەوەندی هەموو لایەکماندایەو لەبەرژەوەندی ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەراستیشدایە، من بەراستی ئاشتیم ئەوێ). هیشتا زوو بوو تابزانین مەبەستی چیە لەوە، ئەوەبوو بەدریژایی چەند سالیك ئەویش وەك زۆربەی سەرکردە عەرەبیەکان ئەمەی دەوت، بەلام ئەوئامانجەی زۆر پیویست بوو بەئاکام گەیشتو سوریاش پابەند بوو بە بەشداریکردن لەهاوپەیمانیتیەکەدا.

پاشان لەدیمەشقەوە چووم بەرەو رۆما بەمەبەستی راگۆرینەوەیەکی ئالۆز لەگەل ئەوسەرکردە ئیتالیانەی کەرازی بوون لەسەرناردنی پۆلیك فرۆکەی تۆرنادۆ بۆکەنداو. پاشان بەرەو ئەلمانیا بەریکەوتمو لەپاش نیوەرۆیەکی درەنگی١٥ی ئەیلولدا چاوم بە کۆل کەوت لە لوفیجشافین کەزیدی خۆیەتیو زۆر لەبنکە ئاسمانیە گەورەکەی ئەمریکا لە رامشتاینوە دوور نیە. بەوپێیەی دەستووری ئەلمانیا ریگە بە کۆل نادات هیز

بۆکەنداو بنێریت، ئەوا لەرووی رەمزیەوە ئیلتیزامکردنی ئەلمانیا بە پیدانی کۆمەکی مادی کاریکی گرنگ بوو. بەر لەوەی واشنتۆن بەجێ بهیلم رووبەرووی سکالایەکی ئیجگار زۆربومەوە، کاتیك کەلەبەردەم لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیراندا شایەدیم ئەدا سەبارەت بەو ولاتانەی کەناچنە ژیربـاری ئەو برپارەیەی پیویستە لەئەستۆی بگرن. ئەلمانیا رووبەرووی چەند رەخنەیەکی تایبەت بوەوە. ئەوکات من ئەو بۆچونەم هەبوو کەبەدەنگەوە هاتنی ئەلمانیا بۆکیشەکە جێی ئومید نیە. هەرچەندە ئەورایەم بەئاشکرا دەرنەبری، بەلام دوودلی ئەلمانیا مایەی سەرسورمانیکی گەورەبوو. لەبەرئەوەی پیش دوو رۆژ لە مۆسکۆ لەئاهەنگی ئیمزاکردنی ئەو ریکەوتنەدا بەشداریم کردبوو کەچوار هاوپەیمانە سەرکەوتوەکەی شەری دووەمی جیهانی مۆریانکرد و بەپێی ئەوە کۆتاییان بە داگیرکردنیئەلمانیای خۆرئاوا هینا. ئەمەش دوای نیو سەدە ریگای بۆدووبارە یەکگرتنەوەی ئەلمانیا خۆش کرد. ئەو ریکەوتنە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا رۆلی ناوبژیوانی بینی و ئەلمانیەکانیش ئەوەدەزانن. ئەوەتا ئیمەش لەبەرامبەر ئەوەدا ئیستا یارمەتیمان دەویت.

پیش ئەوەی بگەمە ئەوێ، وەزارەتی دەرەوە دەستی کردبوو بەبلاوکردنەوەی چەند هەوالیك سەبارەت ئەوەی ئامادەیی ئەلمانیا زۆر ئیجابیانە دەبیت. بەلام دەمویست کۆڵ خۆی لەمەترسی بپاریزیت، ئەوەبوو کۆبونەوەکە تەنها ئیمەو وەرگیرەکانی تیا ئامادەبوون.

پاشان وتم: (سالی رابردوو زۆر لەنزیکەوە ئیشمان بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانتان کرد، لەوبروایەدام کاریکی چاکمان ئەنجام داوە. بەلام ئیستا چەند دواکارییەکمان هەیە (ئیوە هیزەکانتان بەشداری ناکەن چونکە

دەستورەکەتان ریگەی ئەوەتان نادات، گەربیتو ئیوە لەرووی پارەو سامانەوە رژدیو چروکی بنوینن هیچتان دەست ناکەویّو بەهیچ شتیکیش بەشداری ناکەن). پیویستە دلنیام بکەنەوە کاتیّ لەبەردەم کۆنگریسدا ئەوەستم، بتوانم بلیم ئەلمانیا ئەچیتە ژیر باری بەشەکەی خۆیەوە.

من دەزانم پەیوەندی ئەمریکاو ئەلمانیا بۆئیوە چەند گرنگە، ئیوەش گرنگی ئەوپەیوەندیە لای من دەزانن، بەلاّم نابیت کاریکی وابکەن کەبەهۆیەوە تەنگەتاو بم. هلمۆت کۆلیش پیاویکی ئەتلەنتی دەروەستەو داکۆکی لەبونی ئەمریکا دەکات لەئەوروپادا، هەروەها هاوریّیەکی نزیکی سەرۆك بۆشەو سەرکردەیەکە خۆی بەقەرزارباری ئەمریکا دەزانی. ئەمە بوە هۆی پیدانی یارمەتیەك کەنزیکەی دووملیار دۆلاربوو، سەرباری پیشکەشکردنی چەكو تفاق بۆیارمەتیدانی ئەمریکا لەکەنداو کەبایی چەند ملیاریك دۆلاربوە.. کۆلّ رازی بوو لەسەر زیادکردنی یارمەتی سەربازیو ئابوری بۆتورکیا بەرادەیەکی زۆرو پیشکەش کردنی چەند کەشتیەکی ئەلمانی بۆگواستنەوەی زریپۆشە میسریەکانو تانکە قورسەکانی بۆکەنداو.

کاتی گەرانەوەم بۆواشنتۆن لەکاتژمیر٣ی سەرلەبەیانی ١٦ی ئەیلول، ئەوبیرۆکانەم بەخەیالدا هات کەبەلگەی گرنگو حاشا هەلنەگرم پیّیە لەسەرئەوەی کەهەولە دیپلۆماتەکانمان کاریگەردەبن و ئەنجامی خۆیان دەبیت. هەمان رۆژ نەتەوە یەکگرتوەکان حەوتەم بریاری خۆی سەبارەت بە ئیدانەکردنی کردنی داگیرکاریەکە دەردەکات. ئەوەتا هاوپەیمانیە دیپلۆماتیەکە دروست بوو، سزاکانیش کاریگەری خۆی لەسەر عیراق دەست پیکردووەو کۆمپانیاکانمان پەیمانی ملیۆنەها دۆلاریان داوە بۆچونە

ژێربـاری ئەوپارەیـەی پرۆسـەی گـەردەلولی بیابـان پێویسـتیتی. بـەڵام هــەتا ئیستا سەدام لەکوەیتدایەو راگەیاندنەکانیو وتارەکانی ئاماژەی ئەوە ئــەدەن کەهیچ پەلەی کشانەوەی نیـیە.

★ ★ ★

# II

# هەموو ڕیگا چارە پیویستەکان

سەدام پیاویکە هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات، پیاویکە چ شتیك لەبارەی ئەخلاقەوە نازانیت. کەسیکە سوکایەتی بەهەموو بەهایەکی ئینسانی دەکات کە هەر کۆمەلیك باوەری پیی هەبیت.. لەوانەیە یەزدان ئەم رووداوانەی بۆ ئەوە هینابیتە پیش تا لەدەست سەدام رزگارمان بیت..

شا فەهد لە وتەیەکیدا بۆ جیمس بیکەر

جەدە، عەرەبستانی سعودیە، ٥- تشرینی دووەمی ١٩٩٠

بەهاتنی مانگی تشرینی یەکەم وەڵامدانەوەی ئەمریکا لەکەنداودا سەرکەوتنی بەدەستهینا. گەر سەدام حسین پلانی بۆ پەلاماردانی سعودیە دانابیت ئەوا ئەو هیزانەی سەرۆك بۆش لەمانگی ئاب دا رەوانەی ناوچەکەی کردن، ئەگەری ئەو هەرەشەو پەلامارەی کەمکردەوە.

هەولە دیبلۆماسیەکانمان هاوشان بە کەلەرەقی سەدام سەرکەوتنی لەکەنارگیرکردن بەدەست هینا. کەسیك نییە لەهیچ جیگەیەکی دنیادا پشتیوانی لەگرتنی کویت بکات لەلایەن عیراقەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەدام هەر لەکویتدا مایەوە بێئەوەی گوێ بەفشارو هەرەشەکانی ئیمە بدات، بەمەش بۆش قەناعەتی پەیدا کرد کە پیویستە لەمەودوا سیاسەتی ئەمریکی ئاراستەیەکی زۆر بەهیزتر بگریتە بەر.

بە داخەوە دەرکەوت دۆستە گەشبینەکانمان لەناوچەکەدا لەبۆچوونەکانیان دەربارەی کاریگەری سزا ئابووریەکان لەسەر عیراق بەهەلەداچوون، هەر لەسەرەتاوە موبارەك و ئۆزال پییان وابوو سزاکان سەدام بەچۆکدا دینێ و ناچاری دەکات لەماوەی شەش هەفتەدا لەکویت بکشیتەوە.

گۆرباچۆف و شیڤەر نادزەش هەمان قەناعەتیان هەبوو. سەرەتا بەم هەلسەنگاندنە گەشبینەیان قەناعەتمان هینا، بەڵام پاش تیپەربوونی دوو مانگ و سەرەرای ئەوەی سزاکان لەرووی ئابووریەوە کاریگەریتی خۆیان دەسەلماند، وەك زۆربەی هاوریکانم لەحکومەتدا گەیشتمە قەناعەتیك کە بە تەنها سزاکان عیراق ناچار ناکەن لەکویت بکشیتەوە. لەزۆر رووەوە عیراق

نمونەیەکی میسالی بوو تا سزا ئابوورییەکان کاری تی بکات، چونکە عیراق بەرادەیەکی زۆر پشت بەواریداتی دەرەوە دەبەستیت بۆ بژیوی میللەتەکەی‌و کارپیکردنی دامەزراوە پیشەسازییەکانی. دەکریت ری لەهەناردە سەرەکییەکانی پترۆل بگیریت لەریی داخستنی بۆریە نەوتەکانی کە بە تورکیاو سعودیەدا تیدەپەرن، لەگەڵ سەپاندنی گەمارۆی دەریاییش لەکەنداودا. لەرووی جوگرافیشەوە عیراق گۆشەگیر دەبیت. سەرەرای شکاندنی هەندێ جاری ئەو گەمارۆیە لەریی ئۆردنەوە لەگەڵ چەند دەولەتیکی تری هاوسیی عیراق، بەلام ئوردن زۆر پابەندی ئەو گەمارۆیە بوو کە بە سەر هاوسی بەهیزەکەیدا سەپینرا بوو.

لەرووی سیاسییەوە پی نەدەچوو سزاکان توانای ئەوەیان هەبیت سەدام حسین ناچار بکەن لەکویت پاشەکشە بکات. یەکەمین شت لەبەرئەوەی خەسلەتی تۆتالیتاری ئەو رژیمەی سەدام وایکردبوو بیْهیچ ترس‌و ئیعتباریك بۆ رای گشتی دەرامەتیکی زۆر بخاتە خزمەتی سوپاکەی‌و دەزگا ئەمنییەکانیەوە، دووەمیان سەرکردەیەك کە بیْئومیدی وای لیکرد پەلاماری دراوسیکەی بدات، رەنگە هەمان نائومیدیش ناچاری بکات خۆی لەبەردەم سزاکاندا رابگریت. کویت خەلاتیکی گەورە بوو بۆ سەدام حسین، شەری هەشت سالە لەگەڵ ئیراندا زیانیکی گەورەی بەعیراق گەیاند لەرووی ئابووری‌و مرۆییەوە، پیش نەدەچوو سزا کورت خایەنەکان توانای ئەوەیان هەبیت ئاستی ئەو زیانانە زیاتر بکەن. سییەمین شتیش لەرووی عەمەلییەوە کات لەبەرژەوەندی سەدام حسین بوو. هەرچی ئەوانەش بوو کە دەیانویست کاتیکی زیاتر بدریت تا سزاکان کاریگەری خۆیان هەبیت، ئەوا زۆرجار لەو بۆچونەدا بەهەلەدا چووبوون کە بتوانن بۆ ماوەیەکی

دریـژ یــەکگرتووی ریــزی هاوپەیمانیەکــە وەکــو خــۆی بهیلنــەوە. دواجــار ئەگــەری ئــەوە هــەبوو هاوپــەیمانیکی ســەرەکی بکشــیتەوەو بەمــەش هاوپەیمانیەتەکە تیك بچیت. ئەگەرچی بەکارهینانی هیز بۆ گیرانەوەی کویت سەرکیشییەکی گەورە بوو، بەلام پی نەدەچوو سەدام لەکویتدا بکشیتەوە، لانی کەم بێئەوەی هەرەشەیەکی توندی ئاراستە بکریت بەبەکارهینانی هیز لەدژی.

لەگەڵ ئەوەشدا هەلیکی بچووك لەئارادا بوو بۆ ئەوەی سزاکان هاوشان لەگەڵ هەرەشەی بەکارهینانی هیزی سەربازی رەنگە سەدام ناچار بکەن لەکویت پاشەکشی بکات، بەلام بۆئەوەی ئەم هەرەشانە جیی خۆی بگریت ئەوا هیزەکانمان پیویستیان بەیارمەتی زیاتر هەبوو. هاوکات پیویستمان بەوەش بوو کەبەهیمنی لەو ئەگەرانە بکۆلینەوە تا بریاریکمان لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چنگ کەویت بۆ ئەوەی ریگای ئەوەمان پی بدات هیز لەدژی سەدام حسین بەکار بهینین گەر هاتوو لەسەرەتای سالی ١٩٩١دا لە کوەیت نەکشایەوە.

## زیادکردنی هیز

لەناوەراستی تشرینی یەکەمدا کولن پاوەل پەیوەندی پیوەکردمو وتی: (دەمەویت قسەیەکی کورتو تایبەتت لەگەلدا بکەم).

لە١٩ی تشرینی یەکەمدا لە ئۆفیسەکەی خۆمو بۆ ماوەی سی چارەکە سەعات پیکەوە کۆبووینەوە، ریزی داواکەی پاولم گرت بەوەی دانیشتنەکەمان دانیشتنیکی تایبەت بیتو وازم لەو عادەتەی خۆم هینا لەوەی دیك چینی لەجۆری ئەم پەیوەندیانە ئاگاداربکەمەوە.

هەندیك پییان وابوو منو كۆلن پاوەل دژ بەبەكارهێنانی هێزینو لەئێستاشدا پاول بۆ ئەوە هاتووە تا داوای یارمەتیم لیبكات بۆ ئەوەی ری لەوە بگرین ئاراستەی رووداوەكان بگاتە ئەو ئاستە. ئەوەی راستی بیت كارەكە بەو جۆرە نەبوو، كۆبوونەوەكەشمان بەوە گەیشت كە هەردووك كۆك بووین لەسەر ئەوەی پێویستە سیاسەتیكی سەربازیو دیپلۆماتی توند بگیریتەبەر، گەر هەموو ریگاچارەكان شكستیان هینا لەدەركردنی عێراق لەكویتدا. پیشتر منو پاول لەماوەی دووەمی سەرۆكایەتی ریگن دا لەنزیكەوە كارمان لەگەڵ یەكتریدا كردبوو، ئەوكاتە ئەو راویژكاری ئەمنی قەومیو منیش وەزیری دارایی بووم. دەشیزانی پەیوەندییەكی شەخسی توندوتۆلم لەگەڵ سەرۆكدا هەیە. پاوڵ دانی بەوەدا نا كە سزاكان كاریگەری جەوهەریان لەسەر سەدام حسین نابیت، هەروەها لەوەش دلنیابوو كە سەرۆك بەم زوانە ناچاردەبیت بریاریك لەمەر ریگاچارە توندوتیژە پێویستەكان بدات. لەو باوەرەدابووم ئامانجی پاوڵ ئەوەبوو بەشیوەیەكی باشتر هەلویستی من لەو بارەیەوە بزانیت.

له ١٥ی تشرینی یەكەمدا چاوم بە بۆب كیمیت كەوتو لەو هەنگاوە پێویستانەمان كۆلیەوە كە دەبیت بیگرینەبەر گەر ناچاربووین ریگاچارەی سەربازی هەلبژیرین، ئەو هەنگاوانەش ئەمانەی دەگرتەوە: دەركردنی بریاری دیكە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، هەولی دیپلۆماتی چرو پرتر بەمەبەستی كۆكردنەوەی دەنگی زیاتر بۆ بەكارهینانی هیزو جیگیركردنی هیزەكانمان لەكەنداوداو. پاشان لەسەرەتایی تشرینی دووەمدا سەردانی چەند دەولەتیك بكەین بە مەبەستی راگۆرینەوە تایبەت بەو هەنگاوانە لەگەڵ هاوكارەكانمان لەتەحالوفەكەدا.

وەك دەركـەوت مـن‌و كۆلـن پـاوڵ یـەك جـۆری بیركردنـەوە كـۆی دەكردینـەوە. مـن لەگـەڵ ئـەو نیگەرانییـەدا بـووم كـە سیاسـەتی ئیسـتامان جۆرە ئینحرافیكە. ئەگەر بڵاوبوونەوەی هێزەكانمـان وایكردبێت ئیحتیـوای نەخشەو پلانەكانی سەدام بكات لەسعودیەدا، بـەڵام وەك پێویست نییـە بـۆ وەدەرنانی لەكوێت. بۆ هەردووكمان روون بووەوە كە ناچارین هەوڵی زیاتر بدەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئەركە. لەكاتی وتووێژەكانماندا ریكەوتین لەسـەر ئـەوەی ئەگـەر لەلایـەن سـەدام حسـینەوە ئیسـتفزازاتی زۆرتـر روونەدات، ئەوا هەوڵەكانی ئیمە لەسەر ئەم سی شـتە رادەوەسـتێت: هـەموو ئەگـەرەكان بـەكراوەیی بمینیتـەوە، یـان پشت بەسیاسـەتی ئیحتیـوا كـردن ببەسـترێت تـا لەرییانـەوە سـزاكان توندتـر بكریـت‌و هـێزە سـەربازییەكانی ئـەمریكا لەكـەنداودا بـۆ ماوەیـەكی دریژخایـەن بمینیتـەوە، بەپلـەی یەكـەم ئـەركیان بـەرگریكردن دەبیـت، یـاخود هـێزو توانایـەكی سـەربازی وا بەكاربهینن كە لەتوانای دابیت عیراق لەكوێت وەدەرنیت.

ئیمە ئەگەری سییەممان پی باش بوو. كولن پاول وتی: توانـای ئـەوەمان هەیە بینای هێزیكی هیرش بـەری حـەقیقی بكـەین، دەبیت سـەدام حسین لـەوە دلنیـابیت كـە ئیمـە بـەجدی بـیر لەمەسـەلەكە دەكەینـەوە، بـاش ریكخستنی هیزەكان لانی كەم پیویستی بەچوار تیمی هیزی زەمینی دەبیت، بەڵام هەردووكمان پیمان وابوو لەرووی سیاسییەوە رەنگە قوتارنەبین، گـەر هاتوو وڵاتە یـەكگرتووەكان بـەریژەی ٧٥٪ی زیانـەكانی بەركـەوێ لەحالـەتی هەڵایسـانی شـەردا. پیویسـتە گردكردنـەوەی هـیز ژمارەیـەكی سـەرەكی لەهیزەكانی وڵاتانی تریش بگریتەوە، بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەكان. دەبیـت ئەم هیزە زەبەلاحەش لەوپـەری ئامادەباشـیدا بیـت بـۆ شـەركردن لـەماوەی

سی مانگدا. کولن پاوڵ هاورای من بوو لەوەی دەبیت ریگاچارەی سەربازی پەیوەست بیت بەو هەولە دیبلۆماتیانەوە تا ریگای بەکارهینانی هـیزی سەربازیمان بدات لەکاتی پیویستدا.

بۆ رۆژی دوایی لەمالەوە دەستم کرد بەپوختەکردنی بەرنامەی کـار لەسەر بنەمای ئەو ئەگەرانەی لەگەڵ پاوڵدا قسەمان لیکردبوو، بۆ خۆم ئەو خالانەم لەسەر پشتی زەرفیك تۆمارکرد.. ئاماژەشم بەوە کـرد بـۆ ریگەگرتن لەکشانەوە لەپشتیوانیکردنی بریارەکە پیویستە سەرۆك رۆژیك دەستنیشان بکاتو پاشان دوای ئەوە دەست بەبەکارهینانی هیز دەکریت. بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتی گونجاو بۆ ئەو کارە رەنگە سەرەتای مانگی شوبات یان سەرەتای مانگی ئازار بیت.

بەلام هەر ساتیك بیت ئەوا ئیمە پیویستمان بەوەیە لەوپەری ئامادەباشی دابین. هاوکات دەبیت دەست بەجی خەریکی کۆکردنەوەی هیزیکی گەورەبین لەکەنداودا. بەمەبەستی پاساو هینانەوە بۆ ئەم کارە نووسیم: (پیویستە سستمی نویی جیهانی پابەند بیت بەپرانسیپەکانەوەو بەرپەرچی دوژمنکاریەکە بداتەوە)، چونکە نابیت هەمان ئەو هەلانە دووبارە ببنەوە کە لەسالانی سیەکاندا یاخود لە ڤیتنامدا وەك نارۆشنیو دوودلیو.. هتد، روویان دا. گەر ئیمە بمانەویت ئەرکەکە راپەرینین ئەوا دەبیت هیزیکی گەورە پیکبهینین.

هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا پیویستە لە کاتی بەکارهینانی هیزدا، رووبکەینە نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆنگریس تا داوای پشتگیریان لی بکەین. پاشان ئەمەم نووسی: (گەر کۆنگریس رەزامەندی نیشانداو عیراق پاشەکشەی نەکرد، ئەوا پیویستە دەست پی بکەین، گەر رازیش نەبوو

دەبێت ئەوە ڕابگەیەنیت کە ئیمە دەست بەئیحتیواکردنی عـیراق دەکـەین‌و بـەردەوام دەبـین لەسـەر سـەپاندنی سـزاکان بەسـەریداو هێزەکانیشـمان مانـەوەیان ناوچەکـەدا بـەردەوام دەبیـت وەك ئـەلمانیاو کۆریـا). لـەم حالەتەشـدا پیویسـتە دەست بەلیکۆلینـەوەی گواسـتنەوەی تـەواوی ئـەو دیبلۆماتە ئەمریکیانە بکەین کە لەکویتدا ماونەتەوە.

★ ★ ★

ڕۆژی دوایـی بەتەلـەفۆن پـەیوەندیم بەسـەرۆك بۆشـەوە کـردو پیـم ڕاگەیاند کـە دەمـەویت دانیشـتنیکی تایبـەت بکـەین‌و وتوویـژ دەربـارەی مەسەلەیەك بکەین.

سـەرۆك دەست بـەجی وەڵامـی دایـەوەو وتـی: (ئـەی بـۆ هـەر ئیسـتا نایـەیت‌و پیکـەوەش مـەی دەخۆینـەوە)، پـاش نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە -یـەك شـەممە- پوختـەی ڕاوبۆچوونـەکانی خۆمـم پـی وت. سـەرۆك وتـی ئـەو بۆچوونانەم پی گرنگەو بەشیوەیەکی گشتی هاوسـۆزم لەگەلیدا، بـەڵام وەك عادەتی خۆی وتی: هەندێ کاتی دەویت تا لیی بکۆلیتەوە. پیکهاتین لەسـەر ئەوەی پیویستە مەسەلەکە لەگەڵ گەورە ڕاویژکارانیدا باس بکەین. هاوکات کە من خەریکی تاوتویکردنی ئەو مەسـەلەیە بـووم لەگـەڵ سـەرۆکدا، کۆلـن پـاول بـەرەو ڕیـاز بەریکەوت تـا لەگـەڵ شوارسکۆف دا لەپیداویسـتییەکانی هیرشیکی کاریگەر بکۆلنەوە.

سی ڕۆژی دوای ئەوە لەچەند بۆنەیەکدا سەرۆك ئەم مەسەلانەی لەگەڵ چینـی‌و پـاوڵ‌و سـکرکرۆفت و منـدا هینایـە بـەر بـاس. لـە٢٤ی تشـرینی یەکەمدا سەرۆك وتی: پیم باشە بەشیوەیەکی نوێ دەسـت بەبڵاوکردنـەوەی

هیزەکانی ئەمریکا بکریت لەناوچەکەدا. لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا-سەرۆك رازی بوو بەوەی ژمارەی هیزەکانمان زیاد بکەین بۆ دوو سەد هەزار سەربازو رەوانەی سعودیە بکرین. بە گەیشتنی ئەم هیزانەش لەولاتەیەکگرتوەکانو ئەلمانیاوە ئەوا هیزە بەرگرییەکانمان توانستیکی هیرش بردنی تۆکمەیان دەبیت .گەر ئەمریکا پیویستی بەوەبوو دەست بەشەر بکات، ئەوا لەباریکی وەهادا دەبین بواری جەنگو سەرکەوتنمان بۆ برەخسی.

هەرچەندە هەندیك تۆمەتی ئەوەیان دایە پالمان کە خرکردنەوەی هیزو ناردنی هیزی زیاتر مانای راگەیاندنی شەر دەگەیەنێ، بەلام تا ئەوکاتەش سەرۆكو گەورە یاریدەدەرەکانی هیوا خواستی ئەوەبوون ئەم فشارانە سەدام ناچاربکات بی هەلایسانی شەر لەکوەیت بکشیتەوە. چونکە ئەوان بروایان بەوە هەبوو کە دیبلۆماسیەتی هیز کاریگەری خۆی دەبیت. بەمجۆرە شەر بووە شتیکی حەتمیو رەت نەکراوە. لەگەڵ ئەوەش رووبەرووی زیانە گیانیەکان بووینەوە کە پنتاگۆن بەهەزاران کەسی مەزەندە دەکردن. ئەمە سەرەرای تارمایی هیرشکردنە سەرمان بەچەکی کیمیاییو بایەلۆژیو پیشبینی کردنی بەردەوام بوونی شەر بۆ چەند مانگیك نەك چەند رۆژیك.

بۆ خۆم هیچ گومانیکم لەوە نەبوو کە سەرۆك لەکاتی پیویستدا بریاری بەکارهینانی هیز دەدات و سووریش دەبین لەسەر پاراستنی مافەکانی خۆمان لەچوارچیوەی ماددەی (٥١) لەریکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەلام هەر لەسەرەتاوە سەرۆك دانی بەگرنگی بەدەستهینانی رەزامەندی راستەوخۆی کۆمەلگەی نیودەولەتیدا نا. بەدریژایی چەندین ساڵ

هاوپەیمانـەکانمان بـەردەوام بـوون لەسـەر گـازندەکردنی عەقلیـەتی کـاوبۆی ئــەمریکی و چالاکییــە لەناکاوەکانیشــمان لــەگریناداو پەنــەمادا ئــەم بۆچوونەیان زیاتر سەلماندبوو.

لەریی پیکهینانی هاوپەیمانیتییەکی سیاسیو نیودەولەتی دژ بـە عیـراق، بۆش ئەوەی سەلماند کە باش لەو رەخنەو رەخنەکاریانە حالی بووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو بـەر لەهـەر شـتێ بـیروای وەهـابوو کـە هەرەشـەکردن بەبـەکارهینانی هـیز کاریگـەری زیـاتری دەبیـت گـەر ئـەندامانی هاوپەیمانییەکە دەنگی لەسـەر بـدەن. ئەمـەش وای لـەبۆش کـرد لـەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبـەردا نـەك هـەر ژمارەی هیزەکانی ئـەمریکا لەکەنداودا زیـاد بکـات، بـەلکو هـەولی ئەوەشیدا تـا نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـەلای خۆیـەوە بریـاریك دەربکـات تیـایدا ریگـا بەدەولەتـە هاوپەیمانـەکان بـدات لـەکاتی پیویستدا ئیعلانی شـەربکەن. مـارگریت تاتچـەر بـەم بۆچوونـە رازی نـەبوو پیی وابوو گەر شکست بینین لەدەرکردنی وەها بریـاریك، ئـەوا بەرادەیـەکی زۆر توانای ئەو هاوپەیمانییە کەم دەبیتە لەبەکارهینانی هیز بەپیی مادەی (٥١) لەگەڵاڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. چونکە ئـەو پیـی وابـوو نەتـەوە یـەکگرتووەکان بریـاریکی لـەو جـۆرە رەتدەکتـەوەو رازی نـابن پـێی، واتـە هـەولدان بـۆ بەدەسـتهینانی رەزامـەندی نەتـەوە یـەکگرتوەکان مەترسـی گەورەی تیدایە، لەم رووەوە هەریـەك لـە دیـك چینـیو برینـت سـکۆکرۆفت هـەمان راوبۆچوونـی تاتچـەریان هـەبوو. مـن بۆخـۆم هـاورای ئـەوان بـووم لـەوەی گـەر ئـەم دەنگدانـە چارەنووسسـازەمان دۆرانـد ئـەوا تیـك شـکانیکی گـەورە دەبیـت، بـەڵام هیـچ هـەولیکی وام نـەدا بـۆ دەرکردنـی بریارەکـە بەرلەوەی دلنیام لـەوەی کـە ئـەندامانی هاوپەیمانیەکـە پیـی رازیـن، لەگـەڵ

ئەوەشدا پیم وابـوو کـه هـەولیکی دیبلۆماسـی چـڕو پـڕ دەتوانیـت پالپشـتی پیویستمان بۆ دروست بکات.

## هەموو ریگاچارە پیویستەکان

سـەرگەرمی خشـتەیەکی زەمـەنیم بـۆ هەولـە دیبلۆماسـییەکانمان. بەریکەوتو بەپیی ریوشیونیکی ماوەدریژ ولاتە یەکگرتووەکان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسـایش دەگریتەدەسـتو، پاشـان دەکەویتـە دەسـت یەمـەن کـە هاوپـەیمانی عیراقـەو بـەتوندیش دژایـەتی ئـەو هاوپەیمانیتیـە دەکـات کـە لەدژی عیراق پیکهینراوە، وەك هـەنگاویکی عەمـەلی پیویسـتە بـەر لـەرۆژی سی مانگی تشرینی دووەم دەست بکریت بە دەنگدان لەسەر بریارەکە.

لەتشرینی یەکەمداو ماوەیەکی زۆر بەر لەدەرکردنی بریاری زیـادکردنی هیزەکانمـان لەکـەنداودا، داوای ئـەوەم لەلیژنـەی کۆنگریـس کردبـوو دەقـی پرۆژەی ئەو بریارە ئامادەبکەن کە پیشنیاز کراوە، من دەم ویست پـرۆژەی ئەو بریارە ئیعلانیکی روونو ئاشکرای تیدا بیت بەبـەکارهینانی هیـز. ئـەو پیشنیازەی من خستمە بەردەستیان (هەموو ریگاچارە پیویستەکانی تیدابوو لەوانـەش بـەکارهینانی هـیز). لەگــەلّ ئەوەشــدا کــاری دیبلۆماســیانەی سەرکەوتوو ئەو شتە بوو کە هونەری مومکینـی دەدایـە دەسـتم. لەبەرئـەوە ئیمە هەلویستمان بەهیز بوو. لەسەر داواکاری من بۆب کیمیت دەستی کـرد بـەتاوتویکردنی لایەنـە یاساییەکانو بـەکورتی پیـی راگەیاندم گـەر هـاتوو سۆڤیەتەکانو هاوپەیمانەکانی دی بـەجۆری ئـەم دیاریکردنـە رازی نـەبوون، ئەوا دەستەواژەی (هـەموو ریگاچـارە پیویسـتەکان) ریگـای ئـەوەمان دەداتـێ بۆئــەوەی دەســت بەشــەر بکــەین. لەگـەلّ ئەوەشــدا مــن زیــاتر گرنگیــم

بەزۆرترین دەنگ دەدا لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا. بوونی یەمەن و کوبا لەریزی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشدا لەمانگی تشرینی دووەمدا ریگر بوو لەبەردەم ئەوەی بەکۆی دەنگ بریار لەسەر کیشەکە بدریت، بەلام دروستبوونی کەرتبوونیکی گەورە لەکاتی دەنگدان لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا بەئاسانی ئەو بیانووە دەداتە دەستی سەدام حسین تا خۆی وەکی قوربانی تۆلەی ئەمریکی-زایۆنی نیشان بدات، کاریك کە دەبیتە مایەی ئەوەی پرۆژە سەربازییەکەمان راستگۆیی خۆی لەدەست بدات.

لای خۆمەوە سووربووم لەسەرئەوەی دەبیت سەرۆك دەولەت یان وەزیری دەرەوەی تەواوی ئەو ولاتانە ببینم کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشن، بەر لەو ماوەیەی دەکەویتە پیش پرۆسەی دەنگدانی ئەنجومەنی ئاسایش. هاوکات ویستم لەپرۆسەی دەنگدانەکەدا وەزیرانی دەرەوەی ولاتانی ئەندام لەئەنجومەنی ئاسایشدا ئامادەبن.

ئەمە بۆ یەکجار بوو لەدوای قەیرانی کۆریاوە داوای بەکارهینانی هیز لەئەنجومەنی ئاسایش بکەین. بەکورتی بریارەکە بریاریکی چارەنووسسازبوو، بۆیە لە بەرزترین ئاستدا پیویستی بەچارەسەرو ریگاچارەی پیویست هەبوو.

## رۆژیکی سی و حەوت سەعاتی

لەسێی تشرینی دووەمدا واشنتۆنم بەجیهیشت و سی هەفتەی دوای ئەو بەرواره هەژدە رۆژم لەهاتوچۆی نیوان دوانزە ولات کە لە سی کیشوەری جیاجیادا بوون بەسەربرد. رۆژیك دوای (عید الشکر) تیمی فرۆکەکە کە سەر بەهیزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بوون ئاگاداریان کردمەوە کەوا

ژمارەیـەکی پیوانـەییم تۆکـارکردووە، چونکـە لـەرۆژیکی سـیو حـەوت سـەعاتیدا توانیومـە لـە جـدەوە بچمـە بۆگۆتـای پایتـەختی کۆلۆمبیـاو لەویشـەوە بـۆ لـۆس ئـەنجلۆسو پاشـانیش بگەریمـەوە شـاری هیوسـتۆن کـە زیدی خۆمە. لەکۆتایی تشرینی یەکـەمدا کۆبوونـەوەیـەکم لەگـەڵ سـەرجەم ئـەندامانی ئەنجومـەنی ئاسایشـدا گـری دا، ئـەم پرۆسـەیە پرۆسـەیەکی ئالۆزبوو کە مەراییو رازی کردنو هەرەشەو گورەشەی لەخۆگرتبوو. بگـرە هـەندێ کـاتیش دەنـگ کرینیشـی تیدابـوو. ئەمـەش بـۆ خـۆی سیاسـەتی دیبلۆماسیەتە. سەرۆك بۆش سەرپشکی کـردم گـەر هـەر دژایـەتی کردنیکی بریارەکە روویدا هەندیك سازشکاری بکـەین، تـا ئـەو ئەندامانـەی پـی رازی بکەین کە دژایەتی بریارەکە دەکەن.

لەمیانـەی ئـەو گەشـتە نیودەولەتییـەمدا لەخۆرهـەڵاتی جیهانـەوە بـۆ خۆرئـاوای، لیسـتی ئـەو ئیغرائاتـە دیبلۆماسـیانەم لـەگیرفاندابوو کـە بـۆ بەدەسـتهینانی رەزامـەندی دامـان نـابوو. بـۆ نموونـە ئیمـە ئامـادەبووین ئیلتـیزام بەکیشانەوەی بەشـیکی دیـاریکراوی هیزەکـانی ئـەمریکا بکـەین لەسعودیە، گـەرهاتوو عیراقیـەکان پاشەکشـەیان کـرد لـە کوەیـت. هاوکـات ئامادەیی ئەوەشمان تیدابوو هەیئەیەکی ناوبژیوانی لەلاهای پیك بهینین بـۆ چارەسەرکردنیکی هەمەلایەنی کیشە سنوورییەکانی عیراق-کوەیت.

لەمیانـەی سـەردانەکانمدا کۆبوونـەوەم لەگـەڵ زۆربـەی ئـەندامانی هاوپەیمانیـە سـەربازییەکەدا کـرد، تـا لـەدوا هـەنگاوەکانمان ئاگاداریـان بکەینەوەو رەزامەندی هەریەکەیان لەسەر سی خالی گرنگ بەدەست بینین. یەکەم دەمانویست لەوە دلنیابین کە تـەواوی چالاکییـەکان لـەژیر کۆنـترۆلی سەرکردە ئەمریکییەکاندا دەبیت، هەروەها پیویسـتمان بـەوە بـوو دلنیـابین

لەوەی کە هیچ نارەزاییەك سەبارەت بەبۆردومان کردنی عیراق لەئارادا نییەو هاوپەیمانەکانمان لەگەڵمان دەمیننەوە تەنانەت لەحالەتیکیشدا گەر هاتوو ئیسرائیل کەوتە بەر شاڵاوو پەلاماری عیراقییەکان.

لەیەکەم ویستگەدا لەمەنامەی پایتەختی بەحرین چاوم بەمیر شیخ عیسا بن سەلمان ئال خەلیفە کەوت، شیخ عیسا لە نەخۆشخانەی بابکۆ کەوتبوو، بەلاّم تەندروستی بەرەو باشی دەچوو دوای ئەوەی جەلدە لیی دابوو.

ئەم بنەمالەیە ئال خەلیفە لەسالی ١٧٨٢وەوە حوکمرانی بەحرین دەکەن، وەك پیشبینیم دەکرد زۆر لایەنگری بریارەکە بوو. پیم وت: (گەر شەر دەستی پیکرد دەبیت توانای ئەوەمان هەبیت دەست بوەشینین. هەروەها پیویستە بزانین ئاخۆ هاوپەیمانەکانمان لەعەرەبو موسلمانان دووچاری کیشەو گرفت دەبن گەر هیرش کرایە سەر عیراق، لەوانەش بۆردومانکردنی بەغدا. یان ئاخۆ گەر سەدام حسین ئیسرائیلی بۆردومان کرد عەرەبە هاوکارەکانمان بەردەوام دەبن لەئیلتیزامکردن بە وەلاّمدانەوەی سەربازی دژی عیراق؟). وەلاّمی میری بەحرین لەبەرامبەر هەر سی خالەکەدا ئیجابی بوو، پەیمانی داو وتی: (بەحرین پشتیوانی لەهەموو هەولیکی دژ بەعیراق دەکات. ئاشتی لەگەڵ سەدام دا بیّهودەیە). بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی فیرقەی یەکەم کە ئەوکات لەبیابانی ناوەراست لەسعودیەدا شوینی خۆیان گرتبوو. مەنەمام بەجیهیشت. دوای سەفەریکی دژوار بەکۆپتەر کە حەفتاو پینج دەقیقەی خایاند، دیمەنی ٤٢٠٠ سەربازی فیرقەی یەکەم بەدەرکەوتن.

قسەم بۆ سەربازەکان کردو لەژێر تۆڕێکی قەبارە گەورەدا راوەستابووم‌و پێـم راگەیاندن کـە ئـەوان‌و هـەوڵ‌و چالاکیـەکانیان بـەردەوام سـەرقالیان کردووین، گەر قارەمانی ئەوان نـەبێت ئـەوا هـەموو ئـەو هەولاَنـە مـەحالن. لـەوێدا هەسـتم بـەورە بـەرزیان کـردو زانیـم چـەند بەتاسـەوەن بـۆ رووبەرووبوونەوەی هەرچییەك چاوەرییان بێت.

دوای قسەکانم تێکەڵ بەسـەربازەکان بـووم و ئەفسـەرێك بەپلـەی کـاپتن پێی وتم: کەوا یاری تۆپی پێی لەگەڵ مایکی کورمدا کردووە. لەئـەکادیمیای نـۆرت ویسـت لەهیوسـتۆن، لـەکاتی رۆیشـتندا سـەربازەکان پاکـەتێکیان بەدیاری دامێ.

لەتائیف رەزامەندی ئـەمیری کوەیتـم وەرگـرت. ئەلبەتـە ئـەو دەیویسـت ولاَتەکەی بگێریتـەوە ژێـر دەسـەلاَتی خـۆی‌و سـەدامیش دووچـاری شکسـت بێت. پێشی باش بوو ئەم کارە لەنزیکترین دەرفـەتدا ئـەنجام بدرێـت. مـیری کوێـت پێشـنیازی ئـەوەی کـرد ئـەو سـی خالـەی مـن مەبەسـتمە لەگـەڵ جێنشینەکەی باسی بکەم. لەسەر دوو خالی یەکەم هیچ تێبینییەکی نەبوو، بەلاَم پێی وابوو سێیەمین خاڵ هـەندێ کێشـەی تێدایـە، سـەبارەت بـەوەش مـن دلنیـام کـردەوەو پێـم وت: (ئێمـە بـەهیچ رێگاچارەیـەکی مـام نـاوەندی رازی نابین، بەلاَم دەمانـەوێت هەلویسـتی عـەرەب بزانـین گـەرهاتوو سـەدام پەلاماری ئیسرائیلی دا، ئێمە دەمانـەوێت دلنیـابین لـەوەی ئێـوە لەگـەلماندا دەبن). پێدەچوو پرسیارەکەم گرژی‌و ئالۆزی لـەنێوان کۆیتیـەکاندا دروسـت کردبێت. بۆماوەیەك بێدەنگی تەواو دانیشتنەکەی داگرت. جێنشـینی مـیری کوێـت پرسـی: (دەتوانـین دلنیـابین لـەوەی کـە ئیسـرائیل دەسـت پێشـخەری ناکات لەپەلاماردانی عیراقدا؟). لەوەلاَمدا وتم: (با وای دابنێـین پێچەوانـەی

ئەوە رووی دا، ئیمە دەمانەویت ئەم مەسەلەیە بخەینە روو قسەو باسیشی لەسەر بکەین. ئیمە دەمانەویت هەلویستی ئیوە بزانین گەر هاتوو سەدام حسین هیرشی کردە سەر ئیسرائیل). جینشینی ئەمیری کویت بەرپەرچی دامەوەو وتی: (هەقی خۆتە کە پرسیاریکی وا دەوروژینی. ئیمە هەلویستمان روونو ئاشکرایە، بەلام وانەبوو). جینشینی میری کویت رووی کردە راویژکارانیو لەگەلیان کەوتە قسەکردن بەعەرەبی. بەنەرمو نیانیەکەیەوە پیم وت: (ئیمە دەزانین مەسەلەکە زۆر بەگریو گوالەو هەولدەدەم لای هەموو ئەو لیپرسراوە عەرەبانەی سەردانیان دەکەم باسی بکەم، هەمان ئەو پرسیارەیان لیدەکەمو دەشبیت وەلامم چنگ بکەویت).

دواجار وەلامی پیویستم بەچنگ کەوت جینشینی میری کویت وتی: (هەرچی پەیوەندی بەهەلویستی گەلی کویتیەوە هەیە، ئەوا گەر بیتو سەدام پەلاماری ئیسرائیل بدات، لەبەرئەوەی ئیوە هەولی ئازادکردنی ولاتەکەمان دەدەن پیم وانییە هیچ کویتیەك بیتە دەنگ، گەر هیرشیش کرا بابیبت).

لەوەلامدا وتم: (ئەمە هەموو ئەوەبوو کە دەمویست گوێ بیستی بم).

پاش نیوەرۆی ئەو رۆژە بۆ ماوەیەکی کەم لەئوتیل شیراتۆن چاوم بەچوار کویتی کەوت کە لەولاتە داگیرکراوەکەیان هەلاتبوون و هەموویان دووچاری لیدانو سزابووبوونەوە.

یەك لەوانە گوللەیەك بەر پشتی سەری کەوتبوو، زمانی قرتابوو، دەموچاویشی بەشیوەیەکی ترسناك شیوابوو. یەکیکی دیکەیان دەستدریژی جنسی کرابووە سەر، بەجۆریك دوای ئەوە نەیدەتوانی لەری بروات. بەبیرم بیت ئەمە یەکەم جارە ئاوا رووبەروو قوربانی دەستی پیاویکی درندەو

دوور لەئینسانیەت بەچاوی خۆم دەبینم. ئەوەی کەبینم تووشی راچلەکین‌و نائومیدی‌و توورەبوونی کردم.

*          *     *

بەر لەکۆبوونەوەکەم لەگەڵ شافەهددا لەجەددە، بۆماوەی دوو سەعات لەگەڵ ئەمیر سعود فەیسەڵ‌و ئەمیر بەندەردا کۆبوومەوە.

ئەمیر بەندەر زۆری لیکردم تا زوو بەزوو دەست بەشەربکەین‌و سووربوو لەسەرئەوەی کەهەرچی زووتره بکەوینەخۆ.

بەشیوەیەکی گالتەئامیزەوە وتی: (لەکانونی دووەمدا دەبیت یان ئەو یان ئیمە یەکیکمان هەرەس بینین). لەوەڵامدا پیموت: (پیویستە سەرۆك بریاربدات، بەڵام دەزانم ئەو بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاودەنیت). ئەو سێ پرسیارەم لیکرد کە لەگەڵ شافەهددا باسم لیدەکرد. ئەوەشم وەبیرهینانەوە کە: (فرۆکە ئەمریکییەکان لەعیراقدا هاووڵاتییە عەرەبەکان دەکوژن).

میرسعود فەیسەڵ لەوەڵامدا وتی: (عیراق لەکوەیتدا ئەمریکی نەکوشتووە، بەلکو هاووڵاتی عەرەبی کوشتووە. ئەمە بۆخۆی کیشەیەك نییە). سەبارەت بەوەی هیرشی ئیسرائیلی بۆ سەر عیراق رووبدات ناکۆکی دروست نابیت؟ بەندەر بەو ئینگلیزیەی لەماوەی چەند سال مانەوەی لەواشنتۆندا فیری بووبوو دلنیای کردمەوە لەوە. هەرچی سعود فەیسەلیشە پیی وابوو (ئەم مەسەلەیە کیشەیەکی ئالۆزەو دەبیت شا فەهد بۆ خۆی یەکلایی بکاتەوەو دوا بریاری لەسەر بدات).

دواتر لەکۆشکی ئاشتی لەسەعات (١٠)ی ئیوارە تا نیوەی شەو لەگەڵ شافەهددا کۆبوومەوە. لەو دانیشتنەدا شافەهد شەرابی گیزەری پیشکەش

کردم کە لەتائیفەوە هینرابوو، وتی ئەمە باشترین شتیکە کە مارگریت تاتچەر حەزی لیدەکات. شافەهد وەکو سعودو بەندەر توندرەو بوو. ئەمیستا گەشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە سەدام هەر لەسەرەتاوە پلانی بۆ ئەوە دارشتووە تا پەلاماری ناوچەکەبدات و تەنها وەلامدانەوەیەکی دەستوبردی هیزەکانی ئەمریکا دەتوانی لەجیی خۆیدا رایبگریت.

شا لەم رووەوە وتی: (لەکاتی پیویستیدا مرۆڤ دەتوانیت پشت بەدۆستە راستەقینەکانی ببەستیت. ولاتە یەکگرتوەکانو سعوودیەش لەیەك سەنگەردان). وەهاش باسی لەسەدام حسین کرد کە پیاویکە هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات، پیاویکە هیچ شتێ لەبارەی ئەخلاقەوە نازانیتو گالتە بەهەموو بەها ئینسانییەکان دەکات. پیدەچیت یەزدان ئەم رووداوانەی بۆ ئەوە هینابیتە پیش تا لەدەست سەدام قوتارمان بیت.

وەکی پیشبینیم دەکرد رازیکردنی شافەهد ئەوەندەی پی نەچوو، رەزامەندی نیشان دا لەسەرئەوەی بریاریك لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەربکریت کە ریگا بەبەکارهینانی هیز بدات. کاتیکیش داوای ئەوەم لیکرد ریگا بدات تا دەست بەجێ دوو سەد هەزار سەربازی ئەمریکی دیکە لەناوچەکەدا جیگیربکریت، بێچەندو چوون رەزامەندی خۆی نیشان دا. هاوکات داوای ئەوەشم لیکرد ریگە بدات تا سەرکردایەتی شەرەکە بەدەست سەرکردە ئەمریکیەکانەوە بیت نەك بەدەست ئەفسەرە سعودییەکانەوە، بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: (گرتنەبەری ئەم رێوشوینانە کاریکی پیویستە، سەبارەت بەمەسەلەی ئیسرائیلیش رازی بوو).

زۆر بە ئەدەبەوە پیم راگەیاند گەربکریت پرسیاری ئەوەی لیبکەم ئاخۆ دەبیت لەرووی مادیەوە پالپشتی زیاترمان بکەن، بەپیکەنینەوە وتی: (هیچ

شتێ مــەحاڵ نییــە لــەگفتوگۆو مشــتومڕی نیــوان هاوکــاران)دا. ئەوەشــم بەبیرهینایەوە کە ئەو لەکاتی سەردانەکانی پیشتووترمدا رازی بووە بـەوەی (٢,٥) ملیار دۆلار تەرخان بکات بۆ خـەرجی تیچوونـی گازو بـەنزینو ئـاوو کەلوپــەلو گواســتنەوەو هــاتوچۆی هیزەکــانی ئــەمریکا لــەناو خــاکی عەرەبستانی سعودیەدا.

لەگـەڵ ئەوەشــدا پیــم وت: (پیموایــە ئەمیســتاش کــاتی خۆیــەتی کــە خـەرجی تیچوونـی گواســتنەوەی هــیزە ســەربازییەکانی ئــەمریکا لەوڵاتــە یەکگرتووەکانــەوە بــۆ عەرەبســتانی ســعودی بگریتــە ئەســتۆ. شــا فــەهد لەوەڵامدا وتی: (ئیستا سـەرەتانیك لەناوچەکـەدا هەیـە، پیویسـتە قوربـانی بەهەموو شتیك بدەین تا لەرەگەوە دەری بکیشین. ئـەوەی تـۆ دەیلییـت مـن رازیم لەسەریو هیچ گرفتیك لەئارادا نییە).

دوای کۆتــایی ســەردانەکەم لەســعودیە بــەرەو قاهــیرە بەریکــەوتم، تــا دیداریکـی کـورتو بەپەلــە لەگــەڵ ســەرۆك حوســنی موبــارەك لەکۆشــکی (الاتحادیة) لە (مصر الجدیدة) سازبدەم. وەك پیشبینی دەکرا وەڵامی موبــارەك لەبەرامبەر هەر سی پرسیارەکەمدا ئیجابی بـوو. بـەڵام دلنیـا نـەبوو لـەوەی بتوانیـت فیرقـەی سـییەمی میسـری رەوانـەی کـەنداو بکـات، وەك ئــەوەی داوام لیکرد.

لـەو دانیشـتنەدا موبـارەك پیـی راگـەیاندم کـە: (گـەلی میسـری نایــەویت دەولـەتیکی عـەرەبی تیکبشـکینریت). لەبەرامبـەر ئـەو داوایــەشمدا کــەریگا بەفرۆکـەکانی ئـەمریکا بـدات تـا دوو بنکـەی میسـری بـۆ هـیرشو پـەلاماری ئاسمانییەکان بەکاربهینن، موبارەك دوودڵ بوو وەڵامی یـەکجاری نەدامـەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆم دلنیابووم کەدواجار بەو داوایەم رازی دەبیت.

## چینیەکان و روسە بەدگومانەکان

پاش کۆبوونەوەکەم لەگەڵ موبارەکدا، سەعاتو نیویك لەهۆلی گەورەپیاوانداو لەفرۆکەخانەی قاهیرە خەریکی گوشار هینان بووم بۆ سەر چیان چینی وەزیری دەرەوەی چین کە لەسەر ریگابوو بۆ بینینی سەدام حسین.

ئەو دیدارەمان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی چین دا بەر لەچەند رۆژیك ریکخست، کاتیك ئەوەمان زانی کە ئیمە بەریکەوت لەناوچەکەدا دەبین کاتیك وەزیری دەرەوەی چین سەردانی ئەویّ دەکات. ئەوەی هانی دام زۆر بۆ وەزیری دەرەوەی چین بهینم ئەوەبوو کە چیان پیی راگەیاندم ئەوان دەیانەویت سەدام حسین لەوە ئاگادارکەنەوە کە چین پابەندە بەجیبەجیکردنی تەواوی سەرجەم بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پاشەکشەکردنی بێمەرجیش لەکوەیت بەتاکە ریگاچارەیەك دەزانن بۆ ریگرتن لەخوینرشتنو هەلایسانی جەنگ.

بریاری ریگادان بەبەکارهینانی هیزم بۆ روونکردنەوەو لەردیژی قسەکانمدا پیموت: (باشترین شتیك ئیوە بیکەن بۆ گەیشتنە ریگاچارەیەکی ئاشتی قەیرانەکە، ئەوەیە سەدام لەوە ئاگادارکەنەوە کە چین دەنگ لەسەر بەکارهینانی هیزدەدات). بەلام چیان لەم رووەوە پابەندبوونی خۆی نیشان نەدا، چونکە ئەو لەو باوەرەوەدابوو کە سزاکان خەریکە کاریگەری خۆی دەبیتو لەم بارەیەوە وتی: (مادامەکی حالّ بەم شیوەیەیە، ئەوا باسکردن لەبەکارهینانی هیز مەسەلەیەکە هیشتا وەختی نەهاتووە). هەروەها

لەدریژەی قسەکانیدا وتی: (شەر دەبیتە مایەی ئەوەی هاوسەنگی هیز لەناوچەی کەنداودا بگۆریت، کاریك کەدەبیت بەهەموو شیوەیەك ریَی پیبگرین. مادامەکی هیوایەکی کەم بەگەیشتنە ئاشتی هەبیت، ئەوا چین هەموو هەولی خۆی دەخاتەگەر بۆ چارەسەرکردنی کیشەکە بەئاشتیانە). سەر لەنویٚ تەئکیدم لە چیان کردەوە سەبارەت بەبریاری بەکارهینانی هیزو پیموت: (گەر قەناعەتمان بەسەدام نەکرد کە ئیمە سوورین لەسەر بریارەکانمان، ئەوا هیچ دەرفەتیکمان لەبەردەمدا نابیت بۆئەوەی بەئاشتی لەکوەیت بکشیتەوە).

چینیەکان تا ئەوکاتە توورەبوون لەوەی کە نەمن و نە سەرۆك بۆش سەردانی چینمان نەکردووە. بۆم روونکردەوە کەوەها سەردانیك لەوانەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ رووبەرووی رەخنەمان بکاتەوە، کاریك کە رەنگە ببیتە مایەی ئەوەی پەیوەندییە دووقۆلیەکانی نیوانمان دووچاری تیکچوون بیت. بۆ زیاتر پالپشتی کردنی ئەو بۆچوونەم دوو نامەی تازەوەختم بۆ خویندەوە کە لەئەندامانی کۆنگریسەوە هاتبوو، تییدا نارەزایی خۆیان لەوە نیشان دابوو کە سەرۆك بۆش بەنەرمی مامەلە لەگەلٚ چینیەکاندا دەکات. چیان وتوویژکاریکی لیزانە، دەیویست پالپشتیکردن لەبریارەکە ببەستیتەوە بەوەوەی بەلین بدەین کە سەرۆك بۆش سەردانی چین بکات. منیش پیم راگەیاند کەوا بۆب کیمیت رەوانەی پەکین دەکەین تا لەو سەردانە چاوەروانەی من بکۆلیتەوە کە لەسالی ١٩٩١ ئەنجامی دەدەین. چیان وەها لەم قسانەم حالی بوو کە گەر بیتو چین بیر لەبەکارهینانی ڤیتۆ بکاتەوە ئەوا کاریگەری خراپی لەسەر بەرەوپیشچوونی پەیوەندییەکانی نیوان چین و ئەمریکا دەبیت، بەلاٚم من هەر دەمویست دلنیابم لەوەی کە ئەو پەیامەکەی پیگەیشتووە.

بەشەرمیکەوە ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە: (ئێمە زۆر لەو هاورییانەمان ناکەین کە پەیوەندیمان پیوەناکەن‌و نایەنە ریزمانەوە، بەلام هیندەیان لێ داوا دەکەین کە ریگەمان پێ نەگرن). چیان وەلامی نەدایەوە، بەلام گەیشتمە ئەوەی کە چینیەکان نابنە کۆسپیك لەبەر دەممماندا. دواتر ئەم راپۆرتەم رەوانەی سەرۆك بوش کرد: (وا هەستدەکەم هەر بەگەرانەوەی چیان بۆ چین، دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەرژەوەندیان لەوەدایە یان دەنگ بۆ بریارەکە بدەن یان بەلانی کەمەوە دەنگ نەدەن. بۆیە پیموایە پیویستمان بەوەنابیت تا من سەردانی چین بکەم بۆئەوەی دەنگ بۆ بریارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن).

بۆ رۆژی دوای ئەوە (حەوتی تشرینی دووەم) لەئەنقەرە بۆ ماوەی دوو سەعات لەگەلّ سەرۆك تۆرگۆت ئۆزالدا کۆبوومەوە، ئەویش وەکی چیان پیی وابوو گەمارۆی ئابووری کاریگەری خۆی دەبیت. ئۆزال وەکی پسپۆریکی ئابووری ڤالبوو بەبەردەوامی چاودیری جمجولی نرخی شتومەکی دەکرد لەبەغدا، پیی وتم نرخی فەردە برنجیکی پەنجا کیلۆی لە شەش دینارەوە بەرۆژیك بەر لەپەلامار‌دانی کوەیت گەیشتۆتە زیاتر لەدوو سەد دینار. لەوەلامدا وتم: (دەزانم تۆ پیت وایە کە سزاکان کاریگەری خۆی دەبیت. شیڤەرنادزەش پیشتر پیی وابوو کاریگەری سزاکان لەماوەی دوو مانگدا بەدەردەکەویت، کەچی وا ئیمە لەچوارەمین مانگداین). ئۆزال پالپشتی لەبریارەکە کردو بریاری دا لەو داوایەش بکۆلیتەوە بۆ رەوانەکردنی لیوایەك بۆ عەرەبستانی سعودیە. هاوکات رازیش بوو بەوەی ژمارەی ئەو فرۆکە ئەمریکیانەی لەبنەکە ئاسمانیەکانی تورکیادا جیگیرن ژمارەیان لەچل‌و هەشت فرۆکەوە زیاد بکریت بۆ سەدو سی فرۆکە. بەلام دلنیانەبوو

لەوەی ری بەو فرۆکانە بدریت بۆردومانی عیراق بکەن. من لـەوە دلنیـابووم ئۆزال وەکی موبارەك دواجـار رەزامـەندی نیشـان دەدات گـەر هـاتوو جـەنگ دەستی پیکرد، کە ئەگەری بەرپابوونی زۆرتربوو. بـەئۆزالم وت: (ئیمـە زۆر رەش بینـین لـەوەی قەیرانـەکـە بەئاشـتیانە چارەسـەربکریت، هیـچ شـتیك لەئارادا نییە ئەوە دەربخات کە سەدام نیازی کشانەوەی هەبیت لەکوەیت).

هەمان رۆژ لەئەنقەرەوە بەرەو مۆسکۆ بەری کەوتم. ئەو رۆژە ریکەوتی حەفتاو سییەمین سالەی شۆرشی بەلشەفی دەکرد. سـەردانەکەم بەمەبەسـتی وتویژکـردن بـوو لەگـەلٚ گۆربـاچۆفو شـیڤەرنادزە، کەنزیکـەی سـیانزە سـەعاتیکی خایـاندو لەسـەعات نـۆی بـەیانی رۆژی هەشـتی تشـرینی دووەم دەستی پیکرد. دەمزانی سەرۆك لەماوەی چەند سـەعاتی داهـاتوودا بریـاری زیـادکردنی هـیز دەدات لەناوچەکـەدا (واتـە لەناوچـەی کـەنداودا). بۆیـە بەپەلە کەوتمە روونکردنـەوەی وردەکارییـەکان بـۆ شـیڤەرنادزە وەك جـۆرە موجامەلەیەك. دەرفەتی ئەوەشم رەخساند تـا بـاس لـەبریاری بـەکارهینانی هیز بکەم.

بـەلاّم شـیڤەرنادزە پـیٚی وابـوو کـەکاتی ئەوەنـی‌یـە بـاس لەومەسـەلەیە بکریـت، وتـی هەرەشـەکردن بەبـەکارهینانی هـیز رەنگـە سـەدام بکاتـە قارەمانیك. بۆیە ئـەرکی ئیمـە ئەوەیـە سـزاکانی زیـاتر لەسـەر توندبکـەین. لەوەلاّمدا واتم: (ئیدوارد بـۆ توندکردنـی سـزاکان کیشـەیەك نـی‌یـە. چونکـە سەدام یەك بەیەکی هاوولاّتیانی ولاّتەکەی والی‌دەکات بەدەسـت برسـیەتیەوە بنـالینن بـەر لـەوەی لـەکوەیت پاشەکشـە بکـات). ئەوەشـم وەبیرهینایـەوە کەهاوپەیمانـە عەرەبـەکانمان سـوورن لەسـەر ئـەوەی نـابیت لـەدوای مـانگی ئادارەوە جەنگ دەسـت پیٚبکات، چونکـە مـانگی رەمـەزان دیـت پاشـان دوای

ئەوە گەرمای زۆری هاوین تـەنگمان پێهـەڵدەچنیت. لـەرووی عەمەلیشـەوە هەردواخستنیك ناچارمـان دەكـات كـردەوە سـەربازیەكانمان دوابخـەین بـۆ وەرزی پـایز، بۆیـە گومـان لەوەهەیـە بتوانـین تائەوكاتـە هاوپەیمانیەتەكـە بەیەكگرتووی‌و وەكی خۆی بهیلینەوە).

هەر كەلەقسەكانم تەواوبووم شیفەرنادزە وتی: (لەوەتێ دەگـەم). چـەند مـانگیك شـیفەرنادزە بەشـەری لوبـی عەرەبیـەوە سـەرقاڵ بـوو لـەناو وەزارەتەكەی‌دا.

ئـەو بۆخـۆی دەیزانـی هاوپەیمانیەتەكـە چـەند لەرزۆكـە. لـەپریكدا بەتـەواوەتی ئاراسـتەی خـۆی گـۆڕی‌و وتـی: (ئـەوكات تەنـها شـتیكی یەكلایكەرەوەو چارەنووسساز مـابیت ئەوەیـە گـەر ئیوە هیزبـەكار دەهینـن دەبیـت سـەركەوتنتان مسۆگەر بكـەن. چونكـە ئیمـە زۆر لـە ئەفغانسـتان فیربووین، گوێ بۆئەوعەسكەریانە رامەگرن كەلەسەركەوتنی ئاسـان‌و خـیرا دلنیاتان دەكەنەوە. پیویستە تەئكید لەسەركەوتنتان بكەنەوە. ئیوە دلنیـان لەوەی بەشیوەیەكی تەواو تاوتوێی مەسەلەكەتان كردووە؟).

لەوقسانەدا پێدەچوو سۆڤیەت گیرۆدەی ئـەوململانێ‌و كیشـە تایبەتیـەی خۆیـان بـن وەك نمونـەی ڤیتنـام. پیمـوت: (دەمـەویت بـۆ خۆتـان گـوێ لـە سـەربازانی ئـەمریكی بگـرن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـوارد جریفـز بانگدەكـەم تاقسەتان بۆ بكات. ئیمە شتیك دەكەین كەهەرگیز لەوەوبـەر رووی نـەداوە. بۆ ئەم مەبەستە هۆڵەكە چۆلكراو تەنها ئەوانە مانەوە كـەكاریان وەرگـیران بوو، ژەنەراڵ جریفز باسیكی نهینی‌و زۆر وردەكاریی لەمـەر نەخشـەوپلانە جەنگیەكانمانەوە پیشكەشكرد.

جریفـز زۆر بەتـەنگ ئـەوەوەبووە کـەزیادەڕۆیی نەکـەین لـە دەسـت نیشانکردنی توانـای چەکداریمان لە گۆڕەپانی شـەردا. بـەڵام خسـتنەرووی تـیروانینی تـەکتیکی ئیمـە لـە بـەڕیوەبردنی شـەردا لەلایـەن جریفـزەوە بۆشـیفەرنادزە گۆڕینەوەیـەکی دەگمـەنی زانیـاری سـەربازی بـوو لـەنیوان ئیمـەو سۆڤیەت دا. لەلایـەکیدی هـەرگیز ئـەوە بـەبیردا نـەدەهات کـە ڕێ بەئەفسەریکی گەورەی ئەمریکی بدریت تا نەخشەو پلانـەکانی شـەر بخاتـە بەردەسـت وەزیـری دەرەوەی سـۆڤیەت، شـەریکیش کەدژبـە دەولـەتیکی هاوپەیمانی سۆڤیەت بیت.

جریفـز ئاوەها کەوتـە ڕوونکردنـەوەی پلانەکـە: (ئیمـە پیمـان وایـە بەرلەهـەموو شتێ پیویستە هیزوتوانـای عیراقیـەکان پـەك بخـەین، لـەوەی بتوانن ڕینومایی ستراتیژی بگەیەننە هیزەکانیـان. بـەم شیوەیەش نـاهیلین پـەلامارمان بـدەن، یـاخود هـیزی بـەرگری خۆیـان ڕیکبخـەن لەبەرامبـەر هـیرش‌و پـەلامارەکانمان دا. ئـەوکات هـەرچی هـیزە دژە ئاسمانیەکانیانـە لەموشـەك‌و فڕۆکـە لـەناودەبریت. هـەر کەئـەوەشمان کـرد دەتوانـین بـەبێ ترس پەلاماری هیزە زەمینیەکانیان بدەین لەکوەیت‌و عـیراق دا). بەشـیوازە هیمنەکەی خۆی جریفـز ژمـارەی ئەوچەکە بالستیانەی کورتکـردەوە کەلـە دەسـتی هـیزی هاوپـەیمانان دایـەو تـەئکیدی لەسـەر باڵادەسـتی هـیزە زەمینیەکانی ئەمریکا کردەوە. هەروەها جریفز وتی: (تانکـەکانمان دەتوانـن تانکەکانی عیراق تیکوپیك بشکینن کاتیك کەبەوپەری خـیرایی تێدەپـەڕن‌و لـەم ڕووەوە عیراقیـەکان توانـای بـەرگری کردنیـان لـەخۆیان نیـیە). لەبەرچەند هۆیـەك کەئاشکرایە باسی ئـەوەی نـەکرد کەتانکـەکانی عـیراق خراپن‌و لەوتانکانـەن کەدروسـتکراوی سـۆڤیەتن. هەلسـەنگاندنی جریفـز

بۆشەر ئەوەبوو کە لەخراپترین حالەتو لەنالەبارترین سیناریۆدا ئەوا هەلمەتو چالاکیە ئاسمانیو زەمینیەکان پێکەوە لەسێ مانگ زیاتر ناخایەنێت.

من دەمزانی ئەو خشتە زەمەنیەی جریفز خستیەروو تەواو خشتەیەکی دوورە لە راستییەوە، چونکە بەرلە دوو هەفتە دیك چینیو کۆلن پاول بەرنامەیەکی وردیان لەمەر نەخشەوپلانەکانی پنتاگۆن نیشان دام، نەخشەوپلانێکی کتوپرو لەناکاوگەر ناچارکراین پەنا بۆ هێز بەرین. ئەم پلانەی شەر وەهای مەزندە دەکرد کەهاوپەیمانەکان لەماوەی سێ تاچوار هەفتەدا کۆتایی بەجەنگ دێنن. دلنیاش کرامەوە لەوەی کەئەم هەلسەنگاندنە راستگۆیە لەگەڵ واقعی سەربازیدا. بەڵام ترسم لەوە هەبوو شیفەرنادزە پێی وابێت زیادەرۆیی زۆر لەمەسەلەکەدا کرابێت. بۆیە جریفزم ئاگادارکردەوە لەوەی هەرکاتێك بانگکرا بۆ ئەوەی ئەم پێشنیارە بخاتەروو ئەوا دەبێت سیناریۆکە کەم بکاتەوەو بلێت: (شەر لەماوەی سێ‌مانگدا کۆتایی پێ‌دێت). کاتێك گوێم لەو ئاگادارکردنەوەی شیفەرنادزە بوو کە گوێ بەسیناریۆ گەشبینەکانی عەسکەریەکان نەدەین، هەستم بەخۆشی کرد چونکە ئێمە بڕیاری ئەوەمان دابوو بەوردی هەنگاو بنێین.

*   *   *

شیڤەرنادزە پێیەوە دیاربوو کە بەتەواوی لەوردەکاری مەسەلەکە گەیشتووەو دلنیاش بوو لەو شتانەی جریڤز بۆی رون کردبۆوە، بەڵام بەسەرسامییەوە پرسیارێکی وروژاند: ئایا موشەکەکانی سکۆد نیگەرانتان

ناكات؟، جريڤز وەڵامی دایەوەو وتی: (بەهیچ جۆریك نیگەرانمان ناكات، لەبەرئەوەی بەوردی مەبەستی خۆی ناپێكیت. ئەوە هیچ مەترسییەك بۆ سەر هێزەكانمان دروست ناكات). شیڤەرنادزە بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو پاشان زەردەخەنەیەك گرتی، لانی كەم قەناعەتمان بەوە پێكرد كە ئێمە دەزانین چی دەكەین. دواتر وتم: (پێویستە خۆمان بۆ بەكارهێنانی هێز ئامادەكەین. لەبەرئەوەی پێمان وایە وەها بریاریك كاریگەریتی خۆی دەبێت). شیڤەرنادزە رازی بوو. دواجار ئەوەشی وت: (هەر كە لەمە تەواوبوون پێویستە خۆتان ئامادەكەنو سەركەوتن بەدەست بێنن). سەرەتا قەناعەتی وەها بوو كە سەدام دەستپێشخەر نابێت لە هێرش كردندا. پاشان باسی لەوەش كرد كە هەر ئەوەندەی سزاكانی لەسەر توندبوو ئەوا ئاقڵ دەبێت، بۆ یەكەمجار هەستم كرد كە بەشێوەیەكی باش دركی مەسەلەكان دەكات. شیڤەرنادزە وتی: (سەیركە من دەمەوێت برۆمو بەر لەهەموو شتێ سەرۆك ئامادەكەم، تەلەفۆنەكەی هەلگرتو بەگۆرباچۆڤی راگەیاند كەوا دەبێت چاوی پێم بكەوێتو بەپێشنیارەكەم رازی بێت. پاشان گۆرپاچۆف بەرەو داشا لەنۆڤۆئۆجاریڤۆ بەریكەوت، بیست دەقیقە بەر لەمن گەیشتە ئەوێ تا راستەوخۆ پێشنیارەكەمی بخەمە بەردەست.

هێندەی نەبرد كەژاوە بچووكەكەمان بەرەو نۆڤۆئۆجاریڤۆ كەوتە رێ (كە بەكامب دیڤید دەچێت). گەشتێكی جوانو قەشەنگ بوو، نزیكەی نیو سەعاتێكی خایاند. بەناو دەشتی روسی پڕ لە درەخت كە بەفر دایپۆشی بوو رۆیشتین. دیمەنێكی زۆر دلرفین بوو، ئەو توێژاڵە بەفرە ناسكە دیمەنەكەی زیاتر رازاندبوووەوە.. هەروەها دەمان توانی لەسەر رێگا ئاسك ببینین.

کاتێك گەیشتینە بارەگای سەرەکی گۆرباچۆڤ پێشوازی لێکردین. من یەکەمین لێپرسراوێکی ئەمریکایی بلندپایە بووم کە پێ بخاتە ئەو شوێنە. جێگاکە خۆش‌و کەمێکیش تازەبوو، لەدوایدا زانیم ئەو تەلەفزیۆنەی لەژووری کارمەندەکانە پەخشی کەنالی M T.V وەردەگرێت نەك کەنالی CNN. لەگەڵ گۆرباچۆڤدا چوینە خوارەوە بۆ نووسینگەکە خۆی بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەك کە دوو سەعاتی خایاند، لەکاتی هاتنەژوورەوەی وێنەگرە رۆژنامەنووسەکاندا بەمەبەستی وێنەگرتن بەر لەدانیشتنەکەمان زۆر بەتوندی هورژمیان هێنا، بەجۆرێك مێزێکی تەختەو شووشەیان شکاندو دۆلکەی ئاوەکەشیان قلب کردەوە. گۆرباچۆڤ ئاوەها قسەکانی دەست پێکرد: (لەراستیدا گرنگ ئەوەیە دلسۆزی یەکتری بین، نابێت رێ بدەین خوێنرێژیکی ئاوا قوتاربێت). دەست پێشخەرییەکی وا مایەی دلخۆشی بوو، بەڵام هەر زوو گۆرباچۆڤ روونی کردەوە کە زۆر پەرۆشی بریارەکە نییەو وتی: (ئاساییە داوای پارمەتی سۆڤیەت بکەن، بەڵام ئەستەمە داوای پارمەتی لەهەڵایسانی جەنگێکدا بکەن دژ بەدەولەتێکی هاوپەیمان). سەرەرای ئەوەش پێی وابوو دیارکردنی دوا دەرفەت بۆ پاشەکشی کاریگەری پێچەوانەی دەبێت، لەبەرئەوەی عەقلیەتی عەرەبی لەبەرامبەر هەرەشەو ئاگادارکردنەوەدا سەرسەختە. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا پێی وتم: (تۆ دەزانیت گەر ئێستا بریاری بەکارهێنانی هێزماندا‌و سەدام نەکشایەوە، ئەوا ئەوکات بەفیعلی پێویستە هێز بەکاربهێنن. ئەگەر ئەوەشتان کرد ئاخۆ ئێستا ئێوە ئامادەیی ئەوەتان هەیە؟). لەوەڵامدا وتم: (سەرۆك ئاگای لەهەموو ئەمەیە. ئەو نایەوێت هێز بەکاربهێنێت، بەڵام ئامادەیە بۆ بەکارهێنانی).

کاتێك لەزەمینەیەکی دیبلۆماتی دەگەرام لە بەر رۆشنایی پێشنیازەکەی گۆرباچۆڤدا، بەشێوەیەکی لەناکاو دوو بریار دەرچوون. یەکەمیان رێگا بە بەکارهێنانی هێز دەدات، بەڵام دوای دەرفەتێکی شەش هەفتەییو دووەمیشیان داوای ئەوە دەکات دەست بەهەلمەتە سەربازییەکان بکرێت گەر هاتوو سەدام حسێن لەکوێت نەکشایەوە. ئەم فیکرەیە بۆ خۆی شتێکی ترسناك بوو.

بەگۆرباچۆڤم وت: مەسەلەکە وا دیتە پێش چاو وەك ئەوەی ئێمە دەستبەرداری مەرجی پاشەکشەی بەبێ مەرج بووبین. ئێمە بریاری دووەم دەرناکەینو سەدام هان دەدەین تا پاشەکشەیەکی رەمزی بکات، پاشەکشەیەك کە چارەسەرێکی مام ناوەندی لێ بکەویتەوە). ئەمە پێشنیاری من بوو بۆ گەیشتنە رێگاچارەیەك لەگەڵ گۆرباچۆڤدا، واتە دەرکردنی بریارێكو دوای ئەوەش دەکرێت هێز بەکاربهێنین. لەوکاتەدا گۆرباچۆڤ پابەندی خۆی بەهیچ وەعدو بەڵێنێکەوە رانەگەیاند. سەبارەت بەبیرۆکە دوو رەهەندییەکەش وتی: (ئەوە بەتەنها بیرۆکەیەکەو پێویستە بەشێوەیەکی ورد بکەومە تاوتوێکردنی). بەڵێنی ئەوەشی دامێ کە لەماوەی یازدە رۆژداو لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بۆشدا لەکۆنگرەی باڵای ئاسایشو هاوکاری ئەوروپا کە لەپاریس دەبەسترێت وەڵامی ئەو مەسەلەیە بداتەوە.

لەرێگای گەرانەوە بۆ میوانخانەی ئۆسۆبنیاك، هەریەك لە دینس رۆسو مارگرێت تا تۆیلەرم ئاگادارکردەوە کە سەرەنجام گۆرباچۆڤ لایەنگریمان دەکات. گۆرپاچۆڤ لەماڵە لادییەکەیدا ئارام دیاربوو، رووخۆشو نەرمو نیانیش بوو لەگەڵ هاوکارەکانمدا.

لەناو سەیارەکەداو لەسەر ریگەی گەرانەوە لەگەڵ دینس رۆس‌و مارگریت تاتۆیلەر باسمان لەوە دەکرد دەبیت چی لەگەڵ هۆردوی راگەیاندندا بکەین کە بەتاسەوە چاوەریی زانینی ئەوەن چی لەنیوان ئیمەو گۆرباچۆڤدا رووی داوە. لەکاتی گەرانەوەماندا بۆ مۆسکۆ شیڤەرنادزە ئامادەنەبوو خۆی نیشانی رۆژنامەنووسان بدات بەرلەوەی کۆبوونەوەکانمان تەواو بکەین، بەهانەشی بۆ ئەمە ئەوە بوو کە هیشتا کۆتاییمان بەقسەکردن لەمەسەلەی چەکە تەقلیدیەکان نەهیناوە لەئەوروپادا.

تاتۆیلەر وتی: (گەورەم رۆژنامەکانی ئیمە گرنگی بەچەکە تەقلیدیەکان نادەن. ئەوان مەبەستیان کەنداوە. ئەوانیش لەوباوەرەدان کەئەوە هۆکاری ئامادەبوونی ئیمەیە لیرەدا).

بەمجۆرەو ئەگەرچی رۆژیکی ئیجگار پرسەرقالیش بوو، من‌و شیڤەرنادزە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی هاوبەشمان بەست. لەکۆبوونەوە رۆژنامەنووسیەکەدا پرسیاری ئەوەی لیکرا کەئاخۆ پیی وایە ئەگەری بەکارهینانی هیز بۆ وەدەرنانی سەدام حسین لەکوەیت لەئارادابیت؟ لەوەڵامدا وتی: (ئەگەریکی وابەدوورنازانری، بەتوندیش پشتگیری هەلویستیکی لەمجۆرە دەکات). لەم کاتەدا نەم توانی ئەوپیکەنینە نادیبلۆماتیەم بشارمەوە. شیڤەرنادزە بۆ جاریکی تر قارەمانیتی خۆی لەبۆردانی نەیارەکانی‌دا نیشانداو ناچاری‌کردن دان بەوکارە حەتمیەدا بنین.

لەسەر خوانی ئیوارەش دەستمان بە کۆبوونەوەیەکی دیکە کرد کەبە شیوەیەکی سەرەکی تایبەت بوو بەدواقۆناغی وتویژەکانی چەکی تەقلیدی لەئەوروپادا، لەبەرئەوەی ئیمە دەمانویست بەرلەکۆنگرەی باڵای ئاسایش‌و هاریکاری ئەوروپا کۆتایی بەوتویژەکان بهینین. لەم سەروبەندەدا

شیڤەرنادزە پیشنیاری کرد بەدریژایی شەو دریـژە بـە کۆبوونەوەکـەمان بدەین. بەرەوپیشچوونیکی پیویستمان بەدەست هینابوو لە دانیشتەکانماندا رۆژی دوایـی بروسـکەیەکەم ئاراسـتەی سـەرۆك کـرد بەناونیشـانی(رۆژی هەشتی تشرینی دووەم ١٩٩٠ لەمۆسکۆ)، بـەکورتی ئـەوەم بـۆ باسـکردبوو کەهەستم دەکرد بەرەوپیشچوونیك رووەو ئامانجـەکانمان بـەدی هـاتووەو بروسکەکەشم ئاوەها دەست پیکرد:

(ئەمرۆ وتویژیکی دورودریژی نائاسایم لەگەڵ شیڤەرنادزەو گۆرباچۆڤدا کرد. هەریەك لەوان گوییـان لیگرتمو مەبەستی خۆیـان بـۆ روونکردمـەوە. لـەدریژەی وتویژەکـاندا گۆرانکـاری گرنـگ بەسـەر هەلویسـتیاندا هـات. شیڤەرنادزە بەشیوەیەکی تایبەتی لەهەلویستی ئیمـە نزیـك بـووەوە، لـەوەی پیویسـتە بریـاریك لەنەتەوەیەکگرتووەکانـەوە دەربکریـت کـە ریگـا بەبەکارهینانی هـیزبدات لـەمانگی داهـاتوودا. هـەرچی گۆرباچۆڤـە ئـەوا ئەویش هاتۆتە سەر ریگا بەلام هیشتا نەگەیشتووە)... لەکاتیکدا پیـم وایـە شیڤەرنادزە بەپەرۆش نییە بۆ بەکارهینانی هیز، بەلام زیاتر مەیلی بـەلای ئەوەدا هەیە کە هەردەبیت لەدواجاردا هیزبەکار بهینریت).

لای خۆیەوە بۆچوونی گۆرباچۆڤ سـەبارەت بەسیستمی نـوێی جیـهانی ئەوەیە کە کاتەکەی لەبار نـییـە بـۆ پیکـەوەژیان لەگـەڵ حەقیقـەتی ئـەوەی رەنگـە ئیمـە پیویسـتمان بـە بـەکارهینانی هـیز هـەبیت. هەرلەیەکـەمین تاقیکردنـەوەوە پیـم وایـە گرنگـی دانـی ئـەوان بەدامـەزراندنی پـەیوەندی باش‌و ئارەزوویـان لـە هاوکاریکردن لەگـەلماندا پالیـان پیـوە دەنیـت بـەرەو ریگـای راسـت‌و دروسـت. بـەلام رەنگـە مەسـەلەکە هـەندێ کـات‌و هـەولدانی بویت تا بەئاکامی خۆی بگات).

## ئەوروپی‌و ئەفریقاییەکان

لەنۆی تشرینی دووەمدا کەریکەوتی یەکەمین سالیادی روخانی بەرلین دەکات بەرەو لەندەن بەرێ کەوتم، تائەوکاتە مارگریت تاتچەری سەرەك وەزیران بەدەست ئەو گرفتەوە دەینالاَند کەچۆن هەولی ئەوەبدریت بریاریك لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەربکریت بۆ ئەوەی کەریگای بەکارهینانی هیزبدات. تاتچەر پیێ وابوو سەرۆك بۆش بۆ ئەم کارە، پیویستی بەکۆکردنەوەی پالپشتی سیاسی نی‌یە لەناوخۆو لەگۆنگریس دا.

بەریزەوە پیم وت: (جەنابی سەرەك وەزیران داواکارم حوکم بەسەر دەرەنجامی سیاسەتە ناوخۆییەکانی ولاَتە یەکگرتووەکان دا نەدەین). هەر لەروانگەی دۆستایەتی‌و هاوپەیمانی توندوتۆلمان لەگەلّ یەکتریدا هیچ بواریکی بۆ گومان نەهیشتەوە لەوەی کەولاَتەکەی لەگەلمان دەبیت، سەرەرای ئەوەی بریارەکە هەرچۆنیك بیت. لەدەی تشرینی دووەمدا سەردانی پاریسم کرد، بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەلّ سەرۆك میتراندا. بەریکەوتیکی سەیر هاورێ‌و هاوولاَتیم بینتسین و هاوسەرەکەی بی. ئیە لەئوتیل رۆیالّ مۆنستۆ دابەزین کەمنی لیٚدابەزیبووم.

سەرلەبەیانی‌و بەرلەوەی چاوم بەسەرۆك میتران بکەویت پیکەوەو لەگەلّ ئەوان قاوەی بەیانیمان فرکرد. فەرەنسیەکان بەخۆرسك توندوتۆلّ‌و سەرسەختن، وەك دۆگلاس هیرد دەلیت: (ئەوان شیوازی تایبەتی خۆیان هەیە بەتاوتویکردنی مەسەلەکان). فەرەنسیەکان رازی بوون بەوەی هیزیکی کاردانەوەی خیرای تایبەت رەوانەی عەرەبستانی سعودیە بکەن،

بەڵام هەرلەسەرەتاوە سووربوون لەسەر ئەوەی کەنابێت بخرێتە ژێر فەرماندەی ئەمریکیەوە. لەرووی دیبلۆماسیشەوە ئەوان پێیان باش بوو کار بەسزاکان بکەین بۆ ماوەیەکی درێژتر، بەرلەوەی باس لە پەنابردن بۆ هێز بکەین. هاوکات ئەوان خوازیاری ئەوەبوون ئەو قەیرانە لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەراست ببەسترێتەوە، کارێك کەلەبەرژەوەندی سەدام حسێن دابوو. من بەردەوام هەستم بەوەدەکرد کەفەرەنسیەکان لەئەنجومەنی ئاسایش دا لەگەڵ ئێمە دەبن، بەڵام وەك پیشەی هەمیشەیی خۆیان حەزیان بەقسەو مشتومرو خستنەرووی پێشنیار بوو.

میتران لێهاتوو بوو لەوەدا کەبەرامبەرەکانی بخاتە هەڵویستی بەرگری لەخۆکردنەوەو بەمجۆرە دەستی کرد بە گازندەکردن لەو راپۆرتانەی لەرۆژنامەکانی فەرەنسادا هاتوون و لەلایەن هەندێ بەرپرسی ئەمریکیەوە نووسراون کەناوەکانیانی دیاری نەکردو دەلێن: (وڵاتە یەکگرتووەکان گومانی لەراستگۆیی نیەتەکانی فەرەنسا هەیە).

لەگەڵ ئەوەشدا هەرزوو شتێ لەگومانی لاجێ هێشتم لەوەی تاچەند پێویست بەبەکارهێنانی هێزدەکات لەدژی سەدام حسێن. میتران وتی: (ئەو درندەو زۆرزان و توندوتیژەو زیاد لە هەرکەسێکی دی جێگای مەترسیە، سەدام حسێن لەکوەیت جیاوازی نیە لەگەڵ مانەوەی ئەسەد لەلوبنان و فەرەنسا هیچ جیاوازیەك نابینێت لەنێوان ئەوەی لەکوەیت روودەدات لەگەڵ ئەوەی لەلوبنان دا هەیە، بەڵام ئێمە خۆمان بۆ بەرگریکردن لەلوبنان ئامادەنەکردو هەڵویستێکی لەوجۆرەمان وەرنەگرت ئێوە لەوەدا باش بۆی چوون کاتێك دەلێن: ئێمە لەدێرزەمانەوە هاوپەیمانی یەکترین، گەر داوای یارمەتیتان لێکرا لەلوبنان دا ئەوا کەس دەستی یارمەتی درێژ ناکات).

میتران دریژەی بە قسەکانی داو وتی: (پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمیرو عەرەبستانی سعودیەدا دۆستانەیە، بەم دواییە سەردانی ئەویم کردو دیاری بەنرخیشیان پیشکەش کردم. لەکۆشکەکانیان دا مرۆڤ چاوی بەژنو هاوولاتی ئاسایی لە گەلو میللەتی ئەو ولاتە ناکەویت. ئەمانە ئەو حکومەتانە نین کەمن بمەویت سەربازی فەرەنسایی بۆ رەوانەکەم تالەپیناویان دا بکوژرین. دەولەتیك نییە بروابەو بنەمایانەی کومیت بهینیو پیرەوی پرانسیپەکانی ئەوان بکات، ناشبیت داوای سەرباز بکەن تا لە پیناو ئەو ریگایەدا بمرن کە کومیتیەکان لەمجۆرە حکومەتەی لەسەر دادەمەزرینن. چۆن دەتوانم ئەوە بەجوتیارە فەرەنسیەکان بلیم کەمن گیانی رۆلەکانیانم کردۆتە بارمتە لەپیناو هیشتنەوەی ملیاردیریکدا؟ راستە میری کومیت پیاویکی ناسکە. دەتوانین گرەنتی ئەوەبدەین کە بەکارهینانی هیز لەکەنداودا تەنها بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو چەردە پارانە نییە لەبانکەکانی سویسرادا؟ بۆ چوونیکی وا توشی بیزارییەکی تەواوم دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا سەدام حسین نەك هەر پیاویکی خراپە، بەلکو جیگای هەرەشەو مەترسیشەو پیویستە ئیحتوابکریت، لەعەرەبستانی سعودیەدا شەش هەزار سەربازمان هەیە کەلەویدا جیگیربوونو هیزە دەریاییەکانیشمان لەکەنداوو ئەفریقیادا بەئەرکەکانی خۆیان هەلدەستن. لەدوای ولاتە یەکگرتووەکانیشەوە ئیمە بەباشترین شیوە کارەکانمان رادەپەرینین، سەدام گەروا هەست نەکات کەلەژیر هەرەشەدایە ئەوا لەکومیت ناکشیتەوە. پەیوەندی دۆستانەی لەمیژینەی نیوان فەرەنساو عیراق نەبۆتە دۆستایەتیەکی شەخسی لەگەڵ سەدام حسین دا. بەدریژایی نۆ سالی رابردوو داوای ئەوەی کردووە بمبینیو هەرگیز سەردانی عیراقیشم نەکردووەو بەهیچ جۆریك لەگەڵ سەدامدا کۆنەبوومەتەوەو نەمبینیووە.

ئەمیستاش ساردیەك لەپەیوەندیەکانماندا هەیە، سەرەرای ئەوەی ئیمە- واتە فەرەنسا- لەرووی سەربازیەوە یارمەتیمان دا بەفرۆشتنی هەندێ کەلوپەل، بۆماوەی نۆ دانە ساڵ ئەو داوایەی ئەوم رەتکردەوە بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئەو ویستگەی وزەیەی ئیسرائیلیەکان کاولیانکرد، ئەم رەتکردنەوەیەش پەیوەندیەکانی نیوانمانی خستە بەردەم مەترسیەوە).

میتەران پێیەوە دیاربوو کە ئامادەیە بۆ جەنگ، بەڵام پێی وانەبوو مادەی (٥١) لە گەڵاڵە نامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەس بیت بۆ پاساو هینانەوە بۆ هیرشکردنە سەر عیراق لەرووی سیاسییەوە. وتی: (مادەی ٥١ قەناعەت بەرای گشتی ناهینیت، پەنجاو پینج ملیۆن فەرەنسیش پاریزەری نیودەولەتی نین. ئیمە پیویستمان بەوە هەیە کە ئەو بریارە ئەو دەرەنجامانە مسۆگەر بکات کەبەدوای خۆیدا دەیهینیت). هەر لە میانەی قسەکانیدا وتی: (من بۆخۆم چەند ئەگەریکی سادەو ساکارم لەلایە: جەنگ یان ئاشتی. ریگەدانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرەوانەکردنی هیز بۆ ئەو ناوچەیە بەمەبەستی جێبەجیکردنی یاسا نیودەولەتیەکان ئەو هەنگاوەیە کەمن بەباشی دەزانم و لەو باوەرشدام شەریکی واپیویستە. یەکلایکردنەوەی مەسەلەکە بەهەر شیوەیەك بیت، دەبیت عیراق لەچەك دابمالریت. من بۆچوونەکانی خۆمم بەکورتی بۆ باسکردیو بەریژەیەکیش بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەین زیاتر لەبەشداری هەندیك لە هاورێو هاوپەیمانەکانتان).

ئەوەتا فەرەنسیەکان بە شیوازی تایبەتی خۆیان رازین بەپلانەکانی ئیمە. بە میتەرانم راگەیاند کەسەرۆك هەست بەکامەرانیەکی زۆر دەکات لەبەرامبەر ئەو راو بۆچوونانەیدا، سووربونی فەرەنسا ئەگەری لەسەر بریاردانی بەکارهینانی هیز زیادکرد.

بەسێ رۆژ دوای گەرانەوەم بۆ واشنتۆن‌و سەردانیکی لەناکاو بۆ بەرمۆدا، بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ جۆی کلارکی وەزیری دەرەوەی کەنەدا، لە ١٥ی تشرینی دووەمدا لە برۆکسلەوە دەستم بەداستانەکەم کردەوە کاتیك بەشداریم لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆلیدا کرد لەگەڵ مارك ئیسکینزی وەزیری دەرەوەی دانیمارکدا لەرۆژی شانزەی تشرینی دووەمدا. کۆبوونەوەی دوای ئەوەم لەجنیف بوو لەگەڵ سێ ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی‌و لە کۆمەلەی ولاتانی بێلایەن، ئەوانیش ولاتانی ساحیل عاج‌و ئەسیوبیاو زائیر بوون.

یەکەمین کۆبوونەوەم لەگەڵ دینکا تسفای وەزیری دەرەوەی ئەسیوبیا بوو، سەرەرای بۆچوونە رادیکالیەکانی، ئەسیوبیا لەدە پرۆسەی دەنگدانی پیشوودا لەئەنجومەنی ئاسایشدا لایەنگری ئیمەی کرد. لەبەرئەوەی ئەسیوبیا لەسالی ١٩٢٣دا کەوتە بەرشالاوی مۆسۆلۆنی و ئیتالیا، ئەوا هەست بە حەساسیەتیکی زۆر دەکات کاتیك دەولەتیکی بچووك رووبەرووی داگیرکاری دەبیتەوە لەلایەن دراوسێ بەهیزەکانیەوە. هەر بۆیە وەزیری دەرەوەیان دەست بەجێ رازی بوو، هەمان شتیش لەگەڵ زائیردا رووی‌دا ئەگەرچی وەزیری دەرەوەیان (کەتانیا موشابشدا) نائومیدی خۆی سەبارەت بەراگرتنی کۆمەکە سەربازییەکان لەلایەن کۆنگریسەوە بۆ زائیر راگەیاند. بەلام پیم راگەیاند کەوا سەرۆك زۆر لەو بریارەی کۆنگریس نارازییەو ئیدارەکەی هەولی ئەوە دەدات بەردەوام بیت لەسەر رەوانەکردنی ئەو کۆمەك‌و یارمەتیانە.

تەنها کۆسپیك کەچاوەریمان دەکرد بیتە ریمان لەلایەن ساحل عاجەوە بوو. کاتیك چاوم بە سیمون ئیکی وەزیری دەرەوەیان کەوت کەوەکی

ئیسکینز وەزیری دارایی بوو کاتیك من وەزیری خەزینە بووم، راستەوخۆ هاتە سەرباسکردنی مەسەلەکەو وتی: (ئەوەی ئیستاکێ بەشیوەیەکی سەرەکی جیگەی بایەخی وڵاتەکەمە کەنداو نییە، بەلکو گەشەپیدانە. ئیمە بەدەست قەیرانیکی داراییەوە دەنالینین، گروپی حەوت قسەو باسیان لەوە کردووە لەقەرزەکانیان خۆش بن، خۆشبوون لەقەرزەکانیش ئیجگار بەسوودە). بەڵام وەك ئاشکرابوو ساحل عاج لەولیستەدا نەبوو کەناویان هاتبوو تاگروپی حەوت لەتۆرنتۆ لەسالی ١٩٨٦دا قەرزەکانی سەریان لابەرن‌و پیم وت: (ریم بدە تابزانم دەکریت شتیك بەئەنجام بگەیەنین. هەولدەدەم لەوە بکۆلمەوە بەبێ ئەوەی بەلینی هیچ شتیك بدەم یاخود بەمەسەلەیەکی تریەوە ببەستمەوە، مەسەلەیەك کەئەمرۆ باسی دەکەین. دەشزانم ئیوە پیشنیاری شتیکی لەم جۆرە ناکەن، چونکە ئیمە بەباشی یەکتری دەناسین‌و بە یەکدی ئاشناین).

هەرلەو ئیوارەیەداو پاش کۆبوونەوەیەکی کورت لەگەڵ یۆناس سافیمبی سەبارەت بە ئەنگۆلا، لەگەڵ هاوکارەکانمدا کۆبوومەوە بەمەبەستی پیداچوونەوە بەهەلمەتە دبلۆماتیەکەمان دا. دەمانزانی چینیەکان زویر دەبن گەر هاتوو جاریکی دی بەسەر خاکەکەیاندا بفرین بەبێ ئەوەی لەوێ لابدەین، بۆیە بریارماندا سۆراخی ئەوەبکەین کەداخۆ دەکریت مالیزیەکان بەوە قەناعەت پێ بهینین تا لە جیگایەکی دیکەدا دیداریان لەگەڵدا بکەین‌و لەگەلیان کۆببینەوە. لە١٨ی تشرینی دووەمدا کەدەکاتە رۆژیك پیش کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئاسایش‌و هاریکاری ئەوروپا، لەپەراویزی ئەو کۆبونەوانەدا لە پاریس ئەدریان نستاسی وەزیری دەرەوەی رۆمانیام بینی، لەو چاوپیکەوتنەدا هیچ بەرهەلستکاریەکم لێنەبینی، رەنگە لەبەر

ئەوە بیت کەلەدوا مانگەکانی سالی پاردا سەردانیکی بۆخارستم کردو بری ٨٠ ملیۆن دۆلارم وەك یارمەتیەکی مرۆییانە پیشکەش بە حکومەتە تازەکە کرد، سەرەرای ئەو تەحەفوزاتانەی لەسەر تۆماری مافی مرۆڤ لە رۆمانیا هەمان بوو.

هەر ئەو رۆژە لەژوورەکەی خۆمەوە لەمیوانخانەی ئەنتەر کۆنتینتال ماوەی نیو کاتژمیر بەتەلەفۆن قسەم لەگەلْ چیان چینی وەزیری دەرەوەی چین کرد. ئەو دەزگا پەیوەندیەی کەهەمیشە هاوشانی وەزیری دەرەوە بوو بواری ئەوەی بۆ رەخساندم لەرێی سەنتەری عەمەلیاتی وەزارەتی دەرەوە پەیوەندی بە پەکینەوە بکەم. نیگەران بووم، چونکە رازی نەبونی گۆرباچۆف بەوەی بەئاشکرا پشتگیری بریارەکە بکات، کاریکی وادەکات چین بەئاسانی ڤیتۆ بەکاربهینیت. جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە سۆڤیت لەگەلْ ئیمەدا دەنگ ئەدەن، داوام لیکرد بەئاشکرا لەوبانگەوازە بکۆلیتەوە کە ئەوان ڤیتۆ بەکار ناهینن دژی بریارەکە. ئەویش وتی: (ناتوانم لەریگەی تەلەفۆنەوە وەلامت بدەمەوە، چونکە حەز ئەکەم وتوویژ لەگەلْ حکومەتدا بکەم. چینیەکان سیاسەتیکی ئیجگار قورس‌وگیریان ومارەسە دەکرد، ئەوەبوو لەکۆبوونەوەکانی قاهیرەدا پیم راگەیاند کەدوای کۆتایی هاتنی دەنگدان ئامادەین لە واشنتۆن پیشوازیان لیبکەین. حافزیکم بۆپیشنیار کرد کەئەگەر بە (بەلێ) دەنگ بدەن ئەوا بۆش پیشوازیان لیدەکات، بەلام لەحالەتیکدا چین ئامادە نەبیت دەنگ بدات ئەوا من پیشوازیان لیئەکەم. ئەو سوور بوو لەسەر بینینی سەرۆك، لەبەرئەوەی (چین) ڤیتۆی بەکار نەهینابوو. منیش بیرم هینایەوە (جەنابی وەزیر ئیمە لەسەر ئەمە ریك نەکەوتین).

گومانم هەبوو لەوەی كە ڤیتۆ بەكار ناهێنن. بەڵام ئیمە دەنگ دانیكمان ئەوی لەلایەن كۆی پینج وڵاتە هەمیشە ئەندامەكەوە. هەروەها كۆبونەوە لەگەڵ بۆشدا باشترین وەرقەیە بەكاری بهینم. لەكاتژمیر یانزەو چارەكی شەو لەگەڵ شیفەرنادزەدا كۆبومەوە كەلە كاتیكی درەنگدا گەیشتبوە پاریس، كۆبونەوەكەمان هەتا كاتژمیر یەك و نیوی نیوەشەوی خایاند، دەگەراین بۆ شیوەیەك بۆ دارشتنی بریارەكە كە وادیارە ئەمە سەدهەمین جارە لەم چەند هەفتە كەمەی رابردوودا كۆبونەوەی لەسەر بكریت. دەقی ئەو پرۆژەیەم پیشانی شیفەرنادزەدا كەبەدەستوخەتی خۆم نوسیبومەوە. لەسەر داواكاری ئەو باسی (بەكارهینانی هیز) لەپرۆژەكەدا نەكرا، هەروەها بیرۆكەی نیاز پاكی گۆرباچۆفیش لەپرۆژەكەدا باس كرا.

شیفەرنادزە پیی راگەیاندم سۆڤیت لەبەرژەوەندی بریارەكە دەنگ دەدات و لەكاتی كۆبوونەوەكەی مۆسكۆوە هیچ پرسیاریكی جەوهەری لەبارەیەوە نەهاتۆتە ئارا. هەروەها وتی: (بەڵام ئیمە نامانەوێ ئەوە بەئاشكرا بڵاوبكەینەوە، ئیمە ئەمانەوێ جاریكیتر قسە لەگەڵ عیراقیەكان بكەین)، نزیكەی سەعات ١،٤٥ دەقیقە بۆ ماوەیەكی كەم لەسەر پلیكانەكانی میوانخانەی ئەنتەر كۆنتینتال چاومان بەچەند رۆژنامەنووسیك كەوت، لیرەدا رووبەرووی گرفت بومەوە بەوەی ئارامیو خۆشحالیم پیوە دیارنەبێ بەجۆریك بەسیمامەوە وادیاربیت ئیستا من لەكۆتای كارەكەدامو ئەزانم كەبریارەكە بەدەست دەهینن. لەكاتژمیر دووی شەودا لەئەنجامی ئەو ماندووبونە زۆرەدا تەواو شەكەت ببوم لەسەر جیگاكەی خۆم بووم، پاش چارەكە سەعاتیك زەنگی تەلەفۆنەكە بەئاگای هینام كە مارگریت تاتویلر بوو، پیی راگەیاندم ساحیلی عاج دەنگ بۆ بریارەكە ئەدات، بەڵام ئەمە

لەبەرئـــەوە نـــالیت تـــابلاوی بکەینـــەوە، ئەمـــە نۆهـــەمین دەنـــگ بـــوو کەبەدلنیاییەوە بەدەستی بهینین.

## لەسەنعاوە بۆ ( بۆگۆتا )

لـەکۆتایی ئـەو وتوویژانـەی لـەکۆنگرەی ئاسـایش و هاریکـاری ئـــەوروپادا کـراو تیـایدا پـەیمانی کـەم کردنـەوەی چـەکی تـەقلیدی لەئـەوروپا مۆرکـرا چومە ئەو فرۆکەیەی بۆشی تیدا بوو، لە ٢١ی تشرینی دووەمدا بەرەو جەدە بەریکەوتین. سەرلەبەیانی رۆژی دواتـر بـۆش لەگـەڵ ئـەو هیزانـەمان کەلـە سـعودیەدا بـوون سـەرقالی ئـەو ئاهەنگە دوورو دریژانـە بـوو کـە بەبۆنـــەی (عید الشکر)ەوە ساز درابوو. پاشان چوم بۆ سەنعای پایتەختی یەمـەن بـەو هیوایەی قەناعەت بە یەمەنیەکان بکەم تـا لەگـەلماندا دەنـگ بـۆ بریارەکە بـدەن. ئـەمزانی ئـەوە سەرکیشـییەکی جەســورانەیە، چونکـە میژوویـــەکی دووردریژی خویناوی هەیە لـەنیوان سعودیەکان و یەمەنیـەکان دا، ئەوەشـی زیاتر مەســەلەکەی ئـالۆزکرد ئـەو سەرزەنشت کردنـەی فـەهد بـوو لەلایـەن یەمەنیەکانـەوە، کاتـێ فـەهد داوای هـیزی بیـانی کـرد بـۆ هاتنـە ناوخـاکی سـعودیەوە. هـەروەها ئـەو بریـارەی سعودیە دابـووی تـا ریوشـوینی هـاتنی کریکارە بیانیەکان توندتر بکات، بوو بەهۆی گەرانـەوەی هـەزاران یەمـەنی بۆ ولاتەکەیان. تەواو ئاشکرابوو کەیەمەنیەکان لە بەرژەوەندی ئیمە دەنـگ نادەن، سعودیەکانیش پیّیان راگەیاندم و لەوەشـدا راسـت بـوون کەرۆیشـتنی من بۆ یەمەن کات بەفیرۆدانە.

یەمەن رۆلی سەرەکی دەگیرا لەئاژاوەنانەوە لەناو ئەنجومەنی ئاسایشـدا، بەمەبەسـتی فشار دروسـتکردن لـەپیناو دەرکردنـی بریـاریکدا کەماوەیـــەکی

دوورو دریــژ ریکخـــراوی رزگـــاریخوازی فەلەســتینی هــەولی بــۆ دابـــوو، بەمەبەستی پاراستنی ئەو فەلەستینیانەیە کە لەناوچە داگیرکراوەکـاندا نیشتەجێ بوون. سەرباری چـەند داوایـەکی تریـش دەیانویسـت نەتـەوە یــەکگرتووەکان چــاودیریك دابنیــت بــۆ چــاودیری کردنـــی چۆنیـــەتی مامەلەکردنی ئەو فەلەستینیانەی کە لە (کەناری رۆژئـاواو کـەرتی غـەزەدا) نیشتەجێ بوو بوون.

ئەم بیرۆکەیە کۆنە، چونکە لەزۆربـەی وڵاتـە بێلایەنەکانـەوە پشتگیری لیکرابوو. بەڵام ئیستا دەستو پیوەندەکانیان جەخت لەسـەر ئـەوە دەکـەن، پیش ئـەوەی دەنـگ لەسـەر بریاری بـەکارهینانی هیز بـدرێ پیویستە لـە ئەنجومـەنی ئاسایشدا دەنـگ لەسـەر ئـەوە بـدرێ. گـەر لـەوەدا سـەرکەوتن کەئەنجومــەنی ئاســایش ناچــار بکــەن دەنگــی لەســەر بــدات، ئــەوا وڵاتــە یــەکگرتووەکان ناچــارە ڤیتــۆ بەکاربــهینێ. ئەمــەش دەبیتـــەهۆی چـــەند کیشـەیەك بـۆ هـەندیك لەهاوپەیمانـە عەرەبــەکانمانو ســەنگو راســتگۆیی ئەداتــە ســتراتیژیەتی ســەدام تــا قەیرانەکــە بکاتــە قــەیرانیکی عـــەرەبی-ئیسرائیلی. لەکاتیکدا ئیمە سەرقالی بریاری بەکارهینانی هیز بووین، کاری دبلۆماتی ئەمریکا ئەوەبوو ئەو ئامرازانە بدۆزیتەوە کە دەتوانێ زوو بەزوو کۆسـپ بخاتـە بـەردەم مەسـەلەی تـاوتویکردنی بریـاری ئـەو زەوی‌وزارانـــەی کەبۆخۆی کۆسپی گەورەیە.

بــۆش ئــەوەی بــەبیری عـــەلی عـــەبدوللا ســـالحدا هینایـــەوە کـــە وڵاتەیەکگرتووەکان یەمەنی نەخستۆتە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی پیشتیوانی تیرۆر ئەکەن، سەرەرای ئەوەی یەمەنی باشـور لـەناو لیستـەکەدا بـووە پیـش ئـــەوەی یەکبگریتـــەوە لەگـــەڵ (یەمـــەنی بـــاکور)دا. هـــەروەها ئەوەشـــی

بیرخستەوە کەئیمە هانی سعودیەکانمان داوە تالەگەڵ یەمەنیەکان نەرمونیان تربن، بەڵام بێسوود بوو پاشان وتم: (ئیمە تیناگەین لە هاوکاری نەکردنی تۆ لەگەلماندا لەئەنجومەنی ئاسایشدا). دەمویست ئەوە بزانن گەر بەردەوام بن لەسەر ئەو جۆرە هەلسوکەوتەیان لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا بەوشیوەیەی بە ناشایستەی دادەنینین، ئەوا باجەکەی ئەدەن. یەمەن بەم رەفتارەی خۆی توشی مەترسیەك دەکات ئەویش لەدەست دانی ئەو یارمەتیە ئەمریکاییە کەساڵانە بری ٧٠ ملیۆن دۆلارە. سەرۆکی یەمەن جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە:

(ئەم روداوە لەگەردەلولی هاوین دەچیت هەر زوو دەنیشیتەوە)، منیش وەڵامم دایەوە (گەر هەلبکات زۆر بەتوندی هەلدەکات).

عەلی عەبدوللا سالح خانە خوێیەکی دڵ فراوان بوو، پیش کۆبوونەوەکەمان سەردانیکی بۆ سەنعای کۆن ریکخست کەمیژووەکەی دەگەریتەوە بۆزیاتر لەدوو هەزار ساڵ. ئەو جیگایە بەشەوانی هەزارو یەك شەوە دەچوو. لەکاتی گەرانمان بە کوچەو کۆلانەکاندا کەبە بەرد هەلچنرابوو، لەناوچەی ئەلسوق ئەو پیاوانەمان بینی کەتازەکی لە ناوبیابانەکەوە دەهاتنەوە بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان. هەموویان عەگالیان لەسەردابوو خەنجەریکی برۆنزیش بەکەمەریانەوە بوو، هەموویەکێ لەوان پیاو بوایە یان ژن گەنج بوایە یان پیر (قات) یان ئەکرۆشت کەوەك پیمان وترابوو کاریگەریەکی هەبوو مرۆڤی نیمچە بێهۆش دەکرد.

لەکۆتایی گەشتەکەماندا بۆ سەنعای کۆن منو هاوکارانم نانی رۆژی (عید الشکر)مان لەگەڵ عەلی عەبدوللا سالح خوارد، دڵ فراوانی ئەو

لەسەروو هەموو پێشبینییەکەوە بوو. کاتێ هاتینە دەرێ بـۆ چاوپێکـەوتنی ڕۆژنامەنووسەکان بەرهەلستکاریەکی ئیجگـار تونـدی بـۆ بڕیارەکـە نیشـاندا، بەڵام لەچاوپێکەوتنە تایبەتیەکەدا هیچ بەلگەیەکی وای پیشان نەدا لەسـەر ئەوەی بەئاشکراو بەو توندیە داواکاریەکەم ڕەت بکاتەوە.

* * *

ئەو ئێوارەیەی گەرامەوە بۆ جەدە وەڵامێکم پێگەیشت کە وەزیـری دەرەوەی مالیزیا رازی بوە لەسەر چاوپێکەوتنم یان لـە لۆس ئـەنجلۆس یـان لـە هیرسـتۆن یان لەهەر جێگایەکی تری زەریای هادی. بڕیـارمدا بچم ی‌و لۆس ئـەنجلۆس بـۆ بینینی وەزیری دەرەوەی مالیزیا، لە فرۆکەخانە لـە بۆگۆتـا کـە بڕیـاربوو سـیزار جافیریا ترۆخیلۆ ببینم نەك تەنها بۆ بەدەست هێنـانی پشـتگیری لـە دەنگدانـدا، بەلکو بۆ ئەوەی گلەیی و نارەزایی خۆمانی پـێ ڕابگەیـەنم لەسـەر ئـەو هـەلس و کەوتـەی نوێنەرەکـەیان لـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان، کـە بـە ئاشـکرا گلـەیی لـە سیاسەتی ئێمە کردبوو بەرامبەر بە عیراق.

دوای سەفەرێك کە ٨ سەعاتی خایاند بۆ کۆلۆمبیا لە ئالازوەر لاماندا بۆ وەرگرتنی بـەنزین بـۆ فرۆکەکـەمان، پاشـان بـەدرێژایی شـەو بـەرەو بۆگۆتـا بەرێکـەوتم، لەفرۆکەخانەکـەوە بەچـەند تـانکیکی ڕەنـگ شـین بەرێکـەوتین ئەمـەش وەك بەلگەیـەك لەسـەر بونـی ئـەو شـاڵاوی تـیرۆرەی کـەباندەکانی مافیا ئەنجامی ئەدەن، بە جافیریام وت: (ئەو بیروبۆچونانەی نوێنەری ئێـوە لــە نیویــۆرك بەئاشــکرا دەری بڕیبــوو، شــتێکی خــراپ بــوو). ئــەم بیروبۆچوونانـە لەتوانایدایـە هـەموو ئـەو هەوڵانـە لەبەریـەك هەلبوەشـێنێ کەداومانە بۆ ئەوەی نەهێلین ئامانجەکانی سەدام بگاتە مەرامی خۆی.

من داواتان لێئەکەم لەسەر بۆچونەکانتان وتویژمان لەگەلدا بکەن، پیش ئـــەوەی ئـــەو بیروڕایانـــە بنوســـنەوەو لەســـەر ئاســـتیکی فـــراوان لەنەتەوەیـەکگرتووەکاندا بـلاوی بکەنـەوە. جـۆری ئـەم وتوویژانـە وادەکـات ئەو باری سەرنجەتان لابچیت بەوەی ناکۆکی لەنیوان ولاتـە یـەکگرتووەکان و کۆلۆمبیـادا هەیـە لەئەنجومـەنی ئاسایشـدا. لـەکاتیکدا شـلەژان و نارەحـەتی بەنوینەری کۆلۆمبیا لەنەتەوەیەکگرتووەکانـەوە دیـاربوو کەلـە نیویۆرکـەوە هـاتبوو بـۆ هاتنـە پـاڵ کۆبونەوەکـە، جافیریـا بەئاشـکرا سـەرنجی ئـەو نارەزاییەی دا کەپیمەوە دیاربوو.

بەدوورو دریژی ناوەرۆکی بریارەکەم باس کـرد ئـەو برگەیـەش کـەدەلێ (هـەموو ریگـا پیویسـتەکان)، ئـەویش وەلامـی دایـەوە (گرنـگ ئەوەیـە کۆلۆمبیـاو ولاتەیـەکگرتووەکان بـەجۆریکی وا دوو ئەمریکاکـە نیشـان بـدەن کـە تـەباو یـەکگرتوون) چونکـە گەرانـەوە بـێ مەسـەلەکە دەبیتـە هـۆی نائومیدیەکی گەورە. چۆنیتی ریگا چارەسەری ئەم کیشەیە کاریکی ئیجگار گـەورەو گرانـە بۆهـەموو مرۆڤایـەتی، ئیمـەش وەك ئیـوە هـەمان ئامانجمـان هەیـە. لەکۆتایشـدا لەگـەڵ ئیـوەدا دەنـگ ئـەدەین، ئـەو کـات ریگەیـەك ئەدۆزینەوە، بەلام ئەگەرا بەدوای (گەلای توت) دا بـۆ سـەدام، وتـی: (گرنـگ ئەوەیـە سـەدام هەسـت بکات شـتیکی دەسـت ئەکـەویت کاتـێ لـە کوەیـت دەکشیتەوە شـتیك وەك کشـانەوەی هـیزە ئەمریکاییـەکان لەناوچەکـەدا). منیش بەم جۆرە وەلامـم دایـەوە: (کـاریکی قورسـە ئابروکرینـەوەی سـەدام لەخەلات کردنی ئەو پەلامارە درندانەیە جیا بکەینەوە، نابێ بکەوینە دوای ریگا چارە نیوە ناچلەکان). بۆگۆتام بەجیهیشت و ئیلتیزامیکی شەخسیم لە جافیریاوە وەرگرت کەبەدلنیاییەوە لەگەڵ ئیمەدا دەنگ ئەدات و دلنیـا بـووم

لــەوەی ئەوکارەســاتەی بۆگۆتــا لەنەتەوەیــەکگرتوەکاندا خولقاندویــەتی خەریکە کۆتایی دیت.

پاش ئـەوەی دووبـارە لـە(قرتاجنـە) بـەنزینمان وەرگـرت، بەفرۆکـە بـە (٧) سـەعات گەیشـتینە لـۆس ئـەنجلۆس بـۆ کۆبونـەوە لەگـەڵ ئەبولحەسـەن وەزیـری دەرەوەی مالیزیا، ئـەزانم زۆر گرانـە خـۆی‌و ئـەو حکومەتـە ئیسلامیە قەناعـەت پێبکـــەم کـــەخۆی بـــەخاوەن کبریـــائیکی زۆر دەزانـــێ و زۆرکـــات گـــیرن لەمامەلـەکردندا. مالیزییـەکان فشـاریان دەکـرد لـەپیناو دەرکردنـی بریـاریکدا تایبـەت بەفەلەسـتینی‌یەکان، ئـەوە بـوو مـاوەی ٣٠ سـەعات لەفرۆکـەدا بـوون بـۆ بینینی من، هەستیان بە بیزاریەکی زۆر دەکـرد. دلنیـا بـووم ئـەوان زۆرمـاندون. هەرلەسەرەتاوە وەزیر بەرەقی‌یەکەوە ئاماژەی بەوەدا کە (ئیمە پیمـان بـاش بـوو لـە مالیزیـا چاومـان پیـت بکـەویت). ئـەمزانی ئـەم کۆبونـەوەیـە بـەگرێ‌و گـۆڵ دەبیت. بەزمانیکی توند وتی: (بەراستی پیتان ئەلیم کەئیمە خۆشحاڵ نین بـەو رەوتـەی ولاتەیـەکگرتووەکان لـە خۆرئـاوای ئاسیادا گرتوویەتیەبــەر. ئیـوە ئــەم ریوشوینە بۆ سزادانی عیراق دەگرنەبەرو ئیمە پیویستمان بەوە هەیە کە وتویـژ لەسـەر دوژمنکاری ئیسرائیل بکـەین لەســەر فەلەسـتینیەکان، چونکـە مالیزیـا بەرهەلسـتی سـزادانی سـەدام ناکـات. لەهــەمان کـاتدا پیویسـتە ئیســـرائیلیش سـزابدریت بـەو پێگەیـەی کـە هەرەشـە لەفەلەستینیەکان دەکات. زۆر بـەوردی لەبریارەکـەتان دەکولینـەوە، بـەلام نـاتوانین پشـتگیری سـزاکان بکـەین لـەپیناو لەناوبردنی فیعلی عیراقدا). منیـش وەلامـم دایـەوە: (ئـەم بریـارە تاکـە هیوامـان ئـەداتێ بـۆ گەیشـتن بـەریگا چارەیـەکی ئاشـتیانە بـۆ کیشـەکە، ئیمـە نامانـەوێ خوینـی ئەمریکیـەکان لـەبیابانـدا بریژیـن، چونکـە مەترسـیەکی گـەورە بـۆ ئەمریکاییەکان‌و ئیدارەکەشیان پەیدادەکات).

ئـەویش پرسـی: (ئایـا پیشـنیاری هەرەشـكردن بەشـەر هەڵگیرسـاندن دەكـەن؟) پیـم وت: (ئـەو بریـارەی كەلـە نەتەوەیـەكگرتوەكاندا پیشـنیاری دەكـەین خەسـلەتیكی گشـتی دەبیـت، نـاوی هیـزی تیـا نـاهینریت هـەروەها وشەی سەربازیش لەخۆناگریت، ئیمە هەولی بریاریك نادەین كەپیویستی بەهیز هەبیت)، مالیزیـەكان دەیانویسـت سـزاكان كـاتیكی زۆرتـری بدریتـێ، لەبەرئەمە بیانوە باوەكانم دووبـارە كـردەوە: (پیـم وایـە سـزاكان كاریگـەری نابیت گەر كاتیكی زۆر بخایـەنیتو ناشـتوانین هیزەكانمـان بـەم ژمـارە زۆرە لەبیاباندا بهیلینەوە. نابێ ریگا بە ولاتە گەورەكان بدریت ولاتـە بچوكـەكان قوت بدەن. (گرنگ ئەوەیە بە سەدام حسین بوتریت بەهەر ریگەیـەك بیـت لـە كوەیـت دەردەكریـت، مـن خـۆم چـواردە مـانگم بەسـەربردوە لـەپرۆژەی ئاشتی عەرەب- ئیسرائیلدا، بەلام پیم وایە نابێ ئـەو دوومەسـەلەیە پیكـەوە گرێ بدەن، چونكە گەروا بكەن ئەوا سەدام دەكەن بەپالەوان).

پـاش وتویژیكـی دوورودریـژ سـەبارەت بـە مەسـەلە یاساییەكان وەزیـر بەپیشنیاریكی ئیجگار قورس كۆتایی بەقسەكانی هینـاو وتـی: (ئومیـدەوارم هەلویستمان كارنەكاتە سەر پەیوەندیـە دوو قۆلیـەكانمان). مـن خۆشـحالم بەو دەست پیشخەرییە كە تیایدا ئاماژەتـان بـەوەداوە لـەژیر رۆشـنایی ئـەو رووداوە جیهانیە گەورانەی ئەم دواییەدا، رەنگە پیویست بیـت زۆر بـەوردی لە دوارۆژی پەیوەندییەكانتان بكۆلنەوە لەگەڵ ولاتەیەكگرتووەكاندا. منیش وەلامـم دایـەوە: (جـەنابی وەزیـر تەنـها ریگایـەك بـۆ وەلامدانـەوەی ئـەم مەسەلەیە ئەوەیە كەبلیین ئەمە بۆئیمەو بۆ جیهانیش گرنگەو پیویستە بۆ ئیـوەش گرنـگ بیـت). لـەناكاو بـێ دەنگیـەكی تـەواو ژوورەكـەی داگـرت، بەرادەیەك مرۆڤ دەیتوانی گوێی لەدەنگی پێی میروویەك بیت. بۆیەكەم

جار هەستم كرد درك بەبری ئەو مەترسیە دەكات كە ئیمە لەبەرامبەریداین. پاش كۆبوونەوەكە چووم بۆ هیوستون بۆئەوەی پشووی كۆتایی هەفتە لەگەڵ دایكمدا بەسەربەرم كەتەمەنی (٩٦)ساڵ بوو، بەلام ئەوە دواجار بوو كە بیبینم. لەریگا بەو بروسكانەدا چوومەوە كە داوا لەولاتانی ئەندام لەئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتیدا دەكات تا وەزیرانی دەرەوەیان بنیرن بۆئەو كۆبونەوەیەی لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا دەبەستریت، ئەو داوەتنامەیە ئاراستەی وەزیری دەرەوەی كوباش كرابوو، تیبینییەكی شەخسی خۆمی تیدابوو كە داوای ئەوەم لیكردبوو لە ٢٨ی تشرینی دووەمدا لە نیویۆرك ئامادەبیت بۆ كۆبونەوە. بروسكەكان پرۆژەی دارشتنیكی پیشنیارەكەو دەقی ئەو پرۆژەیەی تیایە كەریگا بەبەكارهینانی(هەموو ریگا پیویستەكان) ئەدات گەر عیراق لە كوەیت نەكشیتەوە، لەماوەیەكدا كە دوا مۆلەتی یەكی كانونی دووەمە.

لە٢٦ی تشرینی دووەمدا دوگلاس هیرد بەتەلەفۆن لە لەندەنەوە نیگەرانی خۆی پێراگەیاندم لەوەی رەنگە دیاریكردنی كاتیكی دیاریكراو بۆ بریاری پاشەكشێكردنی عیراق بریاریكی هەلەبیت، پاشان وتی: (دیاریكردنی كاتیكی دیاریكراو دەبیتە هۆی ئەوەی هەركاتیك كاتی بریاری كشانەوەی عیراق درا ئەمە عیراق بوروژینێو مەترسی ئەگەری هیرشیكی خۆپاریزی لەلایەن عیراقەوە زیاتر ئەكات).

منیش وتم: (دوگلاس پیویستە سۆڤیت لەبەرچاو بگرین، چونكە ئەوان ئیجگار حەساسن سەبارەت بە مەسەلەكە)و داوام لیكرد یارمەتیمان بدات بۆ زامن كردنی دەنگدانی كۆلۆمبیەكان، ئەویش وتی: (ئەوان قەرزاری ئیمەن، لەبەرئەوە هەولیان لەگەلدا ئەدەین).

## کۆبوونەوەی کۆتایی لە نەتەوەیەکگرتووەکان

لە٢٨ی تشرینی دووەمدا واتە رۆژێك پێش دەنگدانەکە، رووم لەبارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان کردو راستەوخۆش بەرەو سۆڤیتیەکان چوم بۆ کۆبوونەوەیەك لەگەڵ شیڤەرنادزەدا بۆماوەی دووسەعات، لەویدا کۆمەڵێ هەوالی بێسەروبەرم پیگەیشت. شیڤەرنادزە وتی: (قسەمان لەگەڵ عیراقیەکان کردو پییان وتین: (ئەگەر شەر بەرپابوو ئەوا هیرش ئەکەینە سەر ئیسرائیل). پاشان تۆماری ئەو کۆبونەوەیەی دامێ کەلە بەغدا لەنیوان دبلۆماتە سۆڤیتیەکانو تاریق عەزیزدا بەسترابوو. شیڤەرنادزە وتی: (پیم وایە ئەمە سەرەتای نغرۆبونە). منیش پرسیارم کرد(ئایا عەزیز راستیەکان بە سەدام دەلیت)؟ شیڤەرنادزە ئاماژەی ئەوەی دا: (پیم وایە پێی دەلێ). تائیستاش دلنیانیم لەوە، چونکە باس لەوە دەکرێ کە سەدام زیاد لە جاریك بەچەند لە سیدارەدانیکی بەپەلە وەلامی هەوالە ناخۆشەکان ئەداتەوە. لەکاتی کۆبونەوەکەدا ریکەوتین لەسەر دارشتنی کۆتایی بریارەکە. بەلام گۆرباچۆف کۆسپی خستەبەردەم کاتەکەی کەیەکی کانونی دووەم بوو، تائیستاش گۆرباچۆف بەفەرمانی یەکیك لە (لوبی)یە عەرەبەکانی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیتی لەو بروایەدایە تارادەیەك دەتوانێ قەناعەت بە سەدام بکات بۆ کشانەوە لە کوەیت گەر کاتی تەواوی بدریتێ، سووریش بوو لەسەر ئەوەی ٣١ی کانونی دووەم دوامۆلەت بیت. گەر بەسانایی بدویم کاریکی عەقلانی نیە پاش دەرکردنی بریارەکە دوو مانگی تریش دوابخریت، چونکە کاتیکی تەواو دەرەخسینێ بۆ رووداني

مەرگەساتو چەندین پرسیار ئەوروژێنیت سەبارەت راستگۆیی ئیمەو ئامادەییمان بۆ بەکارهێنانی هیز. فەرەنساش پیشنیاری چارەسەرکردنی کردو سەرۆکیش رازی بوو، ١٥ی کانونی یەکەم کرابە دوامۆلەت.

بەرەو میوانخانەی والدۆرف ئیستۆریا چووم، بۆ کۆبونەوە لەگەڵ(ئیزیدۆرۆ مالیرکا) وەزیری دەرەوەی کوبا. ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی رەسمیـیە لەسەر ئاستی وەزاری لەنیوان ئیمەوکوبادا لەماوەی سێ سالدا. لەگەڵ ئەوەشدا پیویست بوو باز بەسەر ریساکاندا بدەین بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبونەوەیە. لەرووی هونەرییەوە کۆبوونەوەکەم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کوبا بەست، بەوپێیەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتیم، نەك وەزیری دەرەوەی ولاتەیەکگرتووەکان. پشتگیریکردنی کوبا لەشەش بریاری پیشووی نەتەوەیەکگرتووەکان دژی سەدام حسین، زەمینەیەکی لەباری خۆشکرد کە دەتوانرێ شتی لەسەر بونیاد بنرێ. وتم: (چەند جیاوازییەك هەیە لە نیوانماندا، بەلام هەندێ مەسەلەش هەیە دەتوانین لەسەری ریکەوین، ئیمە ئەزانین حکومەتەکەتان چەند وتوویژیکی لەگەڵ عیراقدا کردووەو باس لەوە دەکات کە دەبیت لە کوەیت بکشینەوەو ریگە بدەن بە گەرانەوەی حکومەتی کوەیتی. راشکاوانە پیت ئەلیم ئەگەر ئیمە لەسەر ئەو چەند خالە ریك نەکەوین ئەوا ئامادەنین لەگەلتاندا کۆببینەوە. ئیمە لەپیناوی ئەم بریارەدا کاردەکەین، چونکە پیمان وایە تاکە فرسەتیکە لەبەردەم ئاشتیدا مابیتەوە. ئومیدەوارم لەوە دلنیابن کەولاتە یەکگرتووەکان لەریگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کاردەکات.

ئیمە بەریگایەکی رەوا کاردەکەین لەگۆرپانی دەولیدا، زۆرن ئەوانەی هانیان داین بەپێی مادەی (٥١) لە باوەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

هەلسوکەوت بکەین. بەلام ئیمە رەتمان کردەوە. دە بریارمان هەیە لەئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی، دەنگتان بۆ بەرژەوەندی (شەش)یان داوەو هیچ کامیان جێبەجێ نەکراوە. زۆر ولاتی بچوکی وەك کوبا نەتەوەیەکگرتووەکان بە بلندگۆیەکی سەرەکی خۆی دادەنیت، لەبەرئەوە ریگای خۆم گرتەبەر بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ستراتیژیەتیکی هەمەلایەنەو وتم: (ئیمە وادەبینین راستگۆیی نەتەوەیەکگرتوەکان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئاوادایە، چونکە کاتێ داوای ئەوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکریت دەزگایەکی کاریگەر بیت لەپاراستنی ئاسایشو ئارامی دەولەتیدا، ئەوکات جێبەجیکردنی بریارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان پیویستییەکی ئیجگار گرنگ دەبیت).

★ ★ ★

رەنگە لەوە گرنگتر ئەوە بیت کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشیوەیەکی کاریگەرانە کاربکات لەپیناو ولاتە بچوکەکاندا، چونکە هیچ جیگایەك نیە بۆ سیستەمیکی جیهانی کە ئاشتی تیا بەرقەرار بیت گەر ولاتیکی گەورە بتوانێ ولاتیکی بچوك قوت بدات. ئەوە ئەو تاقی کردنەوەیەیە کە لیرەدا خراوەتە روو، سوپاس بۆ هاتنتان و من هەر ئەوەندەم هەیە بیلیم). وەزیری دەرەوەی کوبا پیاویکی بەتەمەن بوو کەمیك دەشەلی، بیجگە لە کۆمەلێ رەخنەی توند لەسیاسەتی ئیسرائیلیەکان دژی فەلەستینیەکان، ئەو قسە ئایدۆلۆژیە بەتالەی دەوتەوە کە هەمووومان لە فیدل کاسترۆمان پیشبینی دەکرد. هەروەها وەزیرەکەی کوبا وتی: (مەبەست لیرەدا خۆ دورخستنەوەیە لەهەلایسانی شەر. رەنگە بریارەکە ببیە هۆی کەوتنەوەی

شەرو دواجار نرخی پترۆلیش بەرزبیتەوەو قەیرانیکی ئابوری بۆجیهان بخولقینیت). لە دریژەی قسەکانی باسی لەوە کرد کە:

(ئیمە لەو بروایەداین ئەگەر شەر هەلگیرسا ژمارەیەکی زۆر دەکوژریت).

بەتیپەرینی کات عیراق بەمەرجەکان رازی ئەبیت، بەلام پەنا بردنە بەر بەکارهینانی هیز سودی ئەوتۆی نابیت. ئاماژەکردن بەبەکارهینانی هیز هیندەی تر هەلویستی عیراق سەخت تر دەکات. ئیمە پیمان وایە بریاردان لەسەر ئەم کارە ئاکامیکی ئاشتیانەی نابیت. ئیوە هەولّ ئەدەن ریگەیەك بۆ شەرکردن بدۆزنەوە بەبێ ئەنجامدانی کاری سەربازی، ئیمە وادەبینین دەست نیشان کردنی کاتیکی دیاریکراو کاریکی ترسناکە رەنگە بەهەلە لیك بدریتەوەو کاریکی وا بکات عیراق دەستپیشخەری بکات لەپەلاماردانداو. ئیمە هەست ئەکەین ئەو بریارەی ئیوە پرۆسەکە بەئاراستەی شەردا دەبات و ئیمە لەمەدا جیاوازین لەگەلّ ئیوەدا).

منیش وەلامم دایەوە: ( ناتوانین دژایەتیتان بکەین لەوەی باستان کرد). ئیوە دەلین گەر شەر هەلگیرسێ ئەوا گەلی کوەیتی دوچاری مەینەتی دەبێ، منیش ئەلیم هیچ مەینەتیەك نیە لەم مەینەتیەی ئیستایان زیاتر بیت. ئیمە لەو بروایەدا نین کە سزاکان کاری خۆیان بکەن لەماوەیەکی کەمدا، چونکە سوپاکەی پیش هەموان خۆراکی بۆ دابین دەکرێ، ئەوەشی لەهەموان زیاتر زەرەرمەند دەبێو ئازار دەچیژێ میللەتەکەیەتی. نابیت دراوسێی گەورە پەلاماری دراوسێی بچوك بداتو شیوازی درندانەی خۆی بەسەردا بسەپینیت.

مەبەستی سەرەکی ئەوەیە ئیمە لەسەر ئامانجی کۆتایی ریك دەکەوین، بەلام سەبارەت بەباشترین ریگا بۆ بەدەست هینانی جیاوازین، نابیت

کۆمەڵگەی دەولی هەمان هەڵەی خۆی لەسییەکاندا دووبارە بکاتەوە. سۆڤیتیش هەر هەمان شت بەئیوە دەلین، هیوادارم ئیوە لەدەنگ نەدانتان دژ بەبریارەکە بکۆڵنەوەو دووچاری گۆشەگیری نەبن.

ئەم بەهانەیەی من وەزیرەکەی کوبای نیگەران نەکردو لە وەڵامدا وتی: (سبەینێ ئیمە لە دەرەنجامی دەنگ نەدان بۆ بەرژەوەندی بریارەکە ناترسین، ئومیدەوارم کە لەم هەلویستەماندا بەتەنیا نەبین، بەڵام دوودلیش نابین لەوەی بەتەنها بینو هەولی خۆپاراستن لەشەر بدەین). ئەمە سەرکیشیەکی گەورە بوو، لەبەرئەوەی ئەوان تەنانەت لەبەرامبەر فشاری دۆستی دیرینو سەرەکیان کە سۆڤیت بوو لەهەلویستی خۆیان پاشگەزنەبوونەوە.

وەزیری دەرەوەی چین، چیان چینین لەریگا دواکەوتبوو، لەبەرئەوە کۆبونەوەکەمان کەمیك پیش نیوەشەو دەستی پیکرد. لەوساتەدا شارەزایانو پسپۆرەکانی ئیمە گەیشتنە ئەوەی چینیەکان بریاریان داوە دەنگ نەدەن. ئەمەش کەمترین شتیکە پیویست بێ تا ئیمە پەیوەندیەکانمان بگیرینەوە سەر دۆخی جارانی خۆی. ئەوان راستیان دەکرد ، ئەوەبوو رۆژیك دوای دەنگدانەکە بەفیعلی ریگەمان دایە چیان بچێ بۆ واشنتۆن. بەڵام بۆ دواهەمین جار هەولم دا قەناعەتی پێبکەم کە دەنگ نەدان زۆر لەسەر بەرژەوەندیەکانی چین دەکەویت.

دواتر وتم: (هەرشتیك لەپشتگیری بریارەکە کەمتر بیت یەکیتیەکەمان لاواز دەکاتو سەدامیش خۆشحاڵ دەکات، پاشان هەلویستیکی وا توشی رەخنەشمان دەکات لەلایەن کۆنگریسو رای گشتی ئەمریکاوەو رەنگە زیان بەکەشو هەوای سەردانەکەتان بگەیەنیت، ئەمەش دەبیتەهۆی ئەوەی

نـەهێلێ بەنـەرمی پەیوەندییـە دووقۆڵیـەکانمان بـەرەو پێـش بـەرین. (بـۆ ئەوەی جێگای متمانەو باوەر بم ئەوا ئەندامانی کۆنگریس وادادەنێن کە تـۆ بـە بـەڵێ دەنـگ بدەیـت، مـن نامـەوێ فشـاری ئـەوەتان بـۆ بـهێنم تـا لەئەنجومەنی ئاسایشدا چۆن دەنگ بدەن.

بەڵام دەنگ دانێکی ئیجابی هۆکارێکی سەرەکیە بـۆ بـەرەو پێش بردنـی پەیوەندیەکانی نێوانمان. تائێستاش ئەو رایە لەکۆنگریسدا هەیـە کـە دەبێ پـەیوەندیمان لەگـەڵ ئێـوەدا هـەبێت و گرنـگ ئەوەیـە هەڵویسـتی پێنـج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش یەك بێت).

لەدەقەکەدا هیچ ئاماژەیەکمان بەبەکارهێنانی هێز نەداوەو بـەخێربێن بۆ واشنتۆن لە رۆژی هەینی، بـەبێ لەبـەرچاوگرتنی چۆنیـتی دەنگدانتـان). چینیەکان هەستیان بـەنارەزایی دەکـرد لەبەرئـەوەی ئـەو پێشـنیارەم قبـوڵ نەکرد کە بۆ سەردانێکی چین خستبویانە روو.

چیان بەمجۆرە گلەیی کرد: ( ئەمە پێنجەمین کۆبونەوەیە لـەنێوانماندا، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێك نیە بۆ سەردانی پایتەختی وڵاتەکانمان، ئەمە شـتێکی ئاسایی نیەو زیان بەپەیوەندیـەکانمان دەگەیـەنێت. ڤیتـۆ لـە دژی بڕیارەکـە بەکارناهێنین، بـەڵام ناشـتوانین پشـتگیری لەبـەکارهێنانی هێـز بکـەین، لـەم دواییەدا سەردانی چـەند وڵاتێکتـان کـردوە، ئومێـدەوارم سـەردانی چینـیش بکەن). رازی نەبوون بەدەنگدان باشترین شت بوو بەلای ئێمەوە.

وادیـارە رژێمـە تۆتالیتاریـەکان قـەت بـیر لـەوە ناکەنـەوە کـە سیاسـەتی ناوخۆیان کاریگەری دەبێـت لەسەر پەیوەندیە دوو قۆڵیەکان، منیش وەڵامم دایەوە کـە: (پێـم وایـە جـۆرج بـۆش باشـترین کەسـێکە بـۆ ئێـوەو خوازیـارە

پەیوەندیەکان باشتر بکات، بەڵام چەند کۆسپیکی سیاسی لەپیشدایە کەناهیلیّ یان راستر بلیین ریگا نادەن ئەو کارە بکات).

کاتژمیر یەكو نیوی شەو چومە ناو پیخەفەکەمەوە، رۆژی دواتر بەتەلەفۆنیکی بۆش بەئاگاهاتم کە دەویست دلینا بیت لەشیوەی قەناعەت پیکردنی چینیەکان بۆ دەنگدان لەبەرژەوەندی بریارەکە. هەروەها وتی: ( ئامادەم لەکاتی نان خواردنی ئیوارەدا وەزیرانی پینج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ببینم، دواتر دەتوانم لەپەراویزی ئەوەدا لەگەڵ وەزیری چیندا کۆببمەوە). ئەم شیوە کۆبونەوە ئەوەی پیوە دیارە وەك ئەوەی بەپەلە ریکخرا بیت یان یەکتر بینینیکە بۆ موجامەلەکردن نەك کۆبونەوەیەك بیت بۆ چاوپیکەوتنی دیپلۆماتیەك.

هیشتا رۆبی حەمامەکەم لەبەردا بوو کە کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ یاریدەدەرە گەورەکانم بەست لەژورەکەی خۆم لە والدۆرف ئستۆریا بۆ وتویژکردن لەسەر پیشنیارەکە. لەسەر ئەوە ریکەوتین تەلەفۆن بۆ وەزیر بکەمو داوەت نامەکەی بۆشی پیّ رابگەیەنم، بەڵام هیچ کەس هەستی بەوە نەکرد کە فرسەتیکی گەورەتر هەیە بۆ قبوڵ کردنی. چینیەکان ئیجگار گیرو قورس بوون، لەبەرئەوەی دەیانزانی ئیمە ئاگادارین لەوەی کەئەوان ڤیتۆ بەکارناهینن بۆ شکست پیهینانی بریارەکە، لیرەدا گومانی ئەوەم هەبوو کۆبوونەوەیەکی بەپەلە شتیکی ویستراو نابیت. تەلەفۆنم بۆ چیان کردو کاتی لەناوەراستی کۆبونەوەکەمدا لەگەڵ دۆگلاس هیرددا وەڵامی دامەوە. نامەکەی سەرۆکم پیّ راگەیاندو وەڵامیکی یەکجارەکی نەدامەوەو وتی: (سوپاست ئەکەم، ئەم پیشنیارە دەگەیەنمە پەکین).

چینیەكان دەتوانن رەهەندی جۆراوجۆر بگرنــە بــەر كاتیك بیانــەویت، یەكیك لەوانەش گوێ نەگرتنــە. پـاش ماوەیـەكی كـەم چیـان تەلـەفۆنی بـۆ كردمو وتی: (ناتوانین بەبەلێ دەنگ بدەین، چونكە رینومایی حكومەتەكەم داوای ئـەوە ئـەكات كـەدەنگ نـەدەین، لەبەربەسـتنی كۆبونەوەیـەك بەبـەلێ دەنگ نادەین، پیویستە ئەم كۆبوونەوەیە بگیرێ لەبەرئـەوەی رازی نـەبوین دەنـگ بدەیـن). پیموت (ئیستا ئیمـە پیویستمان بـەدانانی پیلانیـك هەیـە بۆسەردانەكەتان بۆ واشنتۆن، بەلاّم ئەوەی نەموت ئەوەبوو كەپیلانەكـەمان كۆبونەوەكـەی ئـەوی تیدایـە لەگـەڵ منـدا نـــەك لەگـــەڵ بۆشـــدا). دوای كۆبونەوەكە بوب كیمیت نیوە شەو نامەیەكی چیانی بۆ هینام.

چینیـەكان هەسـتیان بـەتورەیی كـرد كاتـێ پـرۆژەی ســەردانی وەزیـری دەرەوەی چینیان بۆ واشنتۆن بینیو چاوپیكەوتنی لەگەڵ بۆشـدا تیانـەبوو، نامەكە ئاشكرا بوو كە ئەگەر چیان چاوی بە بۆش نەكەویت ئەوا سـەردانی واشنتۆن ناكات.

ئەمجارە چینیەكان هەلیان خەلەتاندین، بەهۆی ئەو كیشانەی هەمانبوو لەگەلیاندا حەزمان نەدەكرد تەواو كـەنارگیریان بكـەین. بانگەوازەكـە پـیش سەردانەكەی چیـان كـەوتو رەتكردنەوەشـی بـووە هـۆی شكسـتیكی تـازە بـۆ پەیوەندیە دوو قۆلیەكانو هەردوولاش شپرزە ئەكات. تەلەفۆنم بۆ ســەرۆك كـردو پیشـنیاری ئــەوەم كـرد تـا مـل بـۆ چینیــەكان بـدات بـۆ ئـــەوەی بارودۆخیكی نائارام روونەدات. پاشان وتم : (ئەمە باجیكی كەمە بیدەین بۆ دوركەوتنەوە لەبەكارهینانی (ڤیتۆ)، سەرۆكیش دەمودەست رازی بوو. ئیـتر چینیەكان كۆبونەوەیەكیان لەگەڵ سەرۆكدا چنگ دەكەویت، بەلاّم ئـەوەیان دەست ناكەویت كەبەفیعلی خۆیان ویستبویان : ئەویش سـەردانی بۆشـە بـۆ

چین و ئیلتیزام کردنه بەو هەولانەوە کە بۆ هەلگرتنی ئەو سزا ئابوریانە ئەدرێ کە لەئەنجامی قەسابخانەکەی (تیانانمین)ەوە بەسەریاندا سەپینراوە. گەر ئەمانە بکرایە دەبوەهۆی ئەوەی چینیەکان بە بەلێ دەنگ بۆ بریارەکە بدەن، بەلام باجیکی قورسی دەبوو.

لەرۆژی دەنگدانەکەدا بەئامادەکردنی تیبینیەکانی خۆمەوە خەریك بووم. وەك سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش بەزنجیرەیەك لەکۆبوونەوەی دووقۆلی لەگەلٚ چەند وەزیریکی هاوپەیماندا دەستم پیکرد، یەکیك لەو وەزیرانە رۆلان دوما بوو کەوتی: (ئەمە هەلیکی میژووییە، چونکە باو نیە وەزیرانی دەرەوەی هەر پینج ولاتە هەمیشە ئەندامەکە لەیەك جیگادا کۆببنەوە. لیرەین تا عیراق لەوە ئاگادار بکەینەوە کە پینج ولاتە هەمیشە ئەندامەکە کۆكو تەبان لەبیرکردنەوەیاندا.

من و دۆما لەگەلٚ یەکتریدا بەچاکی گونجابووین، بەلام ئەوەتا جاریکی تر ئەبینین کە فەرەنسیەکان هەر فەرەنسیەکانن. بەبۆچونی ئەوان ئیمە سیاسەتیکی نەرمونیانمان گرتۆتە بەر لەگەلٚ ئیسرائیلدا زیاتر لەوەی مەسەلەکە پیویستی پیّیەتی. دوما دەیویست ئاماژەیەك بداتە فەلەستینیەکانو هاوپەیمانەکانی خۆیان لەنەتەوەیەکگرتوەکاندا، منیش وتم: (رۆلان، من زۆر زیاتر حەز بەو ئیشە ئەکەم، بەلام ئامادەنیم هەر پینجمان کۆببینەوە بۆ لیکۆلینەوەی مەسەلەی فەلەستین. چونکە ئەمە دەبیتەهۆی بەستنەوەی ئەم دوو کیشەیە پیکەوە). ئەویش وتی: ( تیدەگەم، ئەتوانین قسە لەسەر ناوچەکە بکەین بەشیوەیەکی گشتی). لەرووی مەبدەئیەوە ئەمە بیرۆکەیەکی ماقولە، من خۆم بۆ ئەوە ئامادە ئەکەم

کەپاش کۆبونەوەکە لەسەر خوانی نانی ئیوارە هەموو وەزیرانی پینج وڵاتـە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کۆبکەمەوە.

کاتژمیر ٢ی نیوەرۆ تەلەفۆنم بۆ سەرۆك کرد بۆئەوەی پـێی رابگەیـەنم کەرەنگـە وا پیویست بکات بـۆ دواجـار تەلـەفۆنیك بـۆ وەزیـری دەرەوەی مالیزیـا بکـات، هـەروەها پیـم راگـەیاند کـە سـعودیەکان و سـۆڤیتیەکان و کوەیتیـەکان تائیسـتاش بـەردەوامن لەفشـار خسـتنە سـەر چـین بـۆ ئـەوەی هەلویستی بگۆرێ و بە (بەلێ) دەنگ بدات. پاش چل دەقیقـە بـۆ ماوەیـەکی کەم لەگەڵ خافیر پیریز دیکویلاری سکرتیری گشـتی نەتـەوە یـەکگرتوەکان کۆبوومەوە، دوو (چـەك)م بـەبری ١٨٦ ملیـۆن دۆلار دایـە، وەك بەشـیك لـەو قیستانەی لەسەر وڵاتە یەکگرتوەکان بـوو تـا بیداتـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان. (بەپێی یاسا ریگا بەوەزیری دارایی نادریت (چەك)یك ئیمزا بکات بەهاکەی زیاتر بیت لەسەد ملیۆن دۆلار).

چەنـد وڵاتیـك خۆیـان گیـل کردبوو لـەو قیستانەی کـەدەبوو بدریتـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان، تەنانـەت وڵاتــە یــەکگرتوەکانیش چــەند قیسـتیکی نەتەوەیــەکگرتوەکانی لەســەرە، ســەرۆك ویسـتی بــە شــیوەیەکی رەمــزی پیزانینی خۆی بۆ ئـەو یارمەتیـەی نەتەوەیـەکگرتوەکان لـەکاتی کیشـەکەدا پیشکەشـی کـرد نیشـان بـدات. دواتــر بیســتم کــە (دیکویــلار بــیزار بــووە، لەبەرئـەوەی بیرۆکراتیـەتی نەتەوەیـەکگرتوەکان هیــچ رۆلیکـی لەقـەیرانی کەنداودا نەبووە).

کــاتژمیر ٣ بــۆ ماوەیــەکی کــەم لەگــەڵ وەزیــری دەرەوەی کۆلۆمبیــا کۆبومەوەو پێی راگەیاندم کـە وڵاتـەکەی لەگـەڵ کوبـا و یەمـەن و مالیزیـا لـەکاتی کۆبونەوەکـەدا پیـدا نـاگرن لەســەر ئـەو بریــارەی تایبەتــە بــە

فەلەستین. هەستم کرد نەرمی بیروبۆچونی ئەگەریتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ لەدیبلۆماتە لیهاتوەکانی ولاتە یەکگرتوەکان‌و هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی بەریتانیا، گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە نۆ دەنگیان بۆ کۆنابیتەوە تاپرۆژەی بریارەکەی پیبخەنە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نیو دەولەتی بەهەر حالْ سوپاسی وەزیرم کردو پیم وت: (ئەوەی ئیمە ئەیکەین راستە، بێ گومان ئەبێ دوژمنکاریەکە رامالین).

دوای ١٠ دەقیقە وەزیری دەرەوەی مالیزیا پیێ راگەیاندم کە ولاتەکەی لەگەلْ ئیمەدا دەنگ ئەدات ، بەلام پیێ لەسەر ئەوە داگرت چەند ریوشوینیك بگیریتە بەر بۆ بەرژەوەندی فەلەستینیەکان. ئەوان زۆرگیربوون، بەلام سوپاسم کرد بۆ ئەو نەرمیەی نواندنەی و پیموت: (پینج سەد هەزار لاوی ئەمریکی لە کەنداودان، پیم وایە دەتوانیت لەو نیگەرانیەی ئیمە بگەیت). تەنها (١٠)دەقیقەم لەبەردەمدا بوو بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش، لەو کاتەدا یاداشتیکی بەپەلەم لە توم پیکرینگی نوینەرمان لەنەتەوەیەکگرتوەکان‌و یەکیك لەهاوەلەکانیەوە پیگەیشت و، بۆ دواجار بەیانە ئامادەکراوەکەم خویندەوە. پیش کۆبونەوەکە جۆن کیلی پیێ راگەیاندم کەیەمەن بە شیوەیەکی یەکجاری بریاری داوە دژی بریارەکە دەنگ بدات. منیش وتم: (چاکە ، ئەم دەنگدانە بە نەخیر دەبیتە بەنرخترین دەنگدان بەلایەن ئەوانەوە). دواتر هەندێ راپۆرتە هەوالْ رایان گەیاندبوو گوایە من چاوو راو ئەکەم، بەلام لەراستیدا مەسەلەکە وانەبوو.

★ ★ ★

## دەنگ دانیکی میژوویی

لە کاتژمیر سێو نیودا داوام کرد بێدەنگی هۆڵەکە بپاریزن. هۆڵەکە پر ببوو لە ئامادەبوان و جمەی دەهات، دیبلۆماتیەکان دانیشتبون و بریکی زۆریش لە دەوری میزەکە بە پیوە راوەستابوون، ئەم کۆبوونەوەیە دانیشتنی ژمارە (٢٩٦٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بوو، رەنگە لە هەموشیان گرنگتر بیت. وەزیری دەرەوەی سیانزە وڵات لەو پانزە وڵاتە ئەندامە ئامادە بون. ئەمە چوارەمین جارە ئەنجومەنی ئایایش لەو ئاستەدا کۆببیتەوە. پیشتر دەمزانی هەلویست لە دەنگ دان چۆنە، بەلام من قسەم بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان دەکرد و وتم کاتی ئەوە هاتوە رووبەرووی هەر یەك لە عیراق و گەلی ئەمریکا ببینەوە بۆ مەسەلەی ئەو شەرەی لە بیاباندا رووئەدات.

پاشان وتم: (حەز ئەکەم مشومری ئەمرۆ بە چەند وتەیەك دەست پیبکەم کە لە دەقی وتەیەکی سەرکردەی ئەسیوبیاوە وەرم گرتووە پیموایە تا رادەیەکی زۆر رەوتی وتویژەکەمان ئاشکرا ئەکات). دەقی وتەکەش ئەمەیە: (تا ئیستا هیچ گەلیك نەبۆتە قوربانی زولم و ستەمیکی لەمجۆرە، هەروەها بەم وینەیە حکومەتیك نەبووە قەتلوعامیکی بە بەرنامەی دەولەتیك بکات بە درندەترین شیوە و هەموو پرانسیپە پیرۆزەکان بخاتە ژیر پیوە).

بە بروای من دەبوو ئەم وتانە لە لایەن میری کویتەوە بوترایە، بەلام لە لایەن ئەوەوە نەوترا، ئەم چەند وتەیە لە سالی ١٩٩٠دا نەوتراوە، بەلکو لە

سالی ١٩٣٦دا له لایەن هیلاسیلاسی سەرکردەی ئەسیوبیا وە راگەیەندرا، ئـەو پیـاوەی ولاَتەکـەی بینـی رووبـەرووی داگیرکردن و پـەلاماردانی ئیتالیـەکان ئەبیتـەوە، وەك ئـەو مامەلـە درندانەیـەی لەگـەلْ کوەیـت کـرا لـە ٢ی ئـابدا. ئەوەی جیگای داخە ئەم بانگەوازەی ئاراستەی (کۆمەلـەی نەتـەوەکان) کـرا، بەر گوێیەکی کەر کەوت و هەولی نەتەوەکان شکسـتی هینـا لـە وەسـتاندنی پەلامارەکە، دوای ئەوەش شەرو ئاژاوە دنیای گرتەوە.

ئیسـتا میـژوو هـەلیکی تـری داوینـەنێ، پـاش ئـەوەی لـە جـەنگی سـارد رزگارمان بوو. ئیستا هەلیکمان لە بەردەمدایە بۆ بونیات نانی ئەو جیهانەی کـە دامەزرینـەرانی ئـەم ریکخـراوە. (دامـەزراندنی نەتـەوە یـەکگرتووەکان) داوایان دەکرد. هەلیکمان لـە بەردەمدایـە بـۆ ئـەوەی نەتـەوە یکگرتوەکـان و ئەنجومــەنی ئاسـایش بکەینــە دوو ئـامرازی راسـتەقینە بـۆ ئیــوە و بــۆ دادپەروەری لە تـەواوی جیهاندا. نـابیت بـهیلین نەتـەوە یـەکگرتووکان بـەو چارەنوسـە بگـات کـە (کۆمەلــەی نەتــەوەکان- عصبـە الامــم)ی پیگەیشـت، بێگومان ئەبیت بۆچوونی هاوبەشمان بـۆ جیـهانیك هـەبیت کـە پربیـت لـە دادپەروەری و یەکسانی لە ماوەی دوای جەنگی ساردا.

بەلاَم گەر بمانـەوێ ئـەوە ئـەنجام بدەیـن، بێگومـان ئـەبیت رووبـەرووی ئەو هەرەشەیە ببینەوە کە ئاشتی لـە جیـهاندا بـە هـۆی دوژمنکاری سـەدام حسینەوە رووبـەرووی بۆتــەوە. بۆیــە ئــەو مشـتومرەی خەریکـە دەسـتی پیدەکـەین، پیموایـە گرنگـترین ئـەو وتویژیانەیـە لـە میــژووی نەتــەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجام دراوەو بەیەکجاری و تا رادەیـەکی زۆر دوارۆژی ئـەم ریکخـراوە دیـاری دەکـات. بێگومـان ئـەبیت ئـەمرۆ ئامانجـان ئـەوە بیـت

قەناعەت بە سەدام حسین بکەین، بەوەی ناکرێ خۆی لە داواکارییە مرۆییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەلی دەولی گیل بکات.

ئەگەر عیراق رەوتی رووداوەکان بە ئاراستەی ئاشتیدا نەبات، ئەوا پێویستە چەند ریوشوینیکی تر بگرینە بەر، بەکارهینانی هیزیش یەکیکە لەو ریگایانە. بێگومان ئەبێ ئەم ریگایە زۆر بە روونی و ئاشکرایی بخریتە پیش چاوی سەدام حسین.

بەپێی ئەو بریارانەی پیشتر سەبارەت بەم مەسەلەیە دراون، داوا ئەکەم نوینەری هەمیشەیی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ جیگری سەرەك وەزیرانی کوەیت و وەزیری دەرەوەش جیگەیەکیان هەبیت لە ئەنجومەندا). سەرەتا کوەیتیەکان دەستیان بە قسەکردو دوای ئەوانیش نوینەری عیراق، هەردوو لایان بە هەمان ئەو زمانە وشکە قسەیان کرد دژی (مەرامەکانی ئیمپریالیەتی ئەمریکی). ئیمە بیزار ببوین لە بیستنی ئەم شتانە. لە کاتژمیر چوار و دە دەقیقەدا یاداشتیك ئاراستەی سکرتیری گشتی کرا و تیایدا هاتبوو:

(باشترین ریگا چارە بۆ بەریگریکردن، ئیدانەکردن و رەخنەکردنی ولاتە یەکگرتوەکانە بە توندی).

بۆ ئەوەی بە ویژدانەوە کاربکەین، ئەوانەی دژی پرۆژەی بریارەکە بون دەبوو مافی ئەوەیان هەبی گوێ لە بیروڕایان بگیرێ. یەمەن سکالای لە دوو فاقی پیودانگەکان کرد سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین و رایگەیاند کە ئیمە واتە ئەمریکا بەرەو ئەوە دەرۆین دەنگ بۆ بریاری شەر بدەین، لانی کەم ئەو لەم بارەیەوە راستی دەکرد.

یاداشتیکی بە پەلەم نارد بۆ بوب کیمیت، تیایدا نوسیبووم: (نوینەری هەمیشەیی یەمەن لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی ئەو چەپلەیەوە کە بۆ وتارەکەیان لێدا، لە نیوان دوو سەد تا سەدو پەنجا ملیۆن دۆلاری بە دەست کەوت).

کیلی پیویستی بەوە هەبوو قسە لەگەڵ کومیتییەکان بکات و منیش ئەمویست وتویژ لەگەڵ کیلی و ریجی بکەم لەسەر بەرنامەی یارمەتیەکانمان بۆ یەمەن. بەرنامەی یارمەتییەکانمان بۆ یەمەن ساڵانە بری ٧٠ ملیۆن دۆلار بوو، بەلام چەند ولاتی:ی تریش لە هاوپەیمانییەکە یارمەتیان پیشکەش دەکرد. وەك چاوەروان دەکرا کوباش چوە پال عیراق. لە ناوەراستی قسەکانی وەزیری دەرەوە (مالیزیا)دا یاداشتیکم نارد بۆ برنی ئەرۆنسۆنی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە کاروباری کوباش لە چوارچیوەی بەرپرسیاریەکانیدایە. لە یاداشتەکەدا نووسیبووم: (دوای گوێ گرتن لە نیوەی یەکەمی وتەکەی وەزیری دەرەوەی کوبا قەناعەتی تەواوم هەیە کە ئەو ولاتە لە هەموو حالەتەکاندا بە نەخیر دەنگ دەدات.

چیان چینینی وەزیری دەرەوەی چین دواهەمین کەس بوو لەو شەش کەسەی پیش دەنگ دانەکە وتویژیان کرد. سەرەرای پەیوەندی نیوانمان، بەلام هەولەکانمان شکستی هینا بۆ پەشیمان کردنەوەی لە دەنگ نەدان. چیان وتی: (گرتنە بەری ریوشوینی بە پەلە پیچەوانەی ئەو بروایەی چینە کە داوای چارەسەرکردنی کیشە دەولەتیەکان دەکات بە ریگایەکی ئاشتیانە).

جاریکی تر یاداشتیکم لای خۆم تۆمارکرد کە (چین حەز ناکات پەنا بۆ ریگای سەربازی ببریت، مەگەر لە حالەتی ناچاریدا نەبیت، وەك ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٨٩دا لە گۆرەپانی تیانامین رویدا).

لە کاتژمێر  پێنج و بیست و شەش دەقیقەدا داوام کرد ئەوەی دەنگ دەدات دەست هەلبریت، دەنگدانەکە بە ریژەیەکی ئیجگار زۆر بوو.

سەرەنجام بە دوانزە دەنگی پشتگیری و بەرهەلستی کردنی کوبا و یەمەن و دەنگ نەدانی چین کۆتایی هات، بریاری ژمارە ٦٧٨ رون و ئاشکرا بوو، ئەوە بوو ئەنجومەنی  ئاسایش بریاریدا دوا فرسەت بداتە عیراق بە مەرجیك لە بەرامبەردا عیراق  نیازپاکی خۆی نیشان بدات بۆ کشانەوەی هیزەکانی لە کوەیت بەبێ مەرج لە ماوەیەکدا کە ١٥ی کانونی یەکەمی سالی ١٩٩١ دواهەمین رۆژیەتی.

ئەگەر سەدام لەو ماوەیەدا لە کوەیت نەکشیتەوە، ئەوا ئەنجومەنی ئاسایش ریگە بە ولاتانی ئەندام ئەدات کە (هەموو ریگەچارە پیویستیەکان) بەکاربهینن و ناوچەکە  بگیرینەوە دۆخی جارانی. لەو کاتەوەی لە سالی ١٩٥٠ کیشەی کۆریا دروست بووە، نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شیوەیە گەورەیە بریاری هەلایسانی جەنگی نەداوە.

بەپیّی ئەو تەقالیدانەی ئیشی پیکراوە سەرۆکی ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە دوا وتە پیشکەش بکات، لە وتەکەمدا وتم: (بەریزان ئەندامانی ئەنجومەن، ئیمە لە بارودۆخیکی میژوویی گرنگدا کۆدەبینەوە. لە تواناماندایە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بقۆزینەوە بۆ تیپەراندنی ئەو شیوازەی کە کیشەکان لە ریگای هیزەوە چارەسەر دەکات، چونکە گەر وا نەبیت جاریکی تر ئەو ململانیّ ناوچەییە درندانەیە دەبینینەوە کە هیز تاکە ریگەیە بتوانیّ راستی بگیریتەوە جیگای خۆی. لە تواناماندایە ریگای ئاشتی و حوکمی یاسا بچەسپینین، گەرنا شیوازی درندانەی سەدام بالادەست دەبیت و شەریعەتی جەنگەل سەروەر دەبیت. روونتر دەتوانم بلیم کە ئەمە

هەلبژاردنیکە لە نیوان راستی و گومراییدا، پیم وایە هیندەمان هیز و ئازایەتی هەیە تا بتوانین راستی هەلبژیرین).

بەم دەنگ دانە بە فیعلی هەموو ئەو رەگەزە سیاسی و سەربازیانەی پیلانەکەمان تەواو بوو کە بۆ ناچار کردنی عیراق گرتبومانە بەر تا لە کوەیت بچیتە دەرەوە، ئەمەش راستگۆیی یەك ئەداتە هەرەشەکردنمان بە بەکارهینانی هیز. ئیستا هاوپەیمانیەکە بریاریکی لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە وەرگرتووەو ریگەی پیئەدا لە کاتی ناچاریدا هیز بەکاربهینی.

★ ★ ★

# III

# گەیشتنە ریکەوتنیک لەنیشتمان

زۆر پێویستە هاوکاری یەك بکەین، ئێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی قورس وگران دەبینەوە، پێویستمان بەوەیە بەتوندی سەدام لەوە ئاگادار بکەینەوە کەنابێت یەك ڕیزی ناو ئەمریکییەکان تێك بدات.

جیمس بیکەر

لەم وڵاتەدا ڕای گشتی هەموو شتێکە.

ئبراهام لینکۆلن، ١٨٥٩

بەرواری (٧)ی مانگی تشرینی دوەمی سالی ١٩٩٠ کەچوارەم رۆژ بوو لەو گەشتەی یانزە ولاتی دەگرتەوە بۆ کۆکردنەوەی پتشگیری هاوپەیمانەکان بەمەبەستی داکۆکی کردن لەبریاری (سەرجەم ریگا پیویستەکان)، دوای کاتژمیر(٥)ی پاش نیوەرۆ گەیشتمە مۆسکۆو پاش سەعاتیك لەمیوانخانەی میجدونارو دیانا دابەزیم، لەم کاتەدا ئەو هەلەم قۆستەوە کەئیوارە پەیوەندیدار نیم بەهیچ کەسەوە، بۆئەوەی لەژورەکەی خۆمدا ژەمی ئیوارە بخۆمو پاشان مەساجیك بکەم. پاش کەمیكو بەرلەوەی بچمە ناو جیگەی نوستنەوە سەردانی ژوورەکەی بوب کیمیتم کرد کەژمارەیەکی زۆر لەکارمەندانی پەیوەندیدار بەو ئیشو کارەوە کۆبووبوونەوە، بۆتاوتوێکردنی ئەو تیبینییانەی چواردە سەعات لەوەوبەر لە ئەنقەرە دەستی پێکردبوو. کیمیت بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ واشنتۆن دەکردو منیش هەروەك زۆربەی هاوەلەکانم تراکسودیکم لەبەردا بوو لەگەڵ جووتێ پیلاوی سوکەلە، ئیمە بەزۆری ئەم پۆشاکانەمان بەکاردەهینا پاش کۆتایی هاتن لەئیشوکارەکان، جائیتر بۆ سەر ریگا بیت یان بۆ گەشتە دریژخایەنەکان بیت.

هەرلەهەمان رۆژدا لەکاتی چونمان بۆ مۆسکۆ بۆئەنجامدانی کۆبونەوەیەك لەگەڵ گۆرباتشۆفو شیڤەرنادزە لەریگەی ریتشارد هاسەوە کەنوینەری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوو، لەگەشتەکە لەگەلمدا بوو زانیم سبەینێ کۆشکی سپی بەنیازە ئیعلانی بلاوبونەوەی هیزیکی گەورەی تازەتری ئەمریکایی بکات لە کەنداودا. ئەم بریارەی سەرۆك لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا بوو- واتە شەش رۆژ پیش هەلبژاردنی تازەکردنەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی هەلی ئەوەمان لەبەردەمدا بێت تا راویژ لەگەڵ ئەوانــەدا بکـەین کەهاوبەشـی هاوپەیمانیتیەکـەمانن، دیسـان بـۆ خۆدوورخسـتنەوە لـەوەی نـەوەك ئەمـە ببێتــە مەسـەلەیەکی هـەلبژاردنی حـیزبی، بریـاری ئەوەماندا بانگەوازەکە دوابخرێ بۆ کاتێکی تر. دیاری کردنیکاتەکە ترسناك بوو، چونکە نەکۆنگریسو نەهاوپەیمانەکانمان بـەپێی پێویست ئامادەییـان تێدا نەبوو بۆ بیستنی هەواڵەکەو سۆڤیتیش خۆشحاڵ نـابێت بەهەواڵەکـە، دەشـزانم شـیڤەرنادزە کـەدژی چارەسـەری سـەربازییە تـورە دەبێـت ئەگـەر جارێکی تر هەست بکـات پـاش رووداوەکـان ئاگادار ئەکرێتـەوە. واباش بـوو چەند رۆژێکی تر چاوەروان بکرایە بۆ دڵنیابون لەئاگادارکردنـەوەی هـەموو لایەنـەکان. لەبەرئـەوەی راوێـژم پێنـەکرابوو لـە سـەربریاری بڵاوبونــەوەی هێزەکان، کتوپر هەموو رقوتورەیی خۆم ئاراستەی هاس کرد کەگەورەترین قوربانییـە لـەم رووەوە. پاشـان پرسـیم: (ئایـا بونـی پیـاوێك لەئەنجومــەنی ئاسایشی نەتەوەیی سوودی چیـە تـا لـەم گەشـتە لەگـەلمدا بێت؟). پاشـان فرمــانم دا بــە هــاس کەلــەبری مــن، سـکالانامەیەکی راســتەوخۆ بداتــە سکوکروفت. لەهەمان کاتدا نارەزاییەکانی خۆم بۆ سکوکروفت بە بروسـکە نــــاردو تیــــایدا بەشــــیوەیەکی رەمــــزی ســــودەکانی دواخســــتنی بریارەکەم رون کردەوە.

لەراسـتیدا ئـەو بانگـەوازەی کەئـەکرێ وڵاتێـك بخاتـە سـەر رێگـەی بیرکردنـەوەی جدیانـە لەشـەر، پێویستە لـەرۆژگاری جـەنگاوەرە کۆنـەکاندا ئـەو بانگـەوازە نــەکرێ. کیمیـت تەلەفۆنەکـەی دانایــەوەو بەشــیوەیەکی نارەسمی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کـەرۆژی پێشوتر لەفرۆکەکـەدا، ئـەم هەواڵـەمان زانیـوە، چونکـە سـەرۆك بـۆ رۆژی دواتـر لەواشـنتۆن بریـاری

پتــەوکردنی هیزەکـانی رادەگەیــەنیت. لەئــەنجامدا ئــەو داواکارییــەم رەت کرایەوە کەداوای دواخستنی بانگەوازەکەی دەکـرد هـەتا کۆتـایی هـاتنی ئـەو گفتوگۆیانــەی کــە پیویســتە لەگــەڵ کۆنگریــس‌و هاوپەیمانــەکان بکریــت. بــەهۆی ئــەو حەساســیەتە زۆرەی ســەبارەت بــەم بریــارە هــەبوو ئــەوا بەشـیوەیەکی تایبـەتی خرایــە چوارچیوەیــەکی زۆر نهینیـیــەوە. دەرەنجـام کۆشکی سپی وای لیهات لەوە دەترسا کەچەند هەوالیك هەیە گومانی ئەوەی لیدەکریــت لەپنتاگۆنـــەوە دەربچیــت، بۆیــە بریــاردرا کــەکاتی ئەســـلی بانگەوازەکە کورت بکریتەوە.

وام دانـابوو کۆشـکی سـپی لانـی کـەم هەلدەسـتێ بەریکخسـتنی چـەند چاوپیکــەوتنیکی خــیرا لەگــەڵ گــەورە ئــەندامانی کۆنگریــــس پیــــش بلاوکردنەوەی بریارەکە، بەلام من لەم بۆچونەمدا بەهەلـەدا چووبـوم هـەر وەك گفتوگـۆ تەلەفۆنیەکـەی کیمیـت رونـــی کردبـــۆوە. کتوپـــر هەســـتم بەبیزاری کرد، بەلام جانیت مۆلینز کەبەرپرسیکی گـەورەی پـەیوەندیدار بـوو لەگەڵ کۆنگریسدا زۆر بـەتوندی راچلـەکی کاتـێ ئـەوەی زانـی کەئـەم بریــارە زۆر گرنگــە پیــش ئــەوەی لەگــەڵ کۆنگریــس تــاوتوێ بکـــرێ بلاودەکریتەوە. پاشان وتی لەو بروایەدا نیـم ئەمـە رووبـدات بـەبێ ئـەوەی لـەهیچ شـتیك ئاگـادار بکرینـەوە. چونکە ئـەوان هیــچ زانیاریــەکیان نـیــە لەسەرئەوەی کە ئیمە ئامادەین بۆشەر. رەنگە ئـەوان سەرشـیت بـبن‌و تـۆش تووشی نەهامەتی زۆر ببیت لەکاتی گەرانەوەتدا).

مۆلینز بەردەوام چۆنیتی وەلامدانەوەی کۆنگریسی بـۆ هـەر رووداویکـی دیاری کراو بـەتوندی هەلدەسـەنگاند. چونکـە ئـەو فشارە دیپلۆمـاتی‌و ئـەو سزا ئابوورییانە دوورترین شتن کەکۆنگریس بتوانـێ بـروای پیبکـات. بـەلام

ئیلتیزامیکی تازەی گشتگیر بەهێزی سەربازی ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە. لەو بڕوایەدام کۆکردنەوەی پشتگیری لەکۆنگریسدا کاریکی ئەوەندە قورسە کە هاوشانی بڕیاری چاکسازی باجکاری گشتی دەبێت لەماوەی دووەمی سەرۆکایەتی ریگندا. پەیوەندیم بەسەرۆکەوە کردو داوام لێکرد کەپەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرانی کۆنگریسدا بکات بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەو هەولانەی کەبەدلنیاییەوە نابیتە هۆی دلخۆشیان. پیشنیاریشم کرد هەموو سەرانی کۆنگریس لەکاتی گەرانەوەیاندا بۆ واشنتۆن هەفتەی داهاتوو زۆر بەپەلە لەگەڵ سەرۆکدا کۆببنەوە.

لەراستیدا مۆلینز بەشێوەیەك کارەکەی خستە روو کەبریك لەقورساییەکەی کەم بکاتەوە، چونکە هەتا ئەگەر لەوەو بەریش ئاگادار بکرانایەوە ئەوا زۆربەی ئەندامەکانیان دژایەتی بریارەکەیان دەکرد. بەلام ئەوان کتوپری رووداوەکە توورەی کردن. دوای هەولیکی چرو پر ئەم مەسەلەیە دوو مانگی خایاند، ئەویش بۆ کەم کردنەوەی زیانەکانو دەرکردنی بریاریك بوو (لەئەنجومەنی ئاسایش)ەوە. دوا هەولی دیپلۆماتی لەسەرۆکەوەبوو کە رینمایی گفتوگۆیەکی راستەوخۆی نیوان منو وەزیری دەرەوەی عیراقی تیدا بوو بەمەبەستی قەناعەت پیکردنی ئەندامانی کۆنگریس بۆ پشتگیریکردنی ریگا چارەی بەشداریکردنی سەربازیی ئەمریکایی.

دواجار کیشەی کەنداو بەشیوەیەکی بێ ئەندازە گەشەی کردو ئەو ململانێ دریژخایەنو دووبارە بووەوەی ڤیتنام لانی کەم کاریگەریی کاتی هەبوو لەسەر رووداوەکان، لەبەرئەوەی پرۆسەی (گەردەلولی بیابان)سەرکەوتنیکی بێوینەی بەدەست هیناوە ئیتر گەلی ئەمریکاییو

نوینەرە هەلبژیراوەکانیان ئامادەیی زیاتریان تیدایە بۆ رازی بوون لەسەر بەکارهینانی هیزی سەربازی لەکاتی دەرکەوتنی بارودۆخیکدا کەبەئاشکرا بەرژەوەندی نیشتمانی بخاتە مەترسیی‌یەوە.

بەلام لەسەرەتای کیشەکەوە لەتوانای کەسماندا نەبوو هەست بەوە بکات کە سەرکەوتوو دەبین لەو کارەدا. بەپیچەوانەوە ئەو بریارە نهینییەی سەرۆك دەریکرد بۆ بەکارهینانی هیزی سەربازی ئەمریکایی لەکاتی ناچاریدا بۆدەرکردنی سەدام حسین لەکوەیت لەلایەن هیچ کام لەکۆنگریس‌و رای گشتی‌یەوە پشتگیری لی نەکرا.

دەمزانی ئیمە هەلەیەکی گەورە دەکەین بەهەلایسانی جەنگ، بەبێ زامن کردنی پشتگیری لەکۆنگریسەوە. بۆشتان ساغ دەبیتەوە کەئەم مەسەلەیە گرنگی کەمتر نی‌یە لەکۆکردنەوەی پشتگیری نیو نەتەوەیی دژی سەددام.

پیش ئەوەی عیراق کوەیت داگیر بکات ئیمە سیاسەتی توندی خۆمان بەرامبەر رژیمی بەغدا دەست پیکردبوو. ئەوەبوو ئەو سیاسەتەی لەئاستی پەیوەندی بونیادنەرانەدا بوو وردە وردە دەگۆرا بۆ سیاسەتیکی واقیعی ترو رەخنەگرانەتر لەسەدام.

بەمجۆرە لەماوەی شەوو رۆژیکدا لەکەسیکەوە کەهەولی ئەوەبدا هاریکاری لەگەڵ سەدامدا بکات، گۆراین بۆ کەسیك کەبە هیتلەری بچووینین، ئەم جیاوازییە ئاشکرایە کاریکی وایکرد بەگران بتوانین وشیاری گەلی ئەمریکایی بوروژینین بەرامبەر ئەو هەرەشەیەی کە سەدام دەیکرد.

گەر لەبۆچونیکی سایکۆلۆژیشەوە لەم مەسەلەیە بروانین ئەوا رووبەرووی ریگریك دەبینەوە کەسەرنجی رای گشتی بۆ هەرەشەیەکی تەواو تازە راکیشا لە ئەمریکاییەکان.

چونکە بەدریژایی یەك نـەوە ئەمریکاییـەکان یەکیتـی سۆڤیتیان وەك تاکە دوژمنیك دەبینی. بـەلام لەگـەڵ سـالی ١٩٩٠دا ئـەو وینەیـەی لەمیشکی زۆربـەی خـەلکیدا بـوو کەگوایــە مۆسـکۆ هەرەشـەی راسـتەقینەیە کەوتــە پاشەکشیکردن. لەئـەنجامی ئـەم گۆرانکارییــەدا بــە شـیوەیەکی چـاوەروان نـەکراو عـیراقو سـەدام حسـینیك دەردەکـەویت کەسـەرکردایەتی چـوارەم گەورەترین سوپا دەکات لەجیهاندا و کەخاوەنی عەمباریکی گـەورەی چەکی کیمیـاوییو بایۆلۆژییــە، زۆر بـــەوردی ســـەرقالی گەشـــەپیدانی توانـــا ئەتۆمیەکانیتی. لەگەڵ ئەوەشدا سەدام حسـین سـەرکردەیەکی ناسـراو نـەبو لەلای زۆرینەی ئەمریکاییەکان. لەبەرئەوە زۆر بەگران مەسـەلەی ترسـناکی سەدام دەخرایە روو.

کیشەکەش گەورەتر بوو کاتی ئەو راستییە دەرکەوت کەبریکی زۆر کەم لە خەلکی ئیمە ئاگاداریـان دەربـارەی کوەیت هەیـە، ئەمـە ئەگـەر ئـەو بـرە کەمە شوینی جوگرافی کوەیت هەر بزانن. هەتا هەموو ئەوانەی دەزانن کـە کوەیت ولاتیکی بچوکەو کۆمەلی دەرەبەگی مولکدار حوکمی دەکەن کە هیــچ ئاگادارییەكو ئاشنایەتیەکان لەگەڵ کولتوری دیموکراتیانەی رۆژئاوا نـییەو، بەدریژایی دەیان ساڵ واتە لەو کاتەوەی بەریتانیا کوەیتی لەعیراق دابریوەو جیــای کردۆتـــەوە بنەمالـــەی ســـەباحی فـــەرمان رەوا، ریگـــەی بـــەهیچ هەلبژاردنیك نەداوە، تەنانەت ئەگەر بۆ یەك جاریش بووبیت.
بەهــەمان شــیوە گــوی پینــەدانی کۆنگریــس بــەم مەســەلەیە رەنــگ دانەوەی خەمساردی رای گشتی ئەمریکایی بوو.

★ ★ ★

هەولیکی زۆرمان دا، نەك تەنـها بـۆ تـاوتویکردنی ئـەو زیانـە ئابوورییـە جەوهەریانەی داگیرکـاری عـیراق دەبیتـە هـۆی روودانـی، بـەلکو هـەولمان دا ئـەو هەرەشانەش بخەینـەروو کەئـەم دوژمنکارییـە دەیکاتـە سـەر ئاشـتیو ئاسایشی نیـو نەتـەوەیی بـەهۆی چەکە کۆمـەڵ کوژو ویرانکارییەکانیـەوە. هاوکات لـەناوخۆداو لـەرووی سیاسـیەوە بـاجی ئـەو بانگەوازانـەمان دا کـە دژبەیەك بوون. ئەو پشتگیرییەش کەبۆ گەردەلولی بیابان هـەبوو وردە وردە پاشەکشـێی دەکـرد. پاشـان هـەموو ئەوانـەی مانیـان گرتبـوو بەچـەند دروشمیکـی وەك (نـا بـۆ خویـن رشـتن لەبەرامبـەر نـەوت)دا گـەمارۆی سەرۆکیاندا.

هەلویستی کۆنگریس بەشیوەیەکی زۆر نائـارامی پیوەدیـاربوو سـەبارەت بەلەشکرکیشی سەربازی بەردەوام، منیش بۆ شـیوازیك دەگـەرام تـا نـاوخۆی پێئاگـادار بکەمـەوە لـە گـەورەیی ئـەو هەرەشـانەی هـاوولاتی ئـەمریکا رووبەرووی دەبیتەوە، پاشان زامن کردنی پشتگیری بۆ سیاسـەتیك کەرەنگە بەشەر کۆتایی بیت لەبیابانی کوەیتدا. دواجار لەهـەمووی خراپـتر روویـداو لەگەرمەی هەولەکانمدا بۆ پیدانی بریـك لەیـەکانگیریو تـەبایی بەنامەکـەی سـەرۆك، ناچار زیادرەویم کـردو لەوەلامدانـەوەی ئـەو سـکالایانە کـەپییان وابـوو تەنـها هۆیـەك لەپشت ئامـادەبوونی ئیمـەوەبێ لەکـەنداودا نەوتـە. ئەوەبوو بریـاریکی سیاسـی ئـالۆزم دا کەلەبنچینـەدا هەلویسـتیکی مـەبدەئی بـوو دژی دوژمنکارییـەك کـەبێ هیـچ وروژاندنیـك رویـداوە. هەولیشـم دا بەجۆریك بیناسینم یان بیخەمە روو کە مەسەلەکە تەنها حسابیکی ئـابوری رووتە کە ئەویش ئیشوکـارەو تائیسـتاش لـەو بروایـەدام کەئـەوکات راسـتم دەکرد.. بەلام بەرنامەیەك بوو هیچ بەروبومیکی نەبوو، چونکە رەگـەزیکی

جەبری ئابووری لەسیاسەتدا هەیە کە ئەم رەگەزە بەس تەنها پەیوەندی بە نەوتەوە نی‌یە. ئەگەر من چەمکی (خۆشگوزەرانی ئابووریم) لەبری (ئیش‌و کار) بەکار بهینایە، رەنگە بەشیوەیەکی باشتر پەسەند بکرایە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی کۆنگرە رۆژنامەنووسی‌یەکەدا بروسکەیەکم پیگەیشت کەبوە هۆی پشیوی. ئەوەبوو ریچارد لۆگاری سیناتۆر لەئەندیانا کە یەکیکە لەو کۆماریخوازانەی خاوەنی دەنگیکی رەخنەگرانەیە لەلیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، داوای لەسەرۆك کردبوو بەئاشکرا کۆنگریس بانگ بکریت بۆ کۆبونەوە لەپشوی هاوینەیدا تا هەستێ بەسازدانی کۆبونەوەیەکی تایبەت بەدەرکردنی بریاریك بۆ ئەوەی ریگە بەبەکارهینانی هیزی سەربازی دژی سەدام بدات. لۆگار ماوەیەکی کەم بوو ئەو بیرۆکەیەی رەواج پیدەدا. لەکاتی جیهیشتنی کۆشکی سپی‌دا بەو باوەرە هەلەیەوە چوبوە دەرەوە کەگوایە ئەم قسانەی بۆ پشتگیرکردنی سەرۆك کردوە. ئەوەی راستی بیت هەولیکی نیاز پاکانەبوو لەلایەن لۆگارەوە. هەموو ئەوانەی هەلیان بژاردبوو رایان گەیاندبوو لەو مەسەلەیە تیناگەن کە بۆتە هۆی ناردنی هیزی سەربازی زیاتر. لۆگار لەو بروایەدابوو دەرکردنی بریاری پشتگیری لەلایەن کۆنگریسەوە دەبیتە هۆی ئاراستەکردنی بەیاننامەیەکی بەهیزو ئاشکرا بۆ پشتگیری کردنی سیاسەتەکەی و شیوەیەکی حیزبیانە وەرناگریت. لەم کاتەدا بۆب دۆڵی سیناتۆر چوە پاڵ لۆگار لەم پیشنیارەیدا.

لەرووکەشدا ئەمە پیشنیازیکی چاك بوو بۆ نائومیدکردنی دیموکراتخوازەکان، بەلام پیشنیارەکەی لۆگار پیشبینی ماڵ ویرانیەکی گەورەی لیدەکرا. لەوکاتەدا ئیمە دەنگی تەواومان نەبوو، چونکە ئەو ئەندامانەی لەهەردوولادا ئەم رووداوە کاری تێکردبوون هەستیان بەتورەیی

دەکرد لەبەر راویژ پێنەکردنیان سەبارەت بەناردنی هێزی سەربازی زیاتر. بەواقیعیش ئەمان دەتوانی هێز بەکاربهێنین بەهۆی بونی نارەزایی لەکۆنگریسدا بەشێوەیەکی ئاشکرا. لەم کاتەدا هەموو هاوپەیمانە نیونەتەوەییەکانیشمان سەریان سور دەمینێ لەبەردەمی سووربونی ئەمریکا، ئیتر توانای سەرۆك بۆ بەریوەبردنی سیاسەتی دەرەوە دەکەویتە خانەی گومانەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی سزا ئابوورییەکان هەمووی شەست رۆژیکە جیبەجیکراوە، تائیستاش زۆرینەی ئەندامانی کۆنگریس لەو باوەرەدان کەسزاکان عیراق ناچاردەکات لەکوەیت بکشیتەوە ئەگەر کاتی تەواوی بدریتێ.

یەکیك لەو موفارەقە سەیرانەی بریکی زۆر کیشەکەی سوك کردین، هاوکاریکردنی سەرۆکی زۆرینەی دیموکراتیخوازەکان بوو لە ئەنجومەنی پیراندا کەئەویش جۆرج میچیل بوو، پاش گەرانەوەم لە بیرمۆدا چەند گفتوگۆیەکم لەگەڵ میتشیل سازکرد. لەکۆتایدا ریکەوتین کەبریاری کۆنگریس گرنگە، بەلاّم پاش دەرکردنی بریاریکی هاوشیوە لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە. پاشان میچیل پیّی راگەیاندم کە دەنگدان لەویدا لەپیناو پشتگیریکردنی بریاریکی پاكو بیّگەردانییە، بەلاّم بریاریکی بویرانە لە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەبیتە بیانویەکی بەهیز بۆ قەناعەت پیکردنی ئەندامە دوو دلەکان، لەکۆتاییدا میچییل بەئاشکرا رایگەیاند کەناخوازێ کۆبونەوەیەکی تایبەت لەسەر پیشنیازەکەی لۆگار سازبکریت.

پاش گەرانەوەم لە بەرمۆدا بەیەك رۆژ وەك دیتەوە بیرم لەیەکیك لەوکۆبونەوە پر لەئاژاوانەدا بەشداریم کرد کە نیوان هەردوو حیزب لە کۆنگریسدا روویدا. ئەوەبوو سەرۆك سووربوو لەسەر داکۆکیکردن لە

بڕیاری ناردنی هێز بەوپێیەی گرنگترین ڕێگا چارەسەری خۆپاراستنەو جەختیشی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەباشترین ئومید بۆ خۆپاراستن لەشەر قەناعەت پێکردنی سەدامە بەوەی کەئیمە قەرەی ناکەوین.

پاشان وتم: (ئەمە تەنها ئیحتیمالە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە، چونکە ڕۆژنامەکانی سەدام هاواری ئەوە ئەکەن کەگوایە ئیمە توانای هیچ هەنگاوێکمان نییە). بەرپرسیارییەکی هاوبەشمان لەسەر بوو بەوەی کە هیچ ئاماژەیەکی دژبەیەك ئاراستە یەکتری نەکەین. دوو دلی بەسیمای ئەندامەکانەوە دیاربوو، لەراستیدا کاتێ گوێ بیستی سەرزەنشت کردنی سیاسەتەکەمان بووم لەلایەن ئەوانەوە، جگە لەگالتەجاری هیچ ڕێگایەکی ترم لە بەردەمدا نەبوو، تازەکیش لەگەشتێك گەرابوومەوە کەهاوپەیمانەکان خۆیان تیائامادەکردبوو بۆ پێشبینیکردنی هەلایسانی جەنگ. لەکاتێکدا ئەو کۆنگریسەی ڕەزامەندی ئەو لەهەمووان زیاتر گرنگتر بوو، هێشتا نەهاتبوە سەرباز. لەهەموو ئەو جیاوازییانەی لە نیوان دەسەلاتی یاسادانانو دەسەلاتی جێبەجێکردندا هەبوو دەربارەی مافی هەلایسانی جەنگ، بەردەوام کۆنگریس پشتی سەرۆکی دەگرت لەم جۆرە مەسەلانەدا.

ئەم مەسەلەیە پێویستی بەبریکی زۆر ڕاویژو یارمەتی هەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا تەواو بێگومان بووم ئەگەر سەرۆك داوای بریار لەکۆنگریس بکات ئەوا لەکۆتاییدا داواکارییەکەی ڕەت ناکریتەوە. جێگری سەرۆکیش ئەم بیروڕایەی بەدڵ بوو، بەلام سکۆکرۆفت بەبێلایەنی مایەوە. چونکە ئەو وای دەبینی ئەم بریارە سوودمەندە بەلام ئیلزامی نییە. چینی دژی ئەم بیرۆکەیە بوو، چونکە پێی وابوو زیانەکانی لەدەست دانی

دەنگدان تەواو مەترسیدارەو کردنی ئەو سەرکیشی‌یە دروست نی‌یە. پاشان جون سنونو کەسەرۆکی هەیئەی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی‌بوو داوای ئەوەی کرد پیویستە کۆنگریس پشت گوێ بخرێو دەبیت سەرۆك ئەوەبکات کەخۆی دەیەویت. گەر بروامان بەوە بهینایە کە ئیدی بوار نەماوە بۆ بریاری پشتگیری‌کردن، ئەوا سەرۆك بەردەوام ئامادەیی تیدادەبوو بۆ لاکردنەوە لەکۆنگریس لەکاتی پیویستداو هەلاّیسانی شەر بەپیّی مادەی ٥١ لەباوەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەریگەدان بە بەکارهینانی هیزی سەربازی. لەیەکێ لە قۆناغەکاندا هەستاین بەلیکۆلینەوەی ئەو مەسەلەیە کە بەفیعلی پەنابەرینە بەر ئەو یاسایەی کەریگەئەدا بەشەر هەلگیرسان لەلایەن سەرۆکەوە بۆ ماوەی نەوەد رۆژ بەبێ رەزامەندی کۆنگریس. چونکە پنتاگۆن جەختی لەسەر ئەوە بۆ ئەکردینەوە کەئەم شەرە لەم بەروارەدا کۆتایی دیت هەتا ئەگەر ئەم هەلسەنگاندنەش هەلەبیت ئەوا هیچ بواریك لەبەردەم کۆنگریسدا نامینیت بۆ دەنگدان لەسەر وەستاندنی شەر، بەمەرجیك دەست بەشەر کرابیت. لەکۆتاییدا گەیشتینە ئەوەی کەئەم فیلە دەبیتە هۆی رەخساندنی پیشینەیەکی دەستوری ترسناك لەپاشە رۆژداو ریگا لە ئیشکردنی سەرۆك دەگریت بە شیوەیەکی ئازاد. لەکۆبونەوەیەکدا کە لەمانگی کانونی یەکەمدا لەگەلّ سەرانی کۆنگریسدا بەسترا، هەموو ئەو گفتوگۆ ناوخۆیی‌یانە کۆتایی هات کاتێ یەکیکیان لە جۆرج بۆشی پرسی ئەو چی‌دەویت؟ ئەویش لەوەلاّمدا وتی: (بەچاکی دەزانم کەواز لە کۆنگریس بهینین تا دەست خۆشی لەو کارە بکات کە بەنیازم بیکەم).

## رووبەرووبوونەوەيەك لەكۆنگريسدا

لـەو بروايــەدابووم هــەر هــەولدانيك بــۆ بەدەســت هينــانى پشــتگيرى لەكۆنگريسەوە جـىَ دلنيـايى نىيـە. ئـەم رايـەش بـەدريژايى دوو رۆژ وەك شـايەتيەك لەبــەردەم نوينــەرە بەگومانــەكاندا جــەختى لەســەر كرايــەوە. ئەوەبوو لەكۆتايى تشرينى دووەمدا داوەت نامەيەكم لە فاسيلەوە پىَگەيشت كەسـەرۆكى ليژنـەى كاروبـارى دەرەوەبـوو، زۆرجـار مـن‌و فاسـيل لـەبيروورادا بــەچاكى گونجــاوبووين. ئەگــەرچى ئــەو يەكيكــە لــەو ديموكــرات خــوازە موحافيزكارانەى دەستيكى بالاَى هەيە لەزۆربەى ئـەو مەسـەلانەى پابـەندى ئاسايشى نەتـەوەيى بـوون‌و دەشمزانـى كەپالپشـتى سـەرۆك دەكـات، بـەلاَم بەئاشكرا پىَ وتم: (بـۆ چونيـك لەكۆنگريسدا هەيـە گوايـە تـۆ خـۆت بـە گەورەتر دەزانى لەكۆنگريس، ئەويش لەبەرئـەوەى شـايادى نـادەيت، لەمـەدا راستى دەكرد، چونكە بـەهيچ جۆريك كۆنگريسم ئاگـادار نـەدەكردەوە لـەو زانياريانەى پەيوەندييان بەو ريكەوتننامە گرنگانــەوە هـەبوو كـە سـەبارەت بەنەخشەى راگەياندنى بـارى نائاسايى لەشـەردا مۆركرابـوو. دەمزانـى هـەر وتەيـەك كـە لەزارمـەوە بيتـە دەرىَ هـەتا ئەگـەر لەدانيشـتنە حكوميـەكاندا بيت بۆ سبەينىَ لەسەر لاپەرەى رۆژنامـەكان دا بلاَودەكريتـەوە، بـەم جـۆرە گەيشـتمە ئـەو بروايـەى كـە ئەگـەر بەشـيوەيەكى كـاتيش بـــووە كۆنگريــس تووره بكەم زۆر واقيعى‌ترە لەوەى سەركيشى بەدزەكردنى هەواليكەوە بكـەم كەرەنگـە سياســەتەكەمان لــەرەوتى خــۆى دەربكــات‌و هەرەشــە لەتــەبايى‌و يــەكانگيرى هاوپەيمانيتى‌يــە نيونەتەوەييەكــەمان بكــات. فاســيل پــىَ

راگەیاندم کەسیاسەتی خۆ گیل کردنی نەرموونیان گەیشتۆتە ئەو حالەتەی کەلە ئابووریدا بە (کەمبوونەوەی بەروبوومی دانەویلە) نـاودەبریت. پاشـان وتـی: مـن تووشـی رەخنـەگرتن ئـەبم لەئەندامەکانـەوەو لـەو بروایـەدام تـۆ پیویسـتیت بـەوە هەیـە لـەوێ دەرکـەویت، (هـەمان شـتم لەهـەندێ لەهاوپەیمانـە دیموکراتیەکانیشـەوە بیسـت). وەك مەسـەلەیەکی زانسـتیش ئـەمزانی کـەناتوانین داوای بریـاری پشـتگیری لـە کۆنگریـس بکـەین پیـش ئەوەی لەسـەر شایەدیدان رازی بم. بریـارم دا لەسـەرەتای کـانونی یەکـەمدا لەبەردەم هەردوو لیژنەی کاروباری دەرەوەی دوو مەجلیسەکەدا ئامـادەببم. بـەپیێ ریکخسـتنیکی پیـش وەخـت ئـەم دوو وادەیـە لـەدواییدا کۆتـای بەدەنگدانەکە دەهینـن لەسـەر بریـاری رێ پیدان بـە بـەکارهینانی هیـز لـە ئەنجومـەنی ئاسایشی نیـو نەتـەوەییداو، بریـاری نەتەوەیـەکگرتووەکانیش دەبیتـە پالپشـتییەکی بـەهیز بـۆ پشـتگیریکردنی سـەرۆك لەکۆنگریسـەوە. ئەمزانی دەرکەوتنم لەبەردەم کۆنگریسدا یەکیك دەبێ لـەو دوافرسـەتانەی لەبەردەممدایە بۆ قەناعەت پیکردنی ئەو کۆنگریسـە دوو دلـەی پـێی وایـە ئـەو سیاسـەتەی بەئاشـکرا دژایـەتی دەکـات خۆئامادەکردنـە بـۆ جـەنگ، لەراستیدا ئەوەتە نها فرسەتە بۆ زامن کردنی چارەسـەریکی ئاشتییانە کـە هـەمووشمان لـەپیناویدا کاردەکـەین. هـەروەها دەشمزانـی کـە رەواج پێدانیشی زۆر قورسە.

لـە (٥)ی کـانونی یەکـەمدا لـەکاتی شـایەدی دانم لەبـەردەم لیژنـەی پەیوەندییـەکانی دەرەوەدا لـە ئەنجومـەنی پـیراندا ئەوبەهانـە ئـەخلاقیو میژووییانـەم خستە روو کـەوای لیکردیـن بـەرەنگاری دوژمنکـاری سـەدام ببینـەوە، جائیتر لەلایـەن سـەرۆکەوە بوبیت یـان لەلایـەن ئیمـەوە بیـت.

هەروەها بەرگریم لەو جموجۆڵە سەربازییەش کرد بەوپێیەی ریوشوینیکی پیش وەختی ژیرانەیەو پیویست بوو بۆ پاریزگاریکردن لەراستگۆیی هەولە دیبلۆماتیەکانمان. چونکە ئەگەر سەدام حسین لەو بروایەدا بیت کە ریگا چارەسەری سەربازی جگە لەخۆ گیف کردنەوە هیچی تر نییە ئەوا هەرگیز لەکویت ناکشیتەوە، بەڵام مەبەستی سەرەکیم هیرش کردنیکی ئاشکرا بوو بۆسەر ئەو بیانوانەی کە زۆربەی ئەندامانی کۆنگریس خۆیان لەپشتیەوە دەشاردەوە. ئەویش ئەو بیرۆکە هەڵەیە بوو کە گوایە سزاکان بەشیوەیەکی حەتمی دەبیتەهۆی چونە دەرەوەی سەدام لە کویت گەر کاتی تەواوی پێبدریت.

* * *

هەینی رابردو سەرۆك پیشنیاری ئەوەی کرد بچم بۆ بەغداو عیراقیش تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوە بنیریت بۆ واشنتۆن، وەك دواهەمین هەوڵ بۆ گەیشتن بەیەکلاکردنەوەیەکی ئاشتیانە. وەك چۆن پیشبینم کردبوو لیژنەکە مامەڵەی دۆستانەی کرد، بەڵام هەر زوو گفتوگۆکە بەئاراستەی بەرەنگاربونەوەداچوو. پاشان بۆم روون بۆوە کەئەندامەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن سوربین لەسەر سزاکان، بەوپێیەی ئاسانترین ریگایە. بەرادەیەك ئەوبیرۆکەیە رەت بکریتەوە کە پێی وایە سزاکان هیچ سوودیکی نییە. ئەوان بێ ئەندازە پابەندی بیروراکانیان بوون. فرانك مۆرکۆفسکی کە کۆماری خوازیکەو لە ئالاسکاوە پرسیاری ئەوەی کرد کەئایا پیویستە کیلگەی مەبروکی کوەیتی بدەین بە سەدام حسین، ئەمە بیرۆکەیەکی ترسناك بوو بۆ پیدانی سزای تاوانیك کە پۆل سیمۆن لەئەلنیۆیو کریستۆڤەر رود لە کونیکتیکیت رازی بوون لەسەری.

لەم کاتەدا توندترین کەس کەبەئاشکرا رەخنەی گرت لە هیرشی سەربازی پۆل ساربانیس بوو لە میریلاند. پاشان بەرگرییەکی توندی لەسزاکان دەکرد. ساربانیس بەدەنگیکی بەرز وتی: (وادیارە ئیوەش ئیمەتان خستە سەر ریگەی شەرکردن). هەروەها وتی: (پتەوکردنی هیزو دیاریکردنی کات لەراستیدا مانای ئەوەیە ئیمە گرنگی نادەین بەمەسەلەی گەیشتن بەچارەسەریکی یەکلایی کەرەوەی ئاشتیانە، چونکە سزاکان پیویستی بە زیاتر لە ٤یان ٦یان ١٠ مانگ دەبیت.

پاشان بەم جۆرە تاوانباریکردین‌و وتی: (تۆکمەکردنی هیز ئەتانگەیەنیتە ریگایەك بۆ شەرکردن کە گەرانەوەی نی‌یە. ئیستاش ناتوانم داوا لە هیچ خیزانیك بکەم کە کوریکی یان کچیکی لەدەست بدات، لەوململانێیەی رەنگە لەم سی رۆژە یان نەوەد رۆژەی داهاتوودا رووبدات. ئەمە دەبیتە هۆی لەباربردنی هەر ئەگەریك کەبۆ چارەسەری ئاشتیانە لە ئارادایە، چونکە ریگاچارەی سزاکان هیشتا تەواو نەبوە.

ئیوە سیاسەتیك پەیرەودەکەن کاریگەری خۆی دەبیت. سزاکان کاریگەرییان دەبیت، ئاشکراشە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر کاریگەییان دەبیت. کەچی لەبری ئەوە وازمان لەسیاسەتەکەی خۆمان هیناوەو پەیرەویکمان گرتۆتەبەر کە لەو بروایەدام بەرەو شەر دەمانبات. ئەمە ئەو کاتەیە کەدوژمنایەتیە دریژخایەنەکان پیویستی بە زرنگی‌و ورەو سووربوون هەیە، ئەم رینمایی یەش پیویستی بەئازایەتی هەیە. چونکە دواهەمین فرسەت بۆ یەکلاییکردنەوەیەکی ئاشتیانە بەردەوام بوونی سیاسەتی سزاکانە بۆ ماوەیەکی دوورودریژی تر بۆئەوەی فرسەتیکی بدریتێ‌و ئاکامیکیشی هەبیت. لەو بروایەدابووم ئەم مەنتیقە بۆ قەناعەت پیکردن بەچاکترین

پیودانگیش هیشتا هەر ساویلکانەیە. ئەوەبوو ساربانیس لە سیشیل رودسەوە منحەیەکی وەرگرتبوو، ئەزموونیکی فراوانیشی لەکاروباری نیونەتەوەیشدا هەبوو. هەروەك مەسەلەیەکی عەمەلیش ئەویش وەك من دەزانیّ کەنیمچە مەحالیکە پاریزگاری لەو هاوپەیمانیە نیونەتەوەییە بکریت لەوکاتە زۆرەی کە پیشنیاری کردووە.

ساربانیس هەرچیەکی هەبوو وتبووی بەرادەیەك نەیدەویرا هیچ پرسیاریك بکات، بەلاّم نەمدەویست بەبیّ سزا تیپەریت، وتم سیناتۆر ریگەم پیبدە بلیم: (من هەموو سپیدەیەك لەوەزارەتی دەرەوە دەچمە بەر پەنجەرەی ژورەکەی خۆم بۆ ئەوەی گۆرستانی ئەرلینجتۆنی نیشتمانی ببینم. من تەواو دەزانم ئەوەی لیرەدا خەتەرناکە چیەو لەو بروایەدام سەرۆکی ولاّتەیەکگرتووەکانیش ئەمە بەچاکی دەزانیّ. ئیمە لەو جۆرە نین کە هەلەشەبین . جەنابی سیناتۆر: من وەك وەزیریکی دەرەوەی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان، هەست بەقورسی ئەو بەرپرسیاریتیە دەکەم کەچاوەروانمە.

هەروەها دەتوانم پیت بلیم کەمن لەو بروایەدام مەترسیەك هەیە لەخراپ هەلسەنگاندنی ئەوەی کەرەنگە بمانگەیەنیتە چارەسەریکی ئاشتیانە. ئەگەر نەتوانین قەناعەت بەم دیکتاتۆرە بکەین بە زەبری هیز لە کوەیت بکشیتەوە، ئەوا سەرکیشی گەورەتر دەکات و ناتوانین بگەینە یەکلاکردنەوەیەکی ئاشتیانە.

کۆبوونەوەکان گەیشتە نزمترین ئاستی خۆیان کاتیّ فاسیل و گەورە ئەندامانی دیموکرات خوازەکان ژوورەکەیان جیّهیشتو سەرکردایەتی لیژنەکەیان تەسلیم بە پیتەر کۆستمایەر کرد. کۆستمایەر وتی: تۆ وەك

وەزیری دەرەوەو هاوولاتیەکی زرنگ پیتان وایە ئەم مەسەلەیە سی یان چل یان پەنجا هەزار سەربازی ئەمریکی تیا لەدەست بدرێ؟ ئەم پرسیارەی هەر بۆ دروستکردنی کیشە بوو، چونکە لەخراپترین سیناریۆکانیشدا ئاماژەکانی پنتاگۆن وایان خەملاند کەزیانە مرۆییەکان تەنها چەند هەزاریك دەبیت. لەم کاتەدا توکی سەرم رەپ بوو لەبەرئەو کەللەرەقیەی کەبەم هیرشە سووکەوە دیاربوو، دواتر ئەو دووجیگرەم کە لەپشتمەوە دانیشتبون وتیان کە پشتە ملم زۆر سوور ببووەوە لەو گفتوگۆیانەی دوای ئەم مەسەلە روویاندا. منیش وەلامم دایەوە: ئەمە تەنها پرسیاریکی گریمانەییەو ناتوانم وەلامی بدەمەوە.

کۆستمایەر سووربوو لەسەر رای خۆیو وتی: (نەکردنی ئەم پرسیارە لەخۆت وەك پیاویك کە لەوانەیە لەبریارداندا هاوبەشمان بیت، بەوپەری ریزەوە پیت ئەلیم گەورەم، کە بەلای منەوە هەلویستیکی نامەسئولانەیە).

ئەو دریژەی دایەو منیش لەشم گەرم داهاتبوو لە قسەکانیدا وتی: ئەلبەتە پیویستە لەسەرت ئەمە بکەیت. هەروەها پیویستە چەند پرسیاریکی زۆر حەساسیش لەخۆت بکەیت سەبارەت ئەوکاتەی کە لەوبروایەدای پیکدادانەکان بخایەنێ. بەلام نابێ ئەمە لە مونتەدایەکی گشتیدا بکەی. کۆستمایەر بەردەوام بوو لەسەرگەمە سیاسیەکەی و دەیویست بری ئەو زەرەرانەی جەنگی کەنداو لەمنەوە بزانێ.

پرسیاریکی کردو وتی: لەپیناو ٢٥٠ هەزار سەربازدا پیویستە لەسەرت قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەیت؟ سووربووم لەسەر ئەوەی وەلامی بدەمەوە وتم: (ئەوکات جەنابی کۆستمایەر دەنیرم بۆ سەرکردایەتی سوپا، لەبەرئەوەی تەنها ئەوان دەتوانن هەلسەنگاندنیکی مەعقول لەم بارەیەوە

پیشکەش بکەن). کۆستمایەر وەڵامی دایەوە کەگوایە سەرکردەی سوپاش وەك سەرکردەی دەریای ئەدمیراڵ کروی شایەدی ئەوەیان داوە کەسزاکان ئەنجامی خۆی دەبیو باشترین پەیرەوی سیاسییە. منیش بەربەرچم دایەوەو وتم: ئەمە تەنها لەسەدا پەنجای هەڵسەنگاندنی سیاسی دەنوێنێت، ویستم بلێم کاتێك کروی سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکانی ئەکرد هەرگیز بەکارهێنانی هێزی نەویستوە لەهیچ شوێنو زەمانێکدا، چونکە ئەو بەردەوام بەهانەی خۆی هەبووە بۆ پشت نەبەستن بەهێز. پێش دەساڵ کاتێ ریگن بیری لەبەکارهێنانی هێزکردەوە لە گرینادا گوێم لە وتووویژێکی کروی گرت کەتیایدا دژی ئەو داگیرکاریە بوو. کۆستمایەر وتی: جەنابی وەزیری دەرەوە ئایا پرسیارێك هەیە لەوە گرنگتربێت کەلەژمارەی ئەو ئەمریکیانە دەپرسێت کەلە کەنداودا دەمرن ئەگەر چوینە شەرەوە؟.

بەتوندی وەڵامم دایەوە: (ریگەم بدە ئەو کاتەت پێ بلێم کەپێویستە پرسیارەکەی تیدا بکەیت. پێویستە ئەم پرسیارە کاتێك بکرێت کەبریاری بەکارهێنانی هێز درابێت. ئەو کاتە پێویستە پرسیارەکە بکرێتو باشتریشە کەئاراستەی سەرکردە سەربازیەکان بکرێت).

هەروەك زۆربەی رووبەرووبونەوەکان لەگەڵ کۆنگریسدا ئەم رووبەرووبونەوەیەش بەبن بەست گەیشت. هیچ ژمارەیەکم بۆ دەست نیشان نەکردبوو سەبارەت بە قەوارەی زیانە مرۆییەکان. بەڵام دەنگی ئیجگار بەرز بوو لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆندا. لەو بروایەدابووم کەئەمە جۆرێکی سووکی تازەیە لە هێرشکردن، ئەوەبوو بەشێوەیەکی تایبەتی ئەو دەرەئەنجامەی ئەو تورەی کردم کە دەڵێ ئێمە گوێ نادەین بەناردنی سەربازی ئەمریکی بۆ ئەوەی لەناوبچن. خۆم لەخۆمم پرسی لەکاتی

روودانـی ئـەم گەمـە سـوکەدا گـەر دەورەکـان گـۆڕان کۆسـتمایەر چـۆن هەلسوکەوت دەکات، لەم بارەدا ئەوەی کۆستمایەر ئیمـەی پێتاوانبـار دەکات بـەکردنی ئەوەیـە کـە ئیمـە یاری بـەرۆحی سـەربازەکانمان دەکـەین ئەمـە خراپیەك بوو بۆ ئەوانو تەنگ پیهەلچنینی کۆنگریسو ئیدارەبوو کـە نـەم دەتوانی لەدوارۆژدا لیبوردەبم بەرامبەری،

لـە ٢٩ی تشرینی دووەمـدا نەتەوەیـەکگرتووەکان دەنگی لەسـەر ئـەوەدا کەریگەدان بەبەکارهینانی هیزکاریکی ئیلزامیـیە. بـەدەنگدان دژی سـەرۆك ئـەوا کۆنگریس نـەك تەنها پشت ئەکاتـە ئیلتزامـاتی تـەقلیدی ئـەمریکی بەپشت گرتنی بریارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەلکو سوکایەتی بەئیرادەی کۆمەلگای نیودەولەتیش دەکات.

ئەوەبوو بوونی سـەدان سـەرباز لـەبیاباندا کیشـەیەکی گـەورەی دروست کردبوو بۆ هەموو ئەوانەی پشتگیری سەرۆکیان نەدەکرد، گـەر شـەر دەسـتی پیکردو مەسەلە گرنگەکان وروژان ئەوا ئەندامەکان رووبەروی رەخنـەگرتن دەبنەوە ئەگەر پشتگیری سەرۆکیان رەت کردەوە.

رەنگە کـاری گرنـگ پیشنیاری نـاردنی بیکەر بیت بـۆ بـەغداو، نـاردنی عەزیز بۆ واشنتۆن. لە ٣٠ تشرینی دووەمدا مەبەستی کۆتاییمان ئەوەبوو تا بۆ کۆنگریسو گەلی ئـەمریکاو میـژووش روون بکەینـەوە کـە ئیمـە تائیستا بـەدوای ریگـەی خـۆ دوورخستنەوە لەشـەردا دەگـەریین نـەك هەلگیرسـانی شـەر) کاتـێ کۆبونەوەکـەمان شکسـتی هینـا لەبەدەسـت هینـانی ریگـە چارەیەکدا دژایەتیکردن لە کۆنگریسدا دەستی بەپاشەکشێ کرد.

لـەپاش سـێ رۆژ لـە ١٢ی کـانوونی دووەمـدا کۆنگریـس دەنگـی لەسـەر بریـاری سـەرۆکدا بەهەلایسـانی شـەر لـەچوارچیوەی بریـاری

نەتەوەيــەكگرتووەكانداو ئەنجومــەنى پــيرانيش رازى بــوو بەبريارەكــە بەزۆرينــەى (٥٢) دەنــگ بەرامبــەر (٤٧) دەنــگ، لــەم كاتــەدا روودانــى هــەر گۆرانيك لەدەنگەكاندا دەبوە هۆى گۆرينى ئەنجامەكان.

★ ★ ★

# IV

# باشترین دوا هەل بۆ ئاشتی

## ئـــــەفســـوس .

**جيمس بيكەر**

**لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ تاریق عەزیز،**

**٩ /کانوونی دووەمی/ ١٩٩١**

کاتیك خویندکاری کلاسیکیات بووم لەزانکۆی برینستون خویندنەوەی میژوونووسی یۆنانی سۆسیدیدیسم دیتەوە یاد دەربارەی شەری بیلوبۆنیزیان. گومانی تیدا نییە هەر هەولدانیك لەلایەن منەوە درابیت، بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەم خویندنەوەیە پیویستییەك بوو بۆ پرۆگرامی خویندن.

لەو رۆژانەدا زیاتر مەیلی ئەوەم هەبوو سەرقالی یاری رەکبی ببم، وەك لەوەی بەرەفەی کتیبخانەکەی فایرستۆنەوە خۆم سەرقال بکەم. راڤەکردنی سۆسیدیدیس لەرەوانبیژیدا ئەوەبوو کە (ئەوەی وایکرد جەنگ شتیکی حەتمی بیت گەشەکردنی هیزی ئەسیناو ئەو ترسە بوو کە ئەم هیزە لە ئەسپارتەدا خولقاندی. ئەمە گوزارشتیکی جوانە لەو واقیعە سیاسیە، سەرباری ئەوە سۆسیدیدیس خۆی یەکیکە لەو میژوونووسە دەگمەنانەی بیری لەوە کردوەتەوە چۆن خۆ لەشەریك بپاریزیت)، کە بەفیعلی روویدابیت: بەمانایەکی تر ئەو بارودۆخە دیاریکراوە چییە کە دەبیتە هۆی هەلایسانی شەر؟ دواهەمین هەل کە رەنگە بتوانی لەشەر دوورمان بخاتەوە چییە؟ چ کاتیك ئیرادەی ئینسانیو ئارەزووکردنی بۆ پاراستنی ئاشتی ریگا لەبەردەم مالویرانیدا دەخەنە سەر پشتو پیویستی ناچارت دەکات بەهەلایسانی شەر؟

بەلای کەسیکی لیکۆلەرەوە ئەو پرسیارانە پرسیاری لۆژیکی بەلگەیین، بەلام بەلای دەسەلاتداریکی دەولەتەوە کە پشت بەواقیع دەبەستی ئەوا پرسیاریکی عاتیفیو خۆرسکانەیە، بەلام بەلای ئەو سەربازەوەی لەژیر

مەترسیدایە ئەوا بواریکی زۆری بۆ پرسیاری لەو جۆرەی نییە، لەبەرئەوەی بەزۆری کاتی دوارۆژی وەك واقعیکی خەتەرناك دیتەپیشچاو.

لەکاتی کیشەی کەنداودا وەلامی ئەو پرسیارانەم وەدەسکەوت، لەو ئیوارە سافو بیگەردەی لەجنیفدا کاتی کۆبوونەوەکەم لەگەلْ تاریق عەزیزدا کۆتاییهات لەمیوانخانەی ئینتەرکۆنتینتال و نامەکەی بوش بۆ سەدام لەسەر میزەکەی نیوانمان دانرابوو، ئەوەبوو دوا ئاگادارکردنەوەمان نەیتوانی ریگا لەو مالویرانییە بگریت کە خەریك بوو بەسەر گەلی عیراقدا دەهات. هەتا ئەوکاتەش لەو بروایەدابووم هیندەی نەهامەتییەکانی شەر ئومیدیك بەئاشتی هەیە، ئەویش بەوەی عیراق بەبێبەکارهینانی هیز لەکوەیت دەکشیتەوە.

لەو ئیوارەدا دلم درکی بەو حساباتە کرد کە سەردەمانیکی پیشتر عەقلم حسابی بۆ کردبوو ئەویش ئەوەیە: کە ئەمریکا بەم نزیکانە لەجەنگەوە دەگلی، ئەرکی من لەمەودوا وەك دیپلۆماتییەك هەولی گەیشتن نابیت بەچارەسەریکی سیاسیو بەرگرتن لەشەر، بەلکو پالپشتیکردنی کۆکردنەوەی کۆمەكو باربوی شەرە تا لەو جەنگەدا سەرکەوتن بەدەست بهینین. بەلام چۆن گەیشتمە ئەم رایە، ئەوەیان گەشتیکی ناراستەوخۆیە لەدەنگدانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠دا بەریگەدانی بەکارهینانی هیز بۆ کۆتایی پیهینانی دوژمنکاری عیراق.

لەبنەرەتدا چاوپیکەوتنی من و تاریق عەزیز دەگەریتەوە بۆ ئەو گفتوگۆیەی لەگەلْ بوشدا ئەنجامم دا، لەئیوارەی دەنگدانە میژووییەکەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا. ئەوەبوو لەژووریکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە قسەم لەگەلْ کردو خۆشحال بوو بەو پشتگیرییە گەورەیەی بریاری ٦٧٨. ویستی لە

هەنگاوەکانی دواتریش ئاگاداربیت و وتی: (دەمەویت لەسەر مەسەلەیەك قسە بکەین). بەڵام لەبەرئەوەی لەژووریکدا بووم چەند کەسیکی تری تیدابوو، تەلەفۆنەکەش جیگای متمانە نەبوو، بۆیە بەورياييەوە وەڵامم دایەوەو وتم:(چەند بیرۆکەیەکم هەیە سەبارەت چۆنیتی کۆکردنەوەی پشتگیری ناوخۆیی، ئەوەتا ئیستا پشتگیری دەولەتیشمان بەدەستهیناوە). سەرۆك پیشنیاری ئەوەی کرد کە سبەی بەیانی یەکەم شت پیی هەستین ئەوەیە لەگەڵ سکوکروفت کۆببینەوە.

لەم کۆبوونەوەیە کە دوو سەعاتی خایاند ئەو پیشنیارەی بوش دەرکەوت کە بەدریژایی سی هەفتە بیری لیکردبووەوە ئەویش: هەولدانیك بوو بۆ رووبەرووبوونەوەیەکی راستەوخۆ لەپیناو دوورکەوتنەوە لەجەنگ لەکەنداودا. ئەم دەستپیشخەرییە شتیکی چاوەروان نەکرابوو بەدریژایی قەیرانی کەنداو. بەلکو لەهەموویان زیاتر جیی مشتومربوو. ئەوەبوو هاوریکانمانی تووشی سەرسورمانو ئەوق بوون کردو نەیارانمانی دلخۆش کرد، بووە هۆی چەندوچونی زۆر دەربارەی لاوازی سووربوونی ئەمریکا. لانی کەم بۆ ماوەیەکی کاتی راستگۆیمان لای هەندیك لەهاوپەیمانییەکانمان کەمبووەو نەما، هەلیکی پروپاگەندەیشی بۆ سەدام حسین رەخساند. ئەم دەستپیشخەرییە لەلایەن هەندیك لەئەندامانی وەزارەتی جەنگو هەندیکی کە لەنزیکترین یاریدەدەرەکانمەوە پەسەند نەکرا.

هەروەك چۆن بانگەوازی پتەوکردنی هیز لە٨ی تشرینی دووەمدا خالیکی وەرچەرخان بوو لەکۆکردنەوەی هیزی سەربازیو بریاری ٦٧٨ کلیلی پشتگیریی بوو بۆ هاوپەیمانیتییە دەولەتییەکە، بەمجۆرە کۆبوونەوەکەی منیش لەگەڵ تاریق عەزیزدا خالیکی وەرچەرخان بوو

لەکۆدەنگییەکی ناوخۆییدا، پاش کۆبوونەوەکە کۆنگریس ریگا بە بوش دەدات بۆ بەکارهینانی هیزو هاوپەیمانییەکانیش دوا پیلانی خۆیان دادەنێنو سوپاش دەست بەجموجۆڵ دەکات.

## پیشنیارکردنی چونی بیکەر بۆ بەغداو تاریق عەزیز بۆ واشنتۆن

تا کۆتایی تشرینی دووەمیش هیچ رەزامەندیەکمان لەئاستی ناوخۆدا بەدەست نەهینابوو بۆ بەکارهینانی هیزی سەربازی. پاش دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوش خۆی لەهەلویستیکی نامۆو سەیردا بینییەوە. چونکە تەواو باوەری بەوە هینابوو کە شەر بەرپادەبیت، گەر سەدام هەتا ١٥ی کانونی دووەم لەکوەیت نەکشیتەوە، بەلام تا ئیستاش نەیتوانیوە کۆنگریسو رای گشتی بەجیگیریی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

دوای وتوویژکردنم لەگەڵ بوشداو پاش دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا، لەسەر خوانی ئیوارە پیشوازییم لەوەزیرانی دەرەوەی پینج دەولەتە هەمیشە ئەندامەکە کرد لەمیوانخانەی والدۆرف ئیستۆریا. کۆبوونەوەی ئەو ئیوارەمان تەنها وەزیرانی دەرەوەی تیا ئامادەبوون، هیچ کەسی تر ئامادەنەبوو جگە لەوەرگیرەکان، ئامانجی من لەسازدانی ئەو کۆبوونەوەیەمان لەسەر خوانی ئیوارە ئەوە بوو سوپاسی شیڤەرنادزەو دۆماو هیرد بکەم لەبەر خۆراگرییانو فشارکردنە سەر تشیان بۆئەوەی بەردەوام بیت لەسەر رازیبوونو کردنەوەی ئەو ئەگەرانەی لەئایندەدا دینە بەردەست.

لە سەرەتای کۆبونەوەکەوە دۆما بەگاڵتەوە وتی:(ئیمە خۆشحالین کە دوگلاس سەرکردایەتی وەزیرانی پێ نەسپیراوە، چونکە نامانەوی گروهەکەمان تیکبدەینەوە کە چالاکانە کارەکانی خۆی ئەنجامداوە. هیرد وەڵامی دایەوە: (پیموایە کەی. بی. جی دەستی هەیە لەمەسەلەکەدا، وا نییە؟) شیڤەرنادزەش بەرووبەکی گرژەوە وەڵامیدایەوەو وتی: (ئیستا نایلیم، بەڵام کاتی یاداشتەکانم دەنووسمەوە، ئەوکات پیویستە لەسەرم زۆر شت بلیم). لەگەڵ بیدەنگبوونی پیکەنیندا سەر لەنوی شیڤەرنادزە دەستی بەقسەکردن کردەوە بۆئەوەی رەوتی وتوویژەکە بگیریتەوە سەر زەمینەیەکی لەبارو تۆکمە کە پیویست بوو لەسەرمان ریگا چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، ئەویش خۆدوورخستنەوەیە لەشەریك کە ریگەمان پیدراوە ئەنجامی بدەین: (پیویستە قوڵ بەقۆلی یەکتردا بکەین، چونکە سەدام دەزانیت چۆن یاری بەو دژایەتییە بکات کە لەنیوانماندایە، ئەو پیاوە بەرادەیەك ترسناکە کە ناتوانری پیشبینی هەلسوکەوتی بکری). دۆما وتی: (پیویستە لەسەرمان وای لیبکەین راستی هەستو نەستی ئیمە بزانیت، چەند رینومایییەکم پیگەیشتووەو لەو بروایەشدام جیگرەکانی بەپیی پیویست ئاگاداری ناکەنەوە، ئەمە پیشەی هەموو دیکتاتۆریکە. ئەو نایەویت گوی بگریت).

هیرد وتی: (دی کۆیلاری سکرتیری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (بەشیوەیەکی تەمومژاوی کاردەکات) بەڵام سوورە لەسەر سەردانیك بۆ عیراق لەماوەی هەفتەیەکدا. لەو باوەرەدام گرنگە پالپشتی کارو ئەرکەکەی بکریت. دۆما وتی: هەست دەکەم بەپیی پیویست سەدام ئاگادارناکریتەوە، پیشنیاری ئەوە دەکری کە دی کویلار نوسخەیەك لەبریاری ژمارە ٦٧٨ راستەوخۆ بداتە سەدام).

شیڤەرنادزە گومانی ئەوەی کرد کە رەنگە بارودۆخەکە بەو جۆرەبیت، بەڵام من بەو جۆرە بیرناکەمەوە، من پیموایە سەدام لەو مەسەلەیە تیدەگات کە لەئارادایەو راستییەکەشی دەزانی. بەلی، رەنگە چەند کەسانیکی هەلپەرست دەوریاندابیت، بەڵام ئاگاداری ئەوەیە کە لەجیهاندا چی روودەدات، ئەو دەزانی گەمە بەو دژایەتییانە بکات کە لەنیوانماندایە. لەبەرئەوە پیویستە هەر پینجمان لەنیوان خۆماندا ریك بکەوین و پیویستە لەریی سکرتیری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانو چەند کەسو لایەنیکی ترەوە ئەمە بلیین، بەڵام گرنگ ئەوەیە سەدام تەواو ئەوە بزانی کە ئیمە هەر پینجمان بەیەکگرتوویی هەلسوکەوت دەکەین.

شیڤەرنادزە هەر ئەوەندەی لە قسەکانی بووەوە پیشنیاریکی کردو وتی: (بۆچی کۆبوونەوەیەکی باڵا بۆ سەرانی پینج دەولەتە هەمیشە ئەندامەکە سازنەکەین، پیش تەواوبوونی ماوە دیاریکراوەکە لە ١٥ی کانونی دووەم). هیرد گومانی خۆی دەربری‌و وتی: (پیویستە بزانین پیشبینی چی دەکەین لەکۆبوونەوەیەکی لەمجۆرە؟). شیڤەرنادزەش وەڵامی دایەوە: (تەنها دلنیابوون لەوەی کە دەکری کۆبوونەوەیەکی لەمجۆرە ببەستری، چەند شوینەواریکی گرنگی لیدەکەویتەوە، پیویستە بیری لیبکەینەوە. پیویستمان بەوەیە رینومایمان لەسەر کردەکانمانەوە بەدەست بگات).

دۆما ئەم پیشنیارەی ڤۆستەوە بۆئەوەی جاریکی دی چینیەکان لیمان جیانەبنەوەو زۆر بەلیهاتووییەوە پیشنیاری بەستنی ئەم کۆبوونەوەی کرد لەپەکین. بەدلنیاییەوە ئامانجی رازیکردنی لوتبەرزی چینیەکانە. گەر قەناعەتپیکردنی سەرکردەکان ئاسان نەبوو بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، ئەوا

رەنگە وا پێویست بێت لەسەرمان کە هەر پێنجمان لە چین کۆببینەوە بۆ دەرکردنی بڕیارێکی هاوبەش.

شیڤەرنادزە سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت کۆبوونەوە بالآکە سەدام دڵنیابکات لەوەی کەس هێرش ناکاتە سەری، ئەمە یەکێك بوو لەو ساتەوەختە دەگمەنانەی لەکاتی شەردا هەست بکەم شیڤەرنادزە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ. لەڕێی ئەو هەوڵە زۆرانەوە عێراقیەکان بیروڕای خۆیان بەئاشکرا دەربڕیبوو کە ئەوان لەوە دەترسن گەر دەست بەکشانەوەش بکەن هێرش دەکرێتە سەریان. پێموابوو ئەمە فێڵێکی تری بەتاڵو بێبناغەی سەدامە بۆ بەدەستهێنانی کاتو قەناعەتپێکردنی هاوپەیمانەکان بەوەی کە گوایە دەکشێتەوە. بەتوورەییەوە وتم: ئەمە تەنها کرینەوەی ئابروو نییە، بەڵکو دوا هەوڵە بۆ قوتارکردنی خۆی. چیان بەدرێژایی گفتوگۆکە بێدەنگ دانیشتبوو پاشان وتی: (سەدام دەیەوێت لەبەرامبەر کشانەوەی لەکوەیتدا خەڵات بکرێت. پاشان چەند گرانتیەکی دەوێت، هەروەها دەیەوێت زامنی ئەوە بکات کە کەس هێرش ناکاتە سەریو ئەو لەشەر دەترسێت). هەروەها چیان جەختی لەسەر بایەخی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانو عێراق کردەوە، بۆ ئاراستەکردنی پەیامێك بەوەی گەر سەدام بکشێتەوە ئەوا هێزەکەی ڕووبەڕووی هێرشی هاوپەیمانەکان نابێتەوە. هێرد وتی: (سەدام دواجار لەوڵاتە یەکگرتووەکان دەترسێ نەك لەبەریتانیاو فەرەنسا یان لەعەرەبستانی سعودی). بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم سەرۆك بۆش لەم بارەیەوە بەلێننامەیەك بەشێوەیەکی نهێنی بداتە بەغدا کەزەمانەتی تێدابێو سێ هەفتە پێش تەواوبوونی ماوەکە هەمان شت باس بکرێتەوەو بوترێتەوە.

شيڤەرنادزە وتی: (تا ئيستاش لەو بروايـەدام لـەكوەيت دەكشـيتەوە، پيويستە سكرتيری گشتی بچيت بۆ بـەغداو هەريەكـەمان بەتەنها هەمان نامەی بدەينی كە هيرش ناكريتە سەريان گەر لە كوەيت بكشينەوە، پاشان لەبەرواری ١ی كانونی دووەمدا هەموو پيكەوە هەمان نامەی بدەينێ). دۆما رەزامەندی خۆی نيشانداو وتی: (هيچ گرەنتييەك هەيە لەوە باشتر بی كە ئەو دەولەتانەی ئەنجومەنی ئاسايش بەريوەدەبن پيی رابگەيەنن كە هيرش ناكريتەسەری. پيويستە سەدام هيوای بەوەبی كە قوتاری دەبيت گەر بيتو بەوە رازی بيت كە ئيمە ئەمرۆ دەيخەينە بەردەمی).

* * *

ئەو كۆبوونەوەيەی لەسەر خوانـی ئيوارە كردبوومـان بـەهيچ ئاكاميكی يەكلاييكەرەوە نەگەشت، جگە لەريكـەوتن لەسـەر ئـالوويركردنی بـيرورا لەرۆژانی داهاتوودا. ئاشكرا بوو كەس نەيدەويست ريگە بـەوە بـدات تـا ئـەو چلوپينج رۆژەی كە مابووەوە (وەك دەرفەتيك بۆ گەيشتن بەچارەسـەريكی ئاشتيانە. ببيتـە ماوەيـەك كـە بەراسـتی چارەسـەركردنی كيشـەی كـەنداوی تيدابگاتە بنبەست). من لەلايەن خۆمەوە پيموابـوو كۆبوونەوەيـەكی نيـوان پينج دەولەتە هەميشە ئەندامەكـەو عيراقيـەكان گرنگيـەكی زۆری دەبيـت، بـەلام شـتيكە زۆر بەهـەند وەرناگيرێ، ئەمـەش دەبيتـە هـۆی لەدەسـتدانی جلەوی خشتەی كاروبارە ديپلۆماتييەكان.

چونكە لەكۆبوونەوەيەكی لەمجۆرە بەدلنياييـەوە ئـەمريكا رووبـەرووی فشار دەبيتەوە بۆ وازهينـان لـەو بريـارەی كـە ئەنجومـەنی ئاسـايش تـازەكی بەتەواوی برياری لەسەرداوە.

لەو کۆبوونەوەیەی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣٠ی تشرینی دووەمدا لەکۆشکی سپی بەستمان سەرۆك بەمن و سکوکروفتی ڕاگەیاند کە هەست دەکات پێویستە لەسەری هەمو ئەگەرەکانی وتوویژکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراقدا هەلبسەنگێنێ و وتوویژکردنی لەم شێوەیە ماوەی چەند هەفتەیەکە لەخەیالیدایە، بیرۆکەی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەدامدا بەدوورگرت، بەلام ئامادەیە بۆ پێشوازیکردنی تاریق عەزیزو داوائەکات کە من لەگەڵ سەدامدا کۆببمەوە.

بۆش وتی: (گەر سەدام لەریی تۆوە لەهەلویستەکەمان ترسا مانای ئەوەیە دەزانێت کە هەڕەشەکە ڕاستەقینەیە). بیرۆکەی کۆبوونەوەی (دواهەمین هەل) لەواشنتۆن لەسەر ئاستیکی بەرزو بەشێوەی جۆراوجۆر برەوی پێدراو، پێش سێ ڕۆژ هامیلتۆن شێوەیەکی ئەو پێشنیارەی بۆ خستمە ڕوو. پێشنیارەکەی سەرۆکیش -هێندەی لەیادم مابێ- گەر دەستنیشانکردنی کاتەکەشی پێشبینی نەکرێ ئەوا وتویژکردنی ڕاستەوخۆ، دواهەمین شێوەی تایبەتی بۆشە لەسیاسەت و دیپلۆماتیەتدا دەیخاتەڕوو. بەلام دوای ئەوەی لەگەڵ هەریەك لە تاتچەرو میتەران و گۆرباتشۆف و فەهدو زۆربەی سەرانی ولاتەکانی هاوپەیمانیتییەکەدا کۆدەبیتەوە.

ئیستا بۆش دەیەوێ لەریی خۆیەوە دوا هەل بداتە نەیارەکەی. سەرۆك گەیشتە ئەوەی بلێ گەرسەدام حسین دانیشتنەکانی کۆنگریسی لەریی کەنالی (سی.ئین.ئین)ەوە بینی، ئەوا ڕەنگە گومان لەراستگۆیمان بکات. بۆ ئەم قسەیەی منیش لەگەلیدام بووم. چونکە ڕۆژیك لەوەوبەرو لەکاتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا، نوینەری عێراق لەنەتەوە یەکگرتووەکان ئەو قسانەی (بوب کیری)ی سیناتۆری نبراسکای

بەبەلگەهێنایەوە، کە وتبوی بیرکردنەوە لەبەکارهێنانی هێز هەلەیە، ئەگەرەکانی دامەزراندنی سیستمیکی نوێی جیهانی بەفیرۆدەدات، ئەمەش لەبەرژەوەندی تاکتیكو شیوازی سیستمە کۆنەکەیە. هەروەها سەرۆك بوش وتی: رەنگە سەدام لەخوێندنەوەی مێژوودا بەهەلەداچووبێ و لەئەزمونی ڤێتنامەوە سەیرمان بکات. هەروەك حافز ئەسەد پیی وایە کشانەوەمان لە بەیروت پاش تەقینەوەی بارەگای هێزە دەریاییەکانی بەیروت لەتشرینی دووەمی ١٩٨٣دا ئەوەی دەرخست کە(ئەمریکاییەکان پشوویان کورتە).

گلان لە شەرەوە دواهەمین شت بوو بۆش هەولی بۆ بدا. هەموو ئامانجی ئەو کشانەوەی عیراق بوو لەکویت. لەکاتیکدا گوێبیستی قسەکانی بۆش بووم ئەو قسەیەیم بیرهاتەوە کە مانگی ئەیلول لە هلسنکی بەهەموومانی راگەیاندو وتی: من ژنو پیاوانی ئەمریکیم رەوانەی بیابان کردووەو دواجار هەرخۆم بەرپرسیارم لەو کارە.

هەستم کرد پیشیازەکەی بۆش سێ شتی تیدایە: یەکەمیان: ئەوەیە دواهەمین هەلی دیپلۆماتیمان بۆ دوورکەوتنەوە لەشەر بۆ دەرەخسێنێ، چونکە کۆبوونەوەیەکی راستەوخۆ رەنگە چەند پیویستیەکی سیاسیو دەروونی لیبکەویتەوە کە لەوانەیە وا لە سەدام بکات بکشێتەوە؛ بەدلنیاییەوە هەلیکی دەخاتە بەردەم کە دەتوانێ بیقۆزیتەوە بۆ خۆپاراستن لەشەر گەر بیەویت.

ئەگەر لەو کۆبوونەوە راستەوخۆیەدا نەتوانین قەناعەت بە سەدام بکەین بۆ کشانەوە لەکویت، ئەوکات کەس ناتوانیت گومان لەوەبکات کە ئیمە هەموو هەوڵو توانایەکمان خستۆتەگەر. ئەمە یارمەتیشمان دەدات بۆ مامەلەکردن لەگەڵ سۆڤیت و هەموو ئەوانەی دوودلن لەبەکارهێنانی هێز

لە دژی عیراق. بەشیوەیەکی تایبەتی دەستپیشخەرییەکەی سەرۆك لە مۆسکۆ وا لە گۆرباچۆڤ دەکات لەتوانایدابیت دەمبەستی توندرەوەکانی وەك یەڤگینی پریماکۆڤ بکات کە هەوڵ دەدەن بچنە سەر ئەو ئاراستە سەختەی شیڤەرنادزە گرتویەتەبەر بەرامبەر بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

دووەمیان: ئەم پیشنیارە لەناوخۆدا یارمەتیمان دەدات، چونکە گەر بۆش لەگەڵ تاریق عەزیزدا کۆبووەوەو منیش چووم بۆ بەغدا ئەوکات کەس ناویری -تەنانەت نەیارەکانیشمان- ئەوە بلین کە ئیمە ئەوەمان نەبردە سەر کە سەرۆك بەردەوام دووپاتی دەکردەوە: (دواجار خواستی ئیمە بەئاشتی چارەسەرکردنی کیشەکەیە). ئەمەو سەرەرای پشتگیریکردنمان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەتوندی، ئیدی هیچ ئەندامیکی کۆنگریس ناتوانی بەراستی دژ بەهەلایسانی جەنگ بوەستیتەوە، گەر ئەم کۆبوونەوانەش کە لەسەر ئاستیکی بەرز دەگیرین نەتوانن وا لەعیراق بکەن لە کویت پاشەکشی بکات، ئەوا دەتوانین لەناوخۆدا بیر لەبەدەستهینانی کۆدەنگیەك بکەینەوە بۆ پشتگیریکردن لەهەلایسانی شەر.

سیهەم: پیشنیارەکە ئەوە دەردەخات لەگەڵ نزیکبوونەوەی دوا مۆڵەت کەدەستنیشان کراوە، ئیمە چەند کاریکی تریش دەکەین، نەك تەنها خۆن بۆ جەنگ ئامادەبکەین. هیشتا سەرقالی ئەو گفتوگۆیە بووم کە شەری رابردوو لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی پینج دەوڵەتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کردبوومان. هەستمکرد بەبیدەستپیشخەرییەکی دیپلۆماتی لەلایەن ئیمەوە گرانە بتوانری پاریزگاری لەپتەوی و یەکیتی هاوپەیمانە دەولییەکە بکریت.

کاتیك سەرلەبەیانی ئەمرۆ لەبەرنامەی (بەیانیت باش ئەمریکا)ەوە، دەرکەوتم، کە تۆری (ئەی. بی. سی) پەخشی دەکات. نیگەرانیەك دایگرتم، چونکە بەرلەوەی راستەوخۆ دەربکەوم گویم لەسکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پیویستە هیچ هەلیك بەفیرۆ نەدریت بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی بەتایبەتی لەو ماوەیەی کە دەکەویتە پیش ١٥ی کانونی دووەم.

لەوەلامی ئەو پرسیارەی چارلی جیسون کردی سەبارەت ئەوەی ئیمە چیدەکەین لەو چەند رۆژەی ماوەتەوە لەپیش ١٥ی کانونی دووەمدا، وتم: (ئەمە مانای ئەوە نییە ئیمە بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ پالی لیدەدەینەوە.. بەلکو مانای ئەوەیە بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ بەنیەتی پاکەوە سەرقالی چەند هەولیکی تاقەتپروکینو جیدی دەبین بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەریکی دیپلۆماتیو سیاسیو ئاشتیانەی ئەم کیشەیە).

هەروەها سکوکروفت لیی پرسیم: (چی بکەین، گەر سەدام چەند هەزار سەربازیکی پاشەکشێ پیکردو پیشنیازی کشانەوەی لەکویت کرد؟. پاشان زانیم خۆیو چەند کەسانیکیتر لەوە نیگەران بوون، کە من تەنها بۆ گفتوگۆکردن بچم بۆ لای سەدام، چونکە رەنگە بەریگەچارەیەکی مام ناوەندییەوە بگەریمەوە. لەم خالەدا ئەوان تەواو هەلەبوون، چونکە لەسەرەتاوە منیش هەواداری ئەو بیروبۆچوونە بووم کەدەلین بەراست ناتوانین دانوستان بکەین سەبارەت پاشگەزبوونەی ئەو بریارانەی ئەنجومەنی ئاسایش کە هەولیکی زۆرمان داوە بۆ دەرکردنی، چونکە راستگۆیی ولاتە یەکگرتوەکان لەمەترسیدایە.

بۆ دلنیابوون لەوەی هیچ ئامادە نین بەچارەسەریکی مام ناوەندی لەگەڵ سەدام، ئەم دەستەواژەیەم بۆ بەیانەکە زیادکرد.

(هیچ شتیك نییە ئیمە ئامادەبین بۆ سەدام حسینی بکەین گەر عیراق نەکشیتەوە، چونکە نابیت ولاتە یەکگرتووەکان جلەوی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات لەدەرکردنی بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشداو پاشان تاك لایەنانە ریگربیت لەبەردەم دانوستان راستەوخۆ لەگەڵ عیراقدا).

لەکاتژمیر ١١ی سەرلەبەیانی بۆش بەرەو هۆلی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکانی کۆشکی سپی بە ریکەوت، بریاریدا کە ئامادەیە بۆ بینینی تاریق عەزیز لەو هەفتەیەی کە ١٠ی کانوونی دووەمی تیدەکەویت. پاشان منیش دەنیریٚ بۆ بەغدا بۆ بینینی سەدام حسین، ئەمە کاتیکی گونجاوە بۆ هەردوولاو دەکەویتە نیوان ١٥ی کانونی یەکەم هەتا ١٥ کانوونی دووەمی ١٩٩١، واتە ئەکەویتە کۆتایی ئەوکاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە بۆ پاشەکشیٚکردنی عیراق.

هیچ سازشکاریەك ناکریت بۆ ئیغراکردنی سەدام تا لەکویت بکشیتەوە. هیچ ئاماژەیەکیش نادریٚ بەکرینەوەی ئابروو. کشانەوەی بیٚمەرج، تەنها ئەلتەرناتیفی شەرە. ئەم هەولە تەنها دەفەتە لەبەردەم جیهاندا (بۆ هەنگاونانیکی تر بەرەو ئاشتی)، چونکە جۆرج بۆش زیاد لەهەموو کەس ئەوە دەزانیٚ کە ئیمە قەرزاری پیاوو ژنە نەبەردەکانمانین لەکەنداوداو خیزانەکانیان لەنیشتماندا.

## دەرەنجام، پێكدادان لەبەرامبەر كۆدەنگیدا

بانگەوازەكــەی ســەرۆك ناكۆكیــەكی لــەنیوان پێداویســتییەكانی هاوپەیمانییە نێودەولەتییەكەو بەدەستهێنانی كۆدەنگیەكی ناوخۆی دروست كرد. كاریگەری بڕیارەكە باش نەكەوتەوە لای ئەو هاوەڵانەمان كە هەستیان بــەنارەزایی دەكــرد لەبــەر ڕاوێژپێنــەكردنیان لــەوەپێش. هــەنێك لەهاوەڵــەكانمان لەهاوپەیمانیتییەكــەدا پرســیاری ئــەوەیان كــرد، ئایــا دوا مۆڵــەت كــە لــە ١٥ی كـانونی دووەم مۆڵـەتیكی ڕاسـتەقینەیە. پێشـنیازەكەش یارمەتی ئەوەیدا كە كۆمەڵێك لەهاوپەیمانەكانمان لەعەرەبو ئەوروپیـەكان پێشبینی ئــەوە بكــەن كــە ئیمــە بەراسـتی نامانــەوێ هــێز بەكاربــهێنین، هەولیش دەدەین لەم ڕێگایە خۆمان بپارێزین. پێویستمان بۆئەوەی نـهێنی بپارێزین كەشوهەوایەكی ناسەقامگیری خولقاند كە چەند ڕۆژێـك سـەرقالی ڕەوینــــەوەی بووییــــن. پێدەچــــێ لەراســــتیدا ســــەدام بەهەڵــــە دەستپێشخەرییەكەمانی لێكدابێتەوەو بەئاماژەیەكی لاوازیی دانابێت.

لەهەمان كاتدا دەستپێشخەرییەكە دڵنیایی گێڕایەوە بۆ ئەو هاوەڵانەمان كە بەسەر سەختی ناسرابوون وەك سۆڤیێتو فەرەنسیەكان بەوەی كـە ئیمـە بەهەڵەشەیی بەرەو جەنگ نارۆین، هەروەها ڕێگەی ئەوەی دایـن كـە بلێـین نـابێت بـەهۆی كۆنگریسـەوە دەسـتی سـەرۆك بگریـن بـەر لەدەسـتپێكردن بـەوەی كـە خـۆی بـە(باشـترین دوا هـەل بـۆ ئاشـتی) وەسـفی كـرد. لـەنیو هاوپەیمانـەكانماندا بەشـیوەیەكی تایبـەتی كوەیتییـەكانو سعودیەكان زیـاد لەهــەموان لــەوە نیگــەران بــوون وتوویژەكــان بگاتــە ڕادەیــەك وەك

سیناریۆیەکی دیوەزمەیی لیبیت کە ئەویش کشانەوەی سەدامە لەکویتو مانەوەی ئامیرە سەربازییەکانیتی بەساغو سەلامەتی، هەروەها خۆشحالیش نەبوون، چونکە پیش وەخت ئاگادارنەکرابوونەوە. پاش ٣ رۆژ لەبلاوکردنەوەی دەستپیشخەریەکە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کویتو بالیوزی سەباح لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆبوومەوە، بۆئەوەی دلنیایان بکەمەوە کە بەهیچ جۆریك نیازی پاشگەزبوونەوەمان نیە. پیم راگەیاندن ئیشکردنمان بەشیوەیەکی نهینی پیویستییەکی هیندە گرنگ بوو، تەنانەت نەمتوانی پیشتر ئەندامانی پینج ولاتە هەمیشە ئەندامەکەش ئاگاداربکەمەوە، پاشان کەمیك لەو نیگەرانیەی رەوییەوە کاتیك پیم راگەیاند کە سەرباری ئەوەی ئارەزووی گەیشتن بەریگاچارەی ئاشتی دەکەین، بەلام لەناخەوە هەست دەکەم ناچاردەبین هیز بەکاربهینین.

لەناوخۆدا پیشنیارەکە کۆنگریسی ترساندو ئەو دیموکراتخوازانەشی تووشی سەرسورمان کرد کە پییان لەسەر بەرهەلستیکردنی شەر دادەگرت.

نەمزانی ئەوانە چۆن دەتوانن بەرهەلستی سەرۆکیك بکەن کە هاوپەیمانیتیەکی دەولی پشتگیری دەکات بە جۆریك پیشتر روویندداوە؟ ئەمزانی کە ئەم پیشنیارە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە بوو کە لە کۆبوونەوەکانی کۆنگریس کەوتەوە، ئەو کۆبوونەوەیەی سام نان سەرۆکایەتی دەکردو هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا ویلیام کروی سەرۆکی پیشووی هەیئەی ئەرکانی ئەمریکی بەرهەلستی بەکارهینانی هیزی کردبوو. یەکەم دەستپیشخەریش ئەوەی دەرخست کە پیشنیارەکە پالپشتییەکی زۆری بۆ هەولەکانی سەرۆك مسۆگەرکردووە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە پاش نیوەرۆ لەژووری حکومەت لەگەڵ سەرانی

کۆنگریس لەکۆشکی سپی بەسترا، سەرانی کۆنگریس چەند پرسیاریکیان کردبوو. بەڵام زۆربەیان بەنهینی دەستخۆشیان لەسەرۆك کردبوو، لەمەش گرنگتر ئەوەبوو ئەم دەستخۆشیەیان بەئاشکرا دەربریبوو کاتیك چاوپیکەوتنیان لەگەڵ رۆژنامەنووسەکاندا کردبوو.

بەرپرسەکان تەواو بەم هەواڵە راچڵەکین و بازارەکانی دراویش ناسەقامگیرییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی لەئاکامی ئەمجۆرە هەواڵە. هیچ یەکیك لەنزیکترین جیگرەکانم، لەوەپیش شتیکیان لەسەر پیشنیارەکە نەدەزانی. هەروەك چاوەروان دەکرا خۆشحاڵ نەبوون لەبەرئەوەی لەپرۆسەی بریارداندا دوورخرابوونەوە. گومانیشیان هەبوو سەبارەت بەپیشنیارەکە. بوب کیمیس لەوە ئاگاداریکردینەوە نەبوونی دەستنیشانکردنیك لەبەیانەکەدا رەواج بەو باری سەرنجە دەدات لەهەندیك ناوەندا کە ئیمە پاشەکشێ دەکەین. مارگریت تاتویلەر پیی وابوو پیشنیاریکی بێسوودەو وتی: گەر شەر هەلبگیرسێ ئەوا بەرپرسیاری شکستی دیپلۆماتی دەکەویتە سەرشانی تۆ. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ عیراقیشدا لەسەر ئەوە ریکەوین کە عیراق بەبێمەرج پاشەکشێ بکات، هیشتا هەندی بەوە تاوانبارم دەکەن کە من شاباشی دیکتاتۆرم کردووە. هەروەها دینیس رۆسیش هیچی سەبارەت پیشنیارەکە نەدەزانیو کاتیك هەواڵەکەی بیست پیی وتم کە هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام دانی بەوەدانا کە دەستپیخەرییەکە لەخۆیدا شتیکی باشە، بەتایبەتی لەولایەنەوە کە پیویستە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری ناوخۆیی لەسیاسەتەکەمان. بەڵام بیرۆکەی ١٥ی کانونی یەکەم هەتا ١٥ی کانونی دووەم بیرۆکەیەکی هەڵەیە، چونکە عیراقییەکان دەڵین ١٥ی کانوونی دووەم کاتیکی باشەو دوای ئەوە

ئـەو بـەروارەی ئیـوە رەت دەکەنــەوە. لەوەوبــەر دەســتەواژەی (بــەرواریکی گونجاو بۆ هەردوولا)بۆ بەیانەکەی سەرۆك زیـادکرابوو، لـەو بـاوەرەوەی کـە ریگایـەکی دەربازبوونمـان بـۆ دەکاتـەوە. جیـی خۆیـەتی بلیـین بـەرواریکی نزیك لەبەرواری تەواوبوونی کاتە دیاریکراوەکە نەگونجاوە بۆ هەردوولا.

بـەردەوام هــانی ئەوانــەم دەدا کــە لەگــەلمدا کاریــان دەکــرد بۆئــەوەی بەراشکاوی قسەبکەن. بەلام چاوپۆشیم لـەوە نـەدەکرد کـە بوتـریێ سـەرۆکی ولاتــە یــەکگرتووەکانو دوو بەرپرســە بالاکــەی سیاســەتی دەرەوە هەلــەی گەورەیان کردووە.

★ ★ ★

بـەدریژایی مـانگی دووەم هـەردوولا چـاوو راویـان دەکــرد بــۆ بەدەســت هینــانی چــەند مومــەیزاتیکی دیبلۆمــاتی. پــاش دوو رۆژ لــە کۆنگــرە رۆژنامەوانییەکـەی ســەرۆك حکومــەتی عــیراق پیشـنیارەکەی قبـولٚ کـرد کەئەویش سازدانی وتویژ بوو.لە٣ی کانونی یەکەمدا عیراقیەکان لەسەر ئەو پیشـنیارەمان رازیبـوون کـە وتوویژەکـان دووقۆلـی بـنو داوایـان لیکردیـن بەشداریکردنەکە سنووردار بیتو دیـاری کـراو بیـت. هـەر زوو پیشـنیاریکی عیراقییـەکانمان رەتکـردەوە کـە داوای ئـەوەیان دەکـرد گفتوگۆکـان نوینـەری فەلەستینی تیدا ئامادەبیت. لە٦ی کانونی یەکەمداو لە جموجۆلیکـی حساب بۆکراودا بۆ بیٚ هیزکردنی بیٚ دەنگی دەولی لەسەر بەکارهینانی هیز، سەدام دەسـتی کــرد بــەئازادکردنی ئــەو بیانیانــەی بەبارمتــە لــەعیراقو کویتــدا گرتبوونی و (٢٠٠٠)یان خۆرئاوایی بوون. پاش ئەوەی ئاماژەیەکی چـاوەروان نەکراوی پیدایـن بەمەبەسـتی ئـەوەی وەك کەسـیکی بـەرپرس خـۆی نیشـان

بدات، جاريكى تر سەدام دەستيكردەوە بە فشار خستنە سەرمان بۆ ئەنجامدانى وتويژيكى بەرفراوان سەبارەت مەسەلەكانى رۆژهەلاتى ناوەراست بەمەبەستى گواستنەوەى وتويژكردن لەكويتەوە بۆ فەلەستين كە ئەمە باسيك بوو بەدريژايى ماوەى قەيرانەكە پەناى بۆ دەبرد. سەرلەنوێ داواكەمان رەت كردەوەو تەنها بابەتيك كە رازيبووين قسەى لەسەر بكەين كشانەوەى عيراق بوو لەكويت.

بەتيپەربوونى كات گرژىو ئالۆزى زيادى كرد و بەغداش دەيويست لە ١٢ى كانونى دووەمدا چاوم بەسەدام بكەويت-واتە سێ رۆژ پيش كۆتايى هاتنى مۆلەتەكە. ئەوەبوو ئەو پيشنيارەى ئەوانمان پەسەندكرد كە تارق عەزيز لە ١٧ى كانونى يەكەمدا سەردانى واشنتۆن بكات. بەلام ئەوەمان بەدوور گرت كە سەردانەكەى من لە١٢ى كانونى دووەمدابيت. بۆ ئەوەى نەرمونيانى نيشان بدەين پيشنيارى ئەوەمانكرد مۆلەتى ١٥رۆژى تر دابنريت وەك ئەلتەرناتيڤيك، كەماوەى نيوان ٢٠ى كانوونى يەكەم هەتا سێى كانونى دووەم دەگريتەوە، بە هەموو بۆچوونو بۆنەكانيشەوە كە جەژنى لەدايكبوونيشى تيدەكەويت. ئەمە فيليك بوو، چونكە من ئامادەبووم لەكاتيكى درەنگتريشدا كۆببمەوە گەر ناچار بوينايەو حالەتەكەش وا پيويستى بكردايە. بەلام بەو هيوايە بووم بەيانەكەم فشاريك بخاتە سەر بەغدا.

لە١٤ىكانونى يەكەمدا بۆش رايگەياند كە كۆبوونەوەكە لەگەڵ عەزيزدا دەبەسترێ. سەداميش گرژبوو لەبەر ئەوەى هەولىدابوو گەمە بەو ريكەوتنە بكات. پاشان بەرۆژنامەنووسەكانى راگەياندبوو كە (گەر داواى ليبكريت ئەوا دواى چارەكە سەعاتيك دەتوانيت جۆن كۆنالىو محەمەد

عەلیو تیدهیس ببینیت، بەڵام لەنیوان ٢٠ ی کانونی یەکەمو سێی کانوونی دووەمدا بۆ بینینی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بواری تەنها سەعاتیکیش نییە). رۆژی دوایی سەدام بریاری سەردانی عەزیزی بۆ واشنتۆن بەم جۆرە رەت کردەوە: (گەر وڵاتە یەکگرتووەکان بیەویت کۆبوونەوەکان بۆ دووبارەبوونەوەی بریارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بقۆزیتەوە، ئەوا پیویست بەسەر دانەکەی عەزیز ناکات).

بەدریژایی دوو هەفتەی داهاتوو هەردوولا سووربوون لەسەر هەلویستی خۆیان. لەیەکەم رۆژی سالی تازەشدا بۆش راویژکارە گەورەکانی لەسەر خوانی ئیوارە کۆکردەوە. ئیمە لەسەر ئەوە کۆك بوین کە بیرۆکەی کۆنگرەیەکی باڵا لەنیوان پینج دەولەتە هەمیشە ئەندامەکەدا بیرۆکەیەکی چاك نییە. بەڵام ئەوەی بۆش لە ناوەندە تایبەتییەکانیدا بە دەست پیشخەری(نیشتمانو نیشتمان) وەسفی کردووە، مشتومری زۆری لەسەر نەکرا. لەگەڵ ئەوەدا ئاگاداربووم کەبیرۆکەی تری هەبوو سەبارەت بەناردنی من بۆ بەغدا. پاش نیوەرۆ لەکاتیکدا بۆش تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ پیرۆزبایی کردنی سالی نوێ، پێی راگەیاندم هەست بەنیگەرانی ئەکات لەئەگەری ئەوەی هاوپەیمانەکانمان کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ سەدامدا وا لیك بدەنەوە کە هەولدانیکە بۆ گەیشتن بە سەوداو مامەلەیەك، منیش پیم وت پیویستە لەسەرمان ریگە چارەی گفتوگۆکردن لەگەڵ سەدامدا تا ماوەیەك بهیلینەوە، واتە ماوەی ئەو چەند هەفتە کەمەی مابووەوە بەر لە تەواوبوونی کاتە دیاریکراوەکان. هەستم کرد لەبەر چەند ئامانجیکی ناوخۆیی پیویستە وا سەیرمان بکەن کە زیاد لەپیویست هەوڵ ئەدەین بۆ گەیشتن بەریگا چارەیەکی ئاشتیانە.

ئـەو ناکۆکیانـەی لـەنیوان پیداویسـتییە دەرەکییـەکانو داواکارییـە ناوخۆییەکانماندا هەبوو، سەرلەبەیانی رۆژی دواتر لـەو کۆبوونەوەیـەدا چارەسـەر کـرا کـە مـنو سکوکرۆفت و سـنونوی تیـادا ئامـادبووین و لـە ژووره بچووکەکـەی تەنیشـت کۆشـکی سـپیدا سـازدرا. بـۆش وتـی کۆبوونەوەکەی بەغدا بەدوور دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا رۆژی دواتـر واتـە ٣ی کانوونی دووەم بە ئاشکرا ئامادەیی منی راگەیاند بۆ چاوپیکـەوتنی عــەزیز لــە جنیــڤ، لەیــەکیك لــەم ســێ رۆژەدا٧یان٨یــان٩ی کــانوونی دووەمـداو عـیراقیش رازیبـوو. واتـە لـە ٩یکـانوونی دووەمـدا لـە جنیـڤ چاوم بە عەزیز دەکەویت. بیرۆکـەی کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەدامدا کۆتـی کردم. بەڵام کاتێ بۆ دواجار رامان لەسەر کۆبوونەوەی جنیڤ جیگیربوو وەك چارەسەریکی مامناوەندی، ئیدی تووشی نائومیدی گـەورە نـەبووم. دوای چەند رۆژیك لەپیشنیارەکەی بۆش، لە ٣٠کانوونی یەکەمدا بەندەر تەلەفونی بۆ کردمو پیێ راگەیاندم دەبوایە بەغدا دواهەمین جیگابوایە کە من بیرم لەسەردانی بکردایەتەوەو وتی: (بیگومان تۆ شیت بووی کـە دەچیت بۆ ئەوێ، ئەم پیاوە سڵ لـەوە ناکاتـەوە وەك بارمتـە بتگریـت). من تا ئەو کاتە لەو بروایەدا نـەبووم سـەدام کـاریکی لـەو جـۆرە بکـات. رەنگە سەدام پیاویکی عاقڵ نەبیت، بەڵام تەواو ئەوە دەزانیت کە گرتنی من وەك بارمتە دەبیتەهۆی ئەوپەری تورەییو تۆلە لیکردنەوە لەلایەن وڵاتـە یەکگرتووەکانـەوە. ئـەوەبوو پـاش هەفتەیـەك بۆچوونەکـەی مـن هاتەدی، کاتیك سەدام دەستی کرد بەئازادکردنی ئەو خۆرئاواییانەی بـە بارمتە گرتبوونی. بەندەر بە پلەی یەکـەم داوای ئـەوەی لی ئـەکردم کـە نەچم بۆ بەغدا، چونکـە سـعودییەکان حـەز بـەریگاچارەی مامنـاوەندی

ناکەن کە تیادا سوپای سەدام بەساغو سەلامەتی لیی دەرچیت. بەرای من نیگەرانی ئەو جێی مەترسی نەبوو هیچ رۆلیکیشی لەبریاری چاوپیکەوتنی سەدامدا نەبوو. بەلاّم حەزئەکەم دان بەوەدا بنیم کە حەماسەتی من تارادەیەك بۆ رۆشتن بۆ بەغدا، دوای وتویژکردنم لەگەلّ بەندەردا کەم بووەوە، بەتایبەتی کە روسیش بە هەمان شیوە نیگەران بوو لەو مەسەلەیە. لەبەر رۆشنایی هەولی تیرۆرکردنی بۆش لە کویت سالی ١٩٩٣ کە سەدام پیلانی بۆ دانابوو، رەنگە من متمانەیەکی وەهام دابیت بە سەدام کە زۆر لەوە زیاترە شایەنی بیت.

پاش نیوەرۆی ئەو رۆژەی عیراق رازیبوو لەسەر کۆبوونەوەکەی جنیف، لەگەلّ ئیبریل گلاسبی کۆبوومەوە بۆ ئەوەی پیش کۆبوونەوەکەم لەگەلّ عەزیزدا بیروڕای بزانم. لەکاتی قسەکردنماندا بەسەرهاتی رووداویکی بۆ گیرامەوە کە باس لەو گەشتەی خۆی دەکرد لەگەلّ چەند دیبلۆماتیکی تردا بۆ یەکیك لە بەنداوەکانی باکووری عیراق کردبوویان، لەویدا سەدام قسەی نا بەجیی دەرهەق بەو کریکارە ڤیتنامیانە کردبوو کە کاریان لەدروست کردنی بەندەرەکەدا دەکردو سەدام بەکەسانی گرگنو هیچ لەبارانەبوو وەسفی کردبوون. سەدام بەسەر سورمانەوە وتبووی (ئا ئەمانەبوون کە ئەمریکاییەکانیان تیك شکاند!)، بەدریژایی چەند مانگی کیشەکە چەندین بەلگەی دووبارەوەبووی لەو جۆرەمان هەست پیکرد لەسەر ئەم جۆرە عەقلەییەتەی سەدام، ئەو لەو بروایەدابوو ڤیتنام بە رادەیەك کاری لەرۆحی ئەمریکی کردووە کە ئیتر لە توانایدا نییە جاریکی تر شەربکات.

## کاریکی چاك‌و دەرەنجامیکی ئیجگار خراپ

کاتژمیر ٩ی ئیوارەی رۆژی ٨ی کانوونی دووەم گەیشتمە جنیف شتیکی سروشتییە لە کاتی گەیشتنی وەزیریکی دەرەوەی ئەمریکا بۆ جنیف دوو بالیۆزی ولاتە یەکگرتووەکان کەلەویدا ئیش دەکەن لە پیشوازی ئەودابن، ئەوانیش بالیۆزی ولاتەیەکگرتووەکانە لە سویسراو نوینەری ولاتە یەکگرتووەکانە لە بارەگای ئەورووپای نەتەوەیەکگرتووەکان. لەگەلّ ئەوەشدا نەمان دەویست دەست نیشان کردنی جنیف وەك جیگای کۆبوونەوەکان کەش‌و هەوای دانیشتنەکەمان تیك بدات. لەبەر ئەوە تەلەفونمان بۆ کردن‌و داوام لی کردن نەیەن بۆ فرۆکەخانە بۆ پیشوازی لی کردنم. لەگەلّ گەیشتنم بە میوانخانەی ئینتەر کونتیننتال کۆمەلیك لەوانەی دژی شەربوون لەلای شەقامەکەوە پیشوازییان لی کردم. سویسراییەکان لەریکوپیکی‌و رەفتاریاندا بەم جۆرەن بەئاستیك کارەکە دەگاتە رادەی دیمەنیکی سریالی، ئەم سریالییەتە لە ناوەوەش دەرکەوت، چونکە دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوەی میوانخانەکە بە کۆتریکی گەورەی لە تەختە دروست کراو رازابۆوەو چلە زەیتونیك بەدەنووکییەوەبوو، هەزاران رۆژنامەنووس لەو ناوەبوون و جگە لە گۆرینەوەی پروپاگەندە نەبیت شتیکی تریان نەدەکرد.

لەکاتی خۆئامادەکردنمدا بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، دەمویست توانای ئەوەم هەبیت وا لە تاریق عەزیز بکەم هەست بەبری ئەو مالویرانییە بکات کەشەر بەسەر عیراقدا دەیهینیت. لەبەر ئەوە پیش سێ رۆژ کاتێ لە لەندەن بووم داوام لە هیوارد جریفز کرد کورتەیەك لەو پیلانەی بۆ شەر دامان

نابوو (بەشیوەیەك كە بەنهێنی نەبوو)، ئامادە بكاتو ئامادەبێت لەكاتی كۆبوونەوەكەدا پێشكەشی بكات. داوام لە پنتاگۆنیش كرد كە ٦ وێنەی گیراو بە مانگە دەستكردەكان ئامادەبكات لەسەر ئەو شوێنانەی ئەگەری لێدانی لێدەكرێت لە بەغدا، بۆ ئەوەی لای جریفز بێت لەكاتی كۆبوونەوەكەدا. پێویستە سەركردایەتی عێراقی درك بەوە بكات كە رێگە بەعێراق نادرێت شەڕێكی خویناوی بە وێنەی ئەوەی لەگەڵ ئێراندا كردی بۆ هەشت ساڵ، بەرپا بكات. چونكە هێزەكانی ئیمە ریساكانی شەڕو پێكدادان دیاری دەكەن نەك هێزەكانی ئەوان.

لەگەڵ ئەوەشدا دیك چینی و كۆلن پاول رۆژێك پێش كۆبوونەوەكە چەند بیرۆكەیەكی لابەلایان لەسەر كۆبوونەوەكە هەبوو. ئەوان لەوە نیگەران بوون كە كۆبوونەوەكە بریكی زۆر لە پیلانە تاكتیكییەكانیان ئاشكرا دەكات. پاوڵ بەشیوەیەكی تایبەت لەوەنیگەرانبوو، گەر ئیمە زیادە رەویمان كرد لە قسەكردن سەبارەت بە هێرشە ئاسمانییەكانمان، ئەوا عێراقییەكان خۆیان دەپارێزن و ئەمەش كاروبارەكانمان ئالۆزدەكات بۆ لەناو بردنی هێزە مۆلخواردووەكانی عێراقو دواجار شەڕیش درێژە دەكێشیت. لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو وێنانەمان دراند كە بە ئامێرە تەكنەلۆژییە پێشكەووتووەكان گیرابوون. پێشنیارەكەی جریفز هێندە بەتەنگ مەسەلەكەوە بوو خۆی لەقەرەی ئەو رێگایانە نە ئەدا كە رەنگە هێزەكانمان تیایدا تووشی مەترسی ببن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نووسخە راستكراوەیەی رۆژێك بەر لە كۆبوونەوەكە نیشانیاندا، پوختە كردنێكی لێهاتووانەی تواناو هێزی ئەمریكی بوو. جریفز ئاماژەی دا: (ژمارەیەكی زۆر تانك لەوجێگایانە هەیە كە مووشەكی سكۆدی لێوە دەهاوێژرێو دەتوانین

لەچەند رۆژیکدا هەموویان لەناوبەرین، ئیمە دەزانین کە ١٠هەزار چەکی هیرش بەری زەمینیتان هەیە لە ناوچەکەداو جیگەکانیان پێ دەزانین، ئاگادارین کە ٢١٠٠ تانکتان هەیەو پیویستیشتان بەوە هەیە کە بزانن تانکەکانی ئیمە لە توانایدایە بەسەرکەوتوانە گوللە بهاویژێ لە کاتی جموجۆلکردندا، دەتوانین لە دووری ٢کیلۆمەترەوە نیشانە لە تانکەکانتان بگرینەوەو لەناویشیان بەرین، لەکاتیدا بەخیراییەك دەرۆین کە ٦٠ کیلۆمەترە لە سەعاتیکدا، گەر بڕواش ناکەن چاوەروان بن تابیبینن). پاشان جریفز وتی: (تۆپە دور هاویژەکانمان لە پاپۆرەکاندا لە توانایاندا شوینی کۆبوونەوەی هیزەکانتان تەفروتونا بکات. ئەو مووشەکانەی لە جۆری (تۆماهۆك)ن، نەك تەنها ویران کەرن، بەلکو بەرادەیەك وردە کە دەتوانیت بەشیکی دیاریکراو لە ئەپارتمانێ لەناو جەرگەی بەغدا بپیکێ پاش هاویشتنی لەناو ئەو پاپۆرەوەی کەلەکەنداودایە. باسی ئەوەشی کرد کە چۆن فرۆکە شەبەحەکانمان دەتوانن بچنە قولایی ئاسمانەوە، بێ ئەوەی رادار بتوانێ کەشفیان بکاتو چۆن چەکەکانی ئیمە دەتوانێ تواناکانتان لەناو بەریتو ئیمەش ئامادەین بەکاریان بینین.

★ ★ ★

ئەو قسانە باسکردنیکی وردی توانای هاوپەیمانەکان بوو بۆ سزادانی عیراق. منیش بە جریفزم وت: (لیمان گەرێ با چاوەروان بینو بزانین کاروبار چۆن دەروات، ئەگەر دەرکەوت کە مشتومریکی جدیە، ئەوا رەنگە پیویستی بەو خستنەرووەی ئیوە نەبیت. لەئامادەباشیدا بن). پیلانی من ئەوەبوو ئەوان مامەلەیان چۆن بیت، ئیمەش بەو جۆرە وەلامی تاریق

عەزیز بدەینەوە. گەر بەجۆریکی هیچ لەباردا نەبوو قسەی کردو مەیلی بۆ شەر هەبوو، ئەوا جریفز ئەو کەلینانەی قسەکانی من پردەکاتەوەو ئەگەر دەرکەوت (پۆلیسیکی دلسۆزە) بۆ سەدام، ئەوا موحازەری هەرەشەکردن سەبارەت سەرکەوتنی سەربازی چەند دەرئەنجامیکی پیچەوانەی دەبیت).

لەراستیدا بەهیوای ئەوە بووم عەزیز بیروڕای بگۆری لەئەنجامی ئەوەی لەمنەوە گوییبیستی دەبیت، بەڵام تووشی هیچ خەیالپلاویەك نەبووم.

گریمانەی ئەوەم کرد کە وتوویژەکان سەرکەوتوو نابیتو لەماوەی چەند رۆژیکدا شەرهەلدەگیرسێ. بەشیکی زۆری ئەو بەیانە رەشبینەی لەکۆبوونەوە رۆژنامەوانییەکەی پاش کۆبوونەوەکە خویندمەوە رۆژیك پیش کۆبوونەوەکە ئامادەکرابوو، لیرەدا کەمترین شتیك کە ببیتە هۆی گەشبینی بەدیدەکرا.

لەکاتیکدا دەمویست بخەوم، دەنگیئەو خۆپیشاندەرانە بەکزی دەگەیشتە ژوورەکان کە دروشمیان دژی شەر بەرزکردبۆوە، ئەمە لەکاتیکدا خۆئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو. ئەو کۆمەلەی ئیمە کە پیکهاتبوو لە کارین جرۆمیرو کیم هوجاردو جودی بارینس لەو کۆبوونەوەیەی کە هەتا سەعات ٣ی سەرلەبەیانی خایاندبوو، لەگەڵ عیراقییەکان لەسەر مەسەلەی پرۆتۆکۆڵو قەوارەی ئەو راگەیاندنەی دەخریتە سەر میزی گفتوگۆ ریکەوتبوون. تەنانەت سەرلەبەیانی رۆژی دواتر پیش ئەوەی وتوویژەکانمان دەستپیبکات رووبەرووی تاقیکردنەوەیەکی دیبلۆماتی بوومەوە. شتیکی ئاسایی‌بوو کۆبوونەوەیەکی لەمجۆرە بەتەوقەکردن دەستپیبکەین لەبەردەم کامیرادا، بەڵام من رازی نەبووم بەو تەوقەکردنە.

نەمدەویست تەوقەکردنەکـەم ئامـاژەی ئـەوە بـدات کـە ئەمـە تەنـها کۆبوونەوەیـەکی رۆتینـی تـرە لـەنیوان هـەردوو وەزیرانـی دەرەوەدا. مەسـەلەکە زۆر بـەجدی ئەمـەی تیپـەراندبوو.. تـا ئیسـتاش مـنو عـەزیز دیبلۆماتیەکی قالبووین. نامەوێ هیـچ بەهانەیـەك دروستبکەم تـا هـەندیك بیقۆزنەوە بۆ ئاماژەپیکردنی ئەوەی کـە ئیمـە نامانـەوێ هـەنگاویکی باشـتر بنیـین، لەبەرئـەوە بریـارمدا بێـئـەوەی پیبکـەنم تەوقـەی لەگـەلدا بکـەم، سیمای رقو بیزاری بەئاشکرا دیاربوو.

لەگـەڵ کۆتاییـهاتنی سـاتی وینەگرتنەکـە دانیشـتین بـۆ وتوویژکـردن لـەهۆلی نەتـەوەکان لـەژووری (D) ی میوانخانەکە، عـەزیز لەبەرامبـەرمدا دانیشتو کۆمەلیکی لەتەنیشتەوەبوو کە دیارترینیان بەرزان تکریتـی بـرای سـەدام بـوو لەدایکەوە، بـەرزان سـەرکردایەتی موخابـەراتی گرتەدەسـت تـا سـالی ١٩٨٣ کـاتیك لەبـەر چـەند هۆیـەکی خـیزانی پـەیوەندییان لەگـەڵ سـەدامدا تیکچوو. بۆئـەوەی لـەریی خـۆی دووریبخاتـەوە؛ سـەدام هەسـتا بەدوورخستنەوەی بەرزان بۆ سویسرا وەك نوینـەری هەمیشـەیی لـەبارەگای ئەوروپی نەتەوە یەکگرتووەکان. هیندەی نەبرد بەرزان ئیعتیباری بۆ خـۆی گەراندەوە لەریگەی ریکەوتنیکی نهینییەوە لەگەڵ تـاراندا بـۆ کۆتاییـهینانی جەنگی نیوان عـیراقو ئـیران. بـەرزان بـەدریژایی کۆبوونەوەکە یـەك وشـە چییە نەیوت، بەلام لەریگەی ژمارەیەك لەئەندامانی تیمەکەیـەوە لـەجینـێ چـەند یاداشـتیکی پیگەیشـت. لـەکاتی کۆبوونەوەکـەدا چـەند جـاریك چووەدەرەوە. بوونـی ئەولـەپاڵ عـەزیزدا ئاماژەیـەك بـوو بـەوەی سـەدام راپۆرتیکی تیرو تەسەلی لەسەر کۆبوونەوەکە دەویت، گـەر شـتیك هـەبیت مایەی گومان بیت ئەوا بێ چـەندوچوون دانیشـتنی وەرگیرە تایبەتیەکـەی

سەدام بوو لەپاڵ عەزیزدا، چونکە وەزیری دەرەوە (واتە تاریق عەزیز) خۆی ئینگلیزیەکی تەواو دەزانێ و ئاشکراشە عەزیز بەمەوو لەرینومایییەکان لانادات.

★ ★ ★

وتوویژ دەستپێکردو جەمال هیلالی تازە وەرگیر بۆ زمانی عەرەبی لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، پێم وایە ئەمە یەکەم هەلی ئەو بوو لە وەرگیرانداو گرنگترین هەلیش بوو بۆ ئەو. هیواخوازبووم سەرکەوتووبێت تیایدا، ئەوەبوو سەرکەوتووش بوو. بەبێهیچ گومانیك ئامادەی کۆبوونەوەکە بووم، تەنانەت گەر سەدام حسین پیلانی کشانەوەی لەکویتیش دانابیت، ئەوا عەزیز هیچ روونکردنەوەیەکی تیرو تەسەل لەو بارەیەوە نادات. بەلکو لەبری ئەوە هەلدەستێ بەکردنی چەند پرسیاریکی نابەجێو بەرپەرچدانەوەی قسەکانم بەبەهانەی بێبناغە، چونکە فیلە سەرەتاییەکانی کشانەوە لەگەڵ هەنگاوە فیعلیەکاندا پێویستە دواتر لەریگەی سەدام خۆیەوە رابگەیەنریت. لەبەرئەوە هەولم نەدەدا بۆئەوەی بگەمە پێشنیازیکی دیاریکراو، بەلام ئومیدی ئەوەم دەکرد بگەینە هەنگاویك بەئاراستەی راستیدا، سەربارى پێشبینی نەکردنی شتیکی وا، بەلام ئەو هەنگاوە بەهیچ جۆریك نەنرا.

بەریگەی دایەلۆگی دیبلۆماتی کە زیاتر زەمەن شکۆی پێبەخشیوە، منو عەزیز بەتەعمیمکردن دەستمان پیکردو وتم: (ئەمە کۆبوونەوەیەکی گرنگە، هیوادارم لەو رایەدا لەگەلمدا کۆك بن کە ئیمە وەك نوینەری دوو دەولەت کۆدەبینەوەو هەر دەولەتەش سەروەری خۆی هەیە، سەرباری

جياوازييە جەوهەرييەكانى نيوانمـان. نـابيت ئامانجمـان ئـەوەبيت هەريـەك لەئيمە فشار بخاتە سەر ئەويتر. لەگەڵ ئەوەشدا نـابيت سەرسـام بـن لـەوەى من ليرەم بۆ ريكەوتن لەسەر ئەو بريارانەى نەتەوە يـەكگرتووەكان بريـارى لەسـەرداوە، مـن لـيرەم بـۆ ئـەنجامدانى پـەيوەنديكردنيك كـە تەنـها وتوويژكـردن ناگريتـەوە، بـەلكو گويگرتنيـش دەگريتـەوە. هيـوادارم هـاوراى مـن بيـت لـەو ئـارەزووەى هەمـە بـۆ گويگرتـنو وتوويژكـردن، پاشـان بـەو سيستمە رازى دەبم كە دەتەويت، بەلاّم پيش ئـەوەى بريـارى خـۆت بدەيـت، ريگـەم بـدە نامەيـەكت بدەمـىَ لـە بۆشـەوە بـۆ سـەدامو داوات ليدەكـەم بيدەيتىَ. ئەسلى نامەكە لەزەرفەكەدايەو ئەويش نوسخەيەكيەتى، نامەكەم دەرهيناو لەسەر ميزەكە دامنا).

لەو كۆبوونەوەيەى سەرەتاى سالى تازە بەسـتمان؛ بـۆش بريـارى نـاردنى ئەو نامەيەى دا وەك دواهەولى راستەوخۆ بۆ پەيوەنديكردن بە سـەدامەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا گومـانى ئـەوەمان هـەبوو كـە رەنگـە عـەزيز نامەكـە وەرنـەگريت، بـەمجۆرە بريارمـاندا لەهـەمانكاتدا وينەيـەكى ئـەو نامەيـە بنيرين بۆ بالويزى عيراق لە واشـنتۆن. هـەمووومان كۆكبوويـن لەسـەرئەوەى ئەسلى نامەكە بخەينە زەرفيكى داخراوەوەو وينەيەكى ليبدەين بـە عـەزيز. گەر فرمانى پيكرابيت نامەكـە وەرنـەگريت ئـەوا فشـاريكى زۆرى دەكەويتـە سەر تا بتوانىَ خۆى لەخويندنەوەى وينەكەى بپاريزيت.

وتوويــژ دەسـتپيكرد وتم: (جـەنابى وەزيـر سـوپاس، هيـوادارم ئـــەم كۆبوونەوەيــە كۆبوونەوەيـەكى بەرهـەمدار بيـتو ئـەوەش بـەوە دەبيـت هەريەك لەئيمە گويبيستى ئەوى دى بيت). داوايكـرد كـاتيكى بدەينـىَ بـۆ خويندنـەوەى نامەكـە و پـاش تـەواوبوونى لەخويندنـەوە وتـى: (جـەنابى

وەزیر تۆ باسی ئەوەتکرد ئامانجی کۆبوونەوەکە ئەوە نییە فشار بخەینە سەر یەکتر، نامەکەم خویندەوە پریەتی لەدەستەواژەی هەرەشەئامیز. لەراستیدا جیاوازە لەو شیوازەی سەرانی دەولەتان لەنیو خۆیاندا ئالوویری دەکەن. لەبەرئەوە ناتوانم پەسەندی بکەم. رەنگە بتوانن لەکەنالی راگەیاندنەکانتانەوە بلاوی بکەنەوە، هیوادارم ئەمە نەبیتە هۆی پەکخستنی کۆبوونەوەکەمان. بەدریژایی ماوەی قەیرانەکە ئیمە هیچ وتوویژمان نەکردووە، لەکاتیکدا هەردوو گەلی ئەمریکاییو عیراقی بەرەو رووی یەکبوونەتەوە، بۆیە پیویستە لەهەموو ئەو توانایانە بکۆلریتەوە کە دەبیتە هۆی ریگایەکی ئاشتیانە بۆ هەردوولا).

منیش وەلامم دایەوە: (دەمەوێ ئەوە روونبکەمەوە کە بەهیچ جۆریك ئەم نامەیە بە نەگونجاو دانانیم، ئەم نامەیە گرنگە تا هەر یەکیك لەئیمە بەئاشکرا لەوەی تر تیبگات. ناتوانم زۆرتان لیبکەم بۆئەوەی ئەم نامەیە لەگەڵ خۆتان ببەن، هەولیش نادەم ئەمە بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا پیویستە ئەوە بزانیت رەنگە بلاوی بکەینەوە، رەنگە بلاویشی نەکەینەوە. تۆ تەنها کەسیت لەلایەن خۆتانەوە (واتە عیراقیەکان) کە ناوەرۆکی نامەکە بزانیت. پیدەچیت بەرپرسیاریەکی کوشندە بیت کە مرۆڤ لەئەستۆی بگریت. گەر ئەمە ئەوە بیت کە دەتانەویت، با ببیت). تەزوویەك بەدەستی عەزیزدا هاتو نامەکەی سەرۆكو وینەکەی عەزیزم لەسەر میزەکە وازلیهینا. لەیەکەم پشووداندا داوام لە کارین جرومیزو رون مانزری سەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی کرد، لەجیی خۆی بەجیی بهیلن. وتم: (ئامانجی کۆبوونەوەکەمان ئەوەیە واز لەکویت بهینن، چونکە ئەمە تەنها چارەسەرە پەسەندی بکەین، ئەگەر نەکشینەوە ئەوا خۆمان لەگۆرەپانی شەردا دەبینینەوە. گەر

بەرامبەر هاوپەیمانەکان بچنە شەرەوە، بەدڵنیاییەوە دەیدۆڕینن، ئەم شەڕەش دوورو درێژ نابێت وەك ئەوەی لەگەڵ ئێراندا کردتان. ئێمە بەهەموو شێوازێك لەگەڵتاندا دەجەنگین‌و هەموو جۆرە چەکێك بەکاردەهێنین کە هێزەکانمانی پێ پتەو دەبێت، هەموو ئەو ئامرازانەمان هەیە تا ئێمە سروشتی ئەو جەنگەی پێ دیاری‌بکەین کە هەڵدەگیرسێت، نەك ئێوە).

(ئەمە هەڕەشەکردن نییە، بەڵکو ئاگادارکردنەوەتانە. ڕەنگە ڕەتکردنەوەی هەڵبژێرن یان بڕوا نەکەن بەوەی دەیلێین. بەڵام ئەو بەرپرسیاریەمان لەسەرە تا پێتان ڕابگەیەنین کە هێزەکانمان چەند سیفەتێکی تەکنەلۆژی ئێجگار سەرکەوتوویان هەیە. بۆچوونی ئێمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەگەر جەنگ هەڵگیرسا، بەرای ئێمە ئەوا ڕووبەرووی هێزێکی پێشکەوتووی ماندووکەر دەبنەوە. ڕەنگە لەم ڕایەدا لەگەڵماندا نەبن‌و ڕەتیشی بکەنەوە، هێزەکانمان ئەو توانایەتان لەناودەبات کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەتان هەتانە، بەڵکو توانای سەرپەرشتیکردنی هێزەکانیشتان لەناو دەبات.

ئێمە ناچارین پێتان ڕابگەیەنین کە سستی ڕوونادات، چونکە گەر شەر هەڵگیرسا بەهۆی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە ڕاناگیرێت‌و هیچ بوارێکیش بۆ دانوستان نامێنێتەوە. گەر شەر هەڵایسا ئەوا شەڕێکی گشتگیر دەبێت‌و ئەمە نابێتە ڤێتنامیکی تر،گەر شەر بەرپابوو، ئەوا مەبەستی گەیشتن بەئاکامیکی خێراو یەکلایی کەرەوە دەبێت.

پاشان ئاماژەم بە لایەنی نائاشکرایی مەسەلەکە دا کە تیایدا بەدیاریکراوی کۆلین پاول داوای لیکردم بە ڕوونی‌قسەی لەبارەوە بکەم.

لەوەش ئاگادارم كردنەوە كە ئەگەر چەكی كیمیاویو بایۆلۆژیان بەكارهینا دژی هیزەكانمان، ئەوا گەلی ئەمریكی داوای تۆلەكردنەوە دەكاتو ئیمەش ئامرازەكانی تۆلەكردنەوەمان هەیە. ئەوەی پەیوەندی بەم لایەنەی قسەكانمەوە هەیە ئەوا هەرەشەكردن نییە، بەلكو پەیمانیكە، چونكە ئەگەر چەكیكی لەمجۆرە بەكارهینرا، ئەوا ئامانجمان تەنیا ئازادكردنی كویت نابیت، بەلكو لەناوبردنی ئەم رژیمەی ئیستای بەغدا دەبیتو ئەو كەسەی بەرپرسیارە لەبەكارهینانی ئەو چەكە تووشی لیپرسینەوە دەبیت.

★ ★ ★

بۆش لەكانونی یەكەمدا لە كامپ دیڤید بریاری دابوو باشترین ریگە بۆ بەرگرتن لەبەكارهینانی چەكی كاولكاری لەلایەن عیراقەوە ئەوەیە كە هەرەشەی لەناوبردنی بەعس خۆی بكەین. هەروەها بریاریشیدا گەر عیراقییەكان چەكی كیمیاویان بەكارهینا، ئەوا ئەمریكییەكان بەهەمان چەك تۆلە نەكەنەوەو هیچ پیویستیش ناكات عیراق لەمە ئاگادار بكریتەوە. بەو هیوایەی قەناعەتی ئەوەیان پیبكەم كە پیشبینی ئەوە بكەن شەر چ نەگبەتیەكەو هەر بەمەبەست ئەو بۆچوونەم لەلا دروستكردن كە بەكارهینانی چەكی كیمیاوی بایۆلۆژی لەلایەن عیراقەوە، بەشیوەیەكی حەتمی تۆلەكردنەوەیەكی ئەتۆمی تەكتیكی دەخوازیت. (ئیمە نازانین ئایا ئەمە بوتەهۆی ئەوەی عیراق لەكاتی شەرەكەدا چەكی كیمیاوی بەكارنەهینیت. بەرای من ئەو تەمومژە حساب بۆكراوەی پەیوەندی بەچۆنیتی ئەگەری وەلامدانەوەی ئیمەوە هەبوو، رەنگە بەشیك بووبیت لەو هۆیەی ئەوان چەكەیان بەكارنەهینابیت).

گەیشتمە ئەوەی بلێم: (شەڕکردن هەموو ئەو شتانە لەناودەبات کە هەولتان داوە عیراقی پێ بونیاد بنێن. بەهۆی ئامادەنەبوونتان بۆ کشانەوە لە کوێت ململانێیەك دروست دەبێت کە عێراق دەکاتە وڵاتێکی لاوازو دواکەوتوو). نیگەرانی خۆشم بۆ عەزیز دەربڕی بەوەی عیراقییەکان خەریکن هەلەیەکی تر دەکەن لەحسابکردن دەربارەی سووربوونی ئەمریکاو وتم: (چەند سەرۆکێکی تر هەبوو بەهەلە توانای دیموکراتیانەی ئەمریکایان لێکدایەوەو دواجار باجەکەیان وەرگرت. لەبەرئەوە هەلەی ئەوان دووبارە مەکەنەوە. بەهەلە ئەو دەنگە جیاوازانە تەفسیر مەکەن کە لەناو کۆمەلگەی ئەمریکییەوە گوێتان لێدەبێت، ئێمە خاوەنی بەهێزترین سیستمی فەرمانڕەوایین لەجیهاندا. گەر بواریکمان بۆ نەهێلنەوە ئەوا ئەمریکا یەکدەگرێت بۆ بەرپاکردنی شەڕ).

کاتێك هەولمدا بۆئەوەی ئەم لایەنە تاریکەم بەلایەنێکی رۆشن بگۆڕم، تاریق عەزیز قسەکانی پێبڕیم‌و بەهەڕەشەو گوڕەشەوە کەوتەدوان، منیش لەبەرامبەردا ستایشی ئەو زیرەکیەیم کردو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بیهێنمە پێکەنین کە کارێکی ئاسان نەبوو. وتم: (ئاگادارم لەو نیگەرانیەی هەتانە سەبارەت هێرشکردنە سەرتان لەکاتێکدا پاشەکشێ بکەن یان پاشەکشێ نەکەن، رێگەم بدە راستەوخۆ دلنیایی سەرۆکتان بۆ دووبارەبکەمەوە کە هێرشتان ناکرێتەسەر. لەراستیدا ئەوەم بیردەهێنایەوە کە ئەمریکیەکان لەپشتەوە تەقە لەدوژمنەکانیان ناکەن. قسەکانم بەوە کۆتایی پێهێناو وتم ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین عیراق‌و کوێت بەرێگەیەکی ئاشتیانە کێشەکانیان یەکالأبکەنەوە، بەلام پاش کشانەوەی عیراق. من خۆشحالم کەسەرۆکەکەتان تۆی رەوانەی جنێف کردووە، چونکە ئەمە باشترین دواهەلە بۆ ئاشتی.

# پێرست

* وتەیەك.......................................... ٣
* پێكهێنانی هاوپەیمانی....................... ٥
* هەموو ریگا چارە پێویستەكان............... ٦١
* گەیشتنە ریكەوتنیك لەنیشتمان............. ١٢٧
* باشترین دوا هەل بۆ ئاشتی................... ١٤٩

**سەرچاوەی کتێبەکە بە عەرەبی:**

**مذكرات جيمس بيكر/ سياسة الدبلوماسية**

**ترجمة: مجدى شرشر/ مكتبة مدبولي ــ الطبعة الاولى، ١٩٩٩**